


# لاپەڕە پڕشنگدارەکان

## پێشمەرگە و پێشمەرگایەتی

چەتۆی بەڕانەتی



# لاپەڕە پڕشنگدارەکان

## پێشمەرگەو پێشمەرگایەتی

چەتۆی بەڕانەتی

ناوی کتێب: لاپەڕە پڕشنگدارەکان (پێشمەرگەو پێشمەرگایەتی)
نووسەر: چەتۆی بەڕانەتی
نەخشەسازی بەرگ و ناوەڕۆك : هێرش مەغدید باشە
پێداچوونەوە: نووسەر
سەرپەرشتی چاپ: نەبەز مستەفا
چاپخانە: ئازادی
تیراژ : 500 دانە
چاپی یەکەم 2019

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان-هەرێمی کوردستان**
**ژمارەی سپاردنی( 234 )ی ساڵی 2019 پێدراوە**

**لەسەر ئەرکی ( زیرەك کەمال ) پێشمەرگەی دێرین چاپکراوە**

# پێشەکی

پێشـــمەرگەو پێشـــمەرگایەتی دوو وشـــە و دەســـتەواژەی جـــوان و پڕشـــنگدار و دیـــارن لـــە مـــاوەی ( ٦٠ — ٧٠ ) ســـاڵی ڕابـــردووی گەلەکەمان ، وەك پێناسە و ئەرك بۆ کار و فەرمانێکی خۆبەخشانە لە پێناو ئەرکێکی نەتەوایەتی - چینایەتی ، کەسانێکی هۆشیار و فیداکار بەو پەڕی ئامادەییەوە ئەو پێناسەی پێشمەرگەیان هەڵگرتووە و ئامادەی بەجیهێنانی کار و کردەی پێشمەرگایەتی بوون بۆ بەجێ گەیاندنی پەیام و ئەرکی پیرۆزی سەر شانی خۆیان ، ئەگەر بەجێ هێنانی ئەو ئەرکە باج و موقابیلەکەی گیانی خۆشیان بوبێت .

دەتوانین بڵێین ( پێشمەرگە ) کەسیکی چەکداری هۆشیار و ڕۆشبیر و فیداکارە , باوەڕی بە شێوازی خەباتی چەکداری هەیە , واتە بەشێوازی چەکداری خەبات دەکات لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجە ڕەواکانی گەل و نەتەوەکەی یان چینەکەی بەبێ بەرامبەر .

لەبەر هەندێ هەردوو دەستەواژە ڕێز و خۆشەویستیەکی لە ڕادە بەدەریان هەیە لەلایەن خەڵك ، بەشێوەیەك گەیشتۆتە ڕادەی پیرۆزی و هەردوو وشە بونەتە بەشێك لە پیرۆزیەکانی گەلی کوردستان .

لە مێژووی خەباتی گەلی کوردستان دوو فەترە یان کاتی لێك جیای پێشمەرگایەتی هەن ، بەگشتی پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین ، کە

بە بڕوای من هەتا ڕادەیەکی زۆر جیاوازن لەیەکتر بەتایبەت دوای پێك هێنانی ( بەناو حکومەتی کوردستان ) ، کە بەداخەوە پێشمەرگە و پێشمەرگایەتی گۆڕانی زۆری بەسەر داهات و لەو فیداکار و خەباتکارە خۆبەخشە کرایە چەکداری حیزب و تەنانەت بنەماڵە و شەخس .

دەتوانم بڵێم بەو هۆکارانە و چەندین هۆکاری دیکە خەریکە ئەو خۆشەویستی و پیرۆزیە لەدەست دەدا و دەبێتە هێزێکی ئاسایی و دەکەوێتە ژێر هەیمەنەی حیزب و کەسەکانی ناو حیزب .

لێرە دەمەوێ بڵێم ، چونکە بەندەش لە ساڵانی پێش ڕاپەڕین و تەنانەت ( هەتا ڕادەیەك ) دوای ڕاپەڕینیش شەرەفی پێشمەرگایەتیم بووە و شارەزای هەردوو فەترەکەم و جیاوازیە زەقە ناشیرنەکان دەبینم و ئازار دەکێشم بەو وەزعە نارێك و ناشیرنەی بەسەر پێشمەرگە و پێشمەرگایەتی هێنراوە لە پێناو بەرژەوەندی حیزبی و شەخسی خەریکە لە پیرۆزی و خۆشەویستیەکەی دادەماڵرێ .

لەبەر ئەو شتانە بڕیارم دا ( بەقەدەر ) توانا و هەست و سۆز و خۆشەویستی خۆم بۆ هێشتنەوە و پاراستنی خۆشەویستی و پیرۆزی ناوی پێشمەرگە ( هەر هیچ نەبێ ) بۆ نەوەی دوای ڕاپەڕین و ئاشناکردنیان بە پێشمەرگە و خەبات و فیداکاری و گیانبازیی پێشمەرگایەتی ڕاستەقینەی دوور لە بەرژەوەند خوازی ، چەند بابەتێك لەسەر خەبات و فیداکاری پێشمەرگە و ناساندنی ( پێشمەرگە ) بە مانا و کردار و قوربانیدان و گیانبازی ڕاستەقینەی خۆی ، چەند شتێك بنوسمەوە و

تەواوی خەڵکی کوردستان و بەتایبەت ( نەوەی نوێی دوای ڕاپەڕین ) ی پێ ئاشنا بکەم ، کەدەکرێ بڵێم وەك بەشێکی بچوکن لە ( لاپەڕە گەش و پڕنگ دارەکان ) ی مێژووی گەلی ئێمە .

شایانی باسە ئەو نوسینانە هەمووی پێشتر لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ( فەیسبوك ) لە ماوەی ( دوو ساڵ یان زیاتر ) ی ڕابردوو بڵاوم کردیتەوە و هەوا دارێکی باشی هەبوو و لە زۆربەی کۆمنتەکان داوای زۆرم دەکرا کە بۆ پاراستنیان لە فەوتان لە دوو توێی کتابێك چاپ بکرێ و کونجێکی کتێبخانەی کوردی بگرێ و ( هەتا ڕادەیەك ) ببێتە ئەرشیفێکی ئەو ساڵانی ڕابردووی پێشمەرگایەتی و لە لەبیر چونەوە و شێواندن بپارێزرێن .

ئەوا ئێستا بەهەوڵ و مانوو بوون و هاوکاری ماددی کەسانی دڵسۆز بۆ ئەو ( ڕۆژانەی کە ئەو لاپەڕە گەش و پڕشنگ دارانەیان لی تۆمار کرا) وەك کتابێك دەکەوێتە بەر دەستی خوێنەران .

**چەتۆی بەڕانەتی**

## هاوڕێ چەتۆ شایانی رێزە

هاوڕێ چەتۆ پێشمەرگەیەکی ئازاو چاونەترسی هەشتاکانی حزبی شیوعی بوو، بەشداری دەیان چالاکی پێشمەرگایەتیو جێبەجێکردنی ئەرکی نیشتمانی کردووە. ئەم کتێبە کە باسێکی زۆری یادەوەرییەکانی ئەو پێشمەرگە دێرینەو کۆمەڵێك پێشمەرگەی تریشی لە خۆگرتووە، بەڵگەی ئەوەن کە هاوڕێمان چەند چاونەترسو ماندوونەناس بووە، چەندە بوێرو دڵسۆز بووە. جگە لەوەش هەر کاتێك لەگەڵ هاوڕێ چەتۆ دادەنیشی کۆی قسەکانی باسکردنە لە مێژووی خەباتو تێکۆشانی پێشمەرگایەتیو بەوپەڕی وردیو سەلیقەیەکی فراوان ئەو مێژووەت بۆ باس دەکات.

گرنگی قسەکانی ئەم هاوڕێیە لەوەشدایە کە بۆ باسکردنی هەر رووداوێكو گێڕانەوەی هەر حیکایەتێكو بەسەرهاتێکی ژیانو سەردەمی پێشمەرگایەتی، یەکسەر چەندین بەڵگەی قەناعەتپێکراوت دەداتێ، بەراستی هاوڕێ چەتۆ دەبێت جێگای تەقدیرو رێزی هەموو لایەك بێت، بۆیەش بە ئەرکی سەرشانی خۆمزانی پاڵپشتی سەرسەختنی ئەو پڕۆژەیە بکەم کە خۆی لەو کتێبەدا دەبینێتەوە.

**زیرەك کەمال**

# داستانی بنەباوی

## بۆ ئەوەی راستی ون نەبێ

## حەمەی حەلاق و چۆنیەتی هۆندنەوەی سەربەندی داستانی بنەباوی

## پێشکەش بە روحی پاکی هاوڕێ ( محەمەد حەلاق )



ئەگەر چی گەلی کوردمان زۆر لەمێژە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نەبووە تاکوو ببێتە لەمپەرو حەسارێک لە پێش چاوچنۆکی و شۆڤێنیەتی و تەماحکاری نەتەوە دراوسێکانمان ، کەهەردەم لە هەوڵی سڕینەوە و نەهێشتنی میلەتەکەمان بوینە ، بەدڕندانەترین شێوە ئاگر وئاسنیان بەسەردا باراندوین ، ئەو وڵاتەیان کردۆتە تاقیگەیەکی گەورەی

تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی سەربازی و چەکی کیماوی و بایەلۆجی و.....هتد.

کەچی ئەو گەلە لە بەرامبەر ئەو هەموو شالاوە دڕندانەیەی نەتەوە سەردەستەکان و لە نێوان بەرداشی بەرژەوەندی نێوان هەردوو ( بلۆک )، تاکو ئێستا توانیویەتی سیماو مۆرکی نەتەوایەتی خۆی بپارێزێ .

ئەگەر کەمێک بۆ مێژوو بگەڕێینەوە دەبینین زۆر نەتەوەی دیکە هەبوون و خاوەن دەوڵەت و دەسەڵاتداری خۆیان بوون ، کەچی لە بەرامبەر هێرشی دوژمنەکانیان نەک هەر دەسەڵات داریەکەیان لەدەست داوە بەڵکو سیما و مۆرکی نەتەوەیی خۆشیان لەدەست داوە ، وردە وردە بەرەو لە ناو چوون ڕۆیشتوون یان ئێستا وەک کەمە نەتەوە تەماشا دەکرێن و حیسابیان بۆ دەکرێ .

دیارە لێرە نهێنیەک هەیە لە مانەوەی گەلی کورد بەبێ دەوڵەت بەرامبەر ئەو هەموو شالاوە بەرنامە بۆ داڕێژراو و دڕندانەیە لەلایەن داگیرکەرانی کوردستان ، کە بەڕای من ئەو نهێنیەش ئامادیی بۆ فیدا کاری و خۆبەخت کاری ئەو گەلە لەو پێناوەدا بەدەر نییە .

بۆیە لێرە بە پێویستی دەزانم وەک بەشداربویەک لەسەر ئەو گیانبازییەی کە بۆ ماوەی ( ١١ ) ڕۆژ لەسەر چیای ( بنەباوی ) ڕۆڵەکانی ئەو گەلە لە هێرش و بەرخودانێکی کەم وێنە بوون ، بنوسم و پەردە لەسەر ڕووی ڕاستی و چۆنیەتی ئەنجام دانی ئەو داستانە پڕ لە قارەمانێتیە لابدەم ، بەتایبەت ڕۆڵی بەرچاوی هاوڕێی سەرکردەمان هاوڕێ ( محەمەد حەللاق ) و هاوڕێکانی لەو بۆسە یان کردە سەربازییە گرنگەی

که چەنـد کردارێکـی گرنگـی زانسـتی سـەربازی وەک خۆحەشـاردان ( حجاب ) و ( مباغتە ) و سوڕانەوە( ئیلتفـاف ) بە دەوری هێزی دوژمـن و .......هتد ، کە لەسەرەتای شەڕی ( بنەباوی ) کە هاوڕێ ( محەمەد ) سەرکردایەتی ڕاستەوخۆی ئەو نەبەردییەی دەکرد .

ئەگەرچی ئەو داستانە شتی لە بارە نوسراوە و شایانی ئەوەیە زۆر زیاتریشی لەسەر بنوسرێ بۆ ئەوەی هەمـوو تـاکێکی ئەو کۆمەڵگـایە بە تایبەت نەوەی ئێستا لێی بە ئاگابێن و بزانن کە مانەوەی گەلەکەمان و ئەو دەستکەوتانەی ئەمڕۆمان بەچ پڕ زەحمەتیەک و ماندووبوون و قوربانەیەک بەدەست هاتوون تاوەکو بە ویژدانەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەن و بە ڕێزەوە لێی بڕوانن و بیپارێزن .

بەڵام بەداخەوە نوسـینەوەی زۆربەی ئەوە داسـتانانە بە داسـتانی ( بنەباوی ) شەوە بەرچاوتەنگی حیزبایەتی تەسک بە نوسینەکانەوە دیـارە و ڕوداوەکـان وەک ڕاسـتی ڕوداوەکە و هەر یەک بە ڕۆڵـی خـۆی بەدەریـان نەخسـتوە و نەگێـڕاوەتەوە ، دیـارە ئەوەش پەتـای سـەرەکی ئەو مـیللەتە ستەمدیدەیە کە تـاکو ئێسـتا دوای ڕشتنی دەریـایەک خوێن بە ئامـانجی خۆی نەگەیشتووە کە سەربەخۆییە .

جا بۆ ئەوەی مێژوو نەشێوێندرێ و ڕاستیەکان ون نەبـن و ڕوداوەکـان وەک خـۆی بگێـڕدرێنەوە ، دەمەوێ هەم وەک ئەرکێـک هەم وەک ڕێـز و وەفایەک بـۆ ئەو پـۆلە سـەربازە ونە باسـی ئەو گـورزە جەرگ بـڕەی کە لە دوژمـن درا لە بۆسـەک کە بە کارامەیـەتیی و ئـازایەتی و لێهـاتویی ( هـاوڕێ محەمەد) سـەرکەوتنی بـێ وێـنەی بە دەست هێنـا و بـووە هـۆی

گۆڕینی تای تەرازوی شەڕەکە تا کۆتایی شەڕەکەش کاریگەری بەسەر بەرزی وورەی هێزی پێشمەرگە و جەماوەری ناوچەکە و دابەزینی وورەی دوژمن هەبوو .

ڕۆژێک بەر لە دەستپێکردنی شەڕەکە واتە لە ( ٥ /٩/ ١٩٨٧) بە کارێکی تایبەت چومە لای هاوڕێیانی ( پەلی سماقولی ) کە سەر بە بەتالیۆنی خۆمان واتە ( بەتالیۆنی ٥ ) ,لە ئێوارەی ڕۆژی( 6 \9 کاتژمێر ٩ ی ئێوارە ) ( هاوڕێ محەمەد) لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی لقەکەی خۆیان ( لقی کۆیە کە خۆی سەرلقی ئەو لقە بوو ) هاتە لامان و پێی ڕاگەیاندین کەوا دوژمن هێزێکی زۆری کۆکردۆتەوە نیازی وایە هێرش بۆ ئەو دۆڵە بکات کە لە ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگە دابوو ، ( هاوڕێ محەمەد ) دانیشتنێکی کوورتی لە گەڵ ( هاوڕێ ابو کریم کە ئەو دەم لێپرسراوی مەڵبەندی هەولێری ح.ش.ع بوو کە ئەو کات ئێمە لە ڕیزی ئەو حیزبە بوین ) بڕیاری ئەوەیاندا کە بچنە لای برادەرانی ( ینك ) بۆ ڕاگۆڕینەوەو هاوکاری و چۆنیەتی بەرگری کردن.

( هاوڕێ محمد ) وچەند هاوڕێیەکی دیکە بەو کارە هەڵسان دوای سعات و نیوێک گەڕانەوە پێیان ڕاگەیاندین کەوا ڕێک کەوتوین لەسەر ئەوەی کە چیای ( بەنەباوی ) بکرێتە هێڵی بەرگری یەکەم.

شایانی باسە ئەو بڕیارەی کە چیای ( بنەباوی ) بکرێتە هێلی بەرگری لەسەر پێشنیار ا پێداگری هاوڕێیانی ئێمە ( هاوڕێ محەمەد و هاوڕێ برایمی قەرەجوخ ) بووە ، نەک برادەرانی ( یەکێتی ) لە هەمان کات لە شۆڕشی نوێ ئەوە جاری یەکەم بوو لەو چیا ڕووت و بێ ئاوە

بەرگری و شەڕی بەرەیی بکرێ ، تەنانەت لە دوای داستانی ( سماقولی ١٩٨٠ کە لەلایەن هێزەکـانی حسـک ) ئەنجـام درا ، هـیچ شـەڕ و بەرگریەک لەو ناوچەیە نەکرابوو .

هەر لەگەڵ هاتنەوەی هاوڕێیان لە لای برادەرانی ( ینک ) ئەو دەم و بێ دواکەوتن دەست کرا بە خۆئامادەکردن و ( هاوڕێ محمد ) گەڕایەوە بارەگـای لقـی کۆیە کە لە ( گەلـی کفـری ) بـوو وەک گـوتم ئەو کـات خۆی سەر لقی ئەو لقە بوو پاش ماوەیەکی کەم خۆی و ( ١٤پێشمەرگە ) ی تـر هـاتنەوە لامـان و ئـێمەش لە گەڵ هاوڕێیـانی پەلـی سـماقولی (١٥پێشمەرگە ) ئامادە بووین بە گشتی (٣٠ پێشمەرگە ) بەرێ کەوتین بەو نیازەی هەرچی زوە چەند شوێنئکی گرینگ بگرین چونکە گومان لەوەدا نەمـا کە بەیـانی دوژمـن نیـازی هێـرش کـردنە ، بە تـایبەت دوای ئەوەی هەر ئەو شـەوە بۆردومـانێکی خەستی چیـای ( ئـاوگرد )ی کـرد .

هەرچەنـده ژمارەمـان کەم بـوو بەڵام ئەو هەنگاوەمـان وەک سەرەتایەکی بە پەلە هاوێشت ، بەڵکو هەر هیچ نەبێت بۆ ماوەی( ٤٨ ) کاتژمێرێک بەرگری بکەین تاکو هاوڕێیانی لقەکانی دیکەش دەگەنە ناوچەکە ، چونکە هەموو هاوڕێیان لە سنورەکانی خۆیان لە جەولە بوون بە بیـتەل پەیوەنـدیان پێـوەکرا بـۆ ئەوەی هەرچـی زووتـرە بـگەنە نـاوچەکە .

دوای خـۆ ئامـادەکردن بە پێـی ئەو ڕێککەوتـنەی کە هـاوڕێ ( محەمەد ) لەگەڵیان ڕێککەوتبوو ڕۆیشتین بۆ لای بارەگای مەڵبەندی ( ینک ) بۆ ئەوەی ئەوان بە سەیارەکانیان بمانگەیەننە شوێنی مەبەست کە نزیک لە لوتکەکانی چیای ( بنەباوی ) بوو بەر لە گەیشتنی هێزی

دوژمـن بگەیـنە سـەر چیـا و کـۆنترۆڵی چیـاکە بەگشـتی بکەوێـتە دەسـت هێزی پێشمەرگە .

کە گەیشـتینە ئەوێ سـەیارەکانیان لەوێ نەبـوون دیـاربوو بە کـاری تـایبەت و گەیانـدنی ئەو چەنـد پێشـمەرگەی مەڵبەنـد و بەرگـری میللیەکانیان بۆ شوێنی مەبەست بردبوو ، هەر چەندە گوتیـان چاوەڕوان بـن ئێسـتا سـەیارەکە دێـتەوە ، بەڵام ئـێمە هەرچەنـدە زۆر مانـدوو بـوین و ڕێگایەکەش دوور بوو ، چاوەڕێمان نەکرد و بە پێیان بەرەو شـوێنی مەبەست ڕۆیشتین .

ماوەی (2 سەعات ) ێکی دیکە بە پێیان بە ئاراستەی گونـدی ( سوسـێ ) ڕۆیشـتین ، کـاتی گەیشـتینە نزیـک ئەو گونـدە دونیـا تەواو ڕۆنـاک ببـوەوە ، لەوێ توشـی یەکەم سـەیارە بـووین هەر لە دورەوە ناسـیمان کە لاندکرۆزەرە مۆر ( نیللی ) یەکەی بارەگـای مەڵبەند بـوو ، شـوفێرەکە کاک ( کەمال سێوەکە ) بوو لەگەڵ کاک ( کۆسرەت ) کە بە دیتنمـان زۆر دڵخۆش بوو، دوای ماندوو نەبوون و بەخێرهێنـان، بە هـاوڕێ ( مـحەمەد ) ی گـوت : ( پێشـمەرگەکانمان هەمـوی دابەش کـردووە بـۆ هەر لـوتکەیەک ( ٢ ) پێشـمەرگەمان دانـاوە ، ئەگەر ئێـوەش بچـنە ڕەبیەکـانی پێشەوە زۆر باشە لەبەر ئەوەی زۆر گرنگ و کەسی لێ نیە ) .

شـایانی باسـە ئەو شـوێنەی بـۆ ئـێمەی دەسـت نیشـان کـرد کۆتـا لوتکەکانی چیای ( بنەباوی ) بوو بەلای ڕۆژئاوا کە نزمتـرین لوتکەکـان و نزیکتـــرین ســـەنگەرەکانە لە ســـەر ڕێگـــای دوژمـــن .

کـاک ( کەمـال ) ی لەگەڵ ئـێمە وەک چاوسـاخ ڕەوانە کـرد و

خۆشی لەگەڵ ئەو یەک دوو کەسەی خۆیان گەڕایەوە بۆ لای مەڵبەند کە لە ویوە لەگەڵ ئێمە هاتبوون .

بەر لە ڕۆژهەڵات واتە ( ٧/ ٩/ ١٩٨٧ ) ئێمە گەیشتینە سەر ڕەبیەکانی کە دەڕواننە گوندەکانی ( زیارەت ، سوسێ ) بە داخەوە ناوی لوتکەکان نازانم و بەگومانم لە ناوی گوندەکانیش ، لە بەر ئەوەی تەنها ئەو جارە ئەو ناوچەیەم بینیبوو ، لەوێ بووینە ( سێ دەستە ) یەکەم هاوڕێ ( محەمەد )کە ژمارەیان ( ٨ ) کەس و دووەم هاوڕێ ( ئیبراهیم - بلەی قرەچوخ ) ژمارەیان ( ١٠ ) کەس و سیهەم من بووم کە ژمارەمان ( ١٢ ) کەس بوو ، دابەش بوونەکە بە پێی بەرزی لوتکەکان بوو ، بەرزترینیان هاوڕێ ( محەمەد ) و نزمترین لوتکەش دەستەی ئێمە بوو .

کاتێ ڕۆژ تەواو هەڵات لەو دۆڵە هیچ دیار نەبوو بە دووربین تەماشام کرد لە لوتکەکانی بەرامبەرمان واتە ئەو زنجیرە شاخانەی دەکەونە سەر گوندەکانی ( کێشکێ و ونکە و عەلییاوە ) وابزانم ئەو زنجیرە شاخە ناوی ( ئاوڕێژ ) ە ، هێزێکی یەکجار زۆری دوژمن دیاربوو .

وردە وردە کات دەڕۆی و هەر لە چاوەڕوانی و چاودێری کردنی دۆخەکە بووین ، نزیک سەعات ( 10\5 ی بەیانی ) دوژمن بەژمارەیەکی یەکجار زۆر دەستی بە پێشڕەوی کرد بۆ ئەو دۆڵە کە بە دۆڵی ( ونکە ) ناسراوە ، هێزەکە پێکهاتبوو لە عەسکەری و جاشێکی یەکجار زۆر دەتوانم بڵێم دوایی دیار نەبوو ، لە دوای ئەوان هێزێکی تریش بە گەمان شێوە هاتن و تێپەڕین بەرەو باکور و دەستە چەپی ئێمە ، لە

ڕێگـا لایـان نەدا و تەقەشـیان نەکـرد زیـاتر بەرەو گونـدەکانی ( کـانیبی و قۆرتە لاس ) ڕۆیشتن .

بەو شـیوەیە بە هێزێکـی کەم و چەک و زەخیـرەی کەم و مانـدوو و نەخەوتووی دوێنێ شەو و بێ ئاو و نـان هەر لەسەنگەر و چاوەڕوانی بـووین هەتا کـاتژمێر ( 1\5 ) ی دوای نیـوەڕۆ پێشڕەویەکانی هێزی دوژمنیش هەر بەردەوام بوو .

لە دوای نیوەڕۆیەکی درەنگ مەفرەزەیەکی ( ١٦ ) کەسی کەرتـی ( ٢) تیپـی ( ٨٥ ) بەڕانەتـی ( ینـک ) هـاتنە لامـان و دیـار بـوو بەدەم بـانگەوازی بێتەڵـی خۆیـانەوە و بەپەلەپەل گەیشـتبوونە نـاوچەکە .

لەو کـاتە شـەڕ لە گونـدی ( زیـارەت ) دەسـتی پێکـرد ، کە دیـاربوو هێرش کـرا سـەر ئەو گەلە جاشـەی کە لە بەیـانیەوە چوبـونە نـاو گونـدی ( زیـارەت ) ، بە مـاوەیەکی کەم هێـزەکەی دوژمـن تێکشـکا و بەرەو دواوە کشانەوە .

لە سـعات ( ٣ ی دوای نیـوەڕۆ ) هـاوڕێ ( مـحەمەد ) بە نـامەیەک ئاگاداری کـردم کە ئەو شوێنە تەسلیم بەو ( ١٦ ) کەسـەی ( ینـک ) بـکەم و بگەڕێمەوە لای ئەوان ، کەشـوێنەکەی ئەوان شـوێنێکی زۆر بەرز و چـاک ( مسـیطر ) بـوو بەسـەر نـاوچەکە ، بەپێـی ڕاسپاردەکە شوێنەکەم تەسلیم بەو برادەرانە کرد و چووم بۆ لای ئەوان , دیاربوو هـاوڕێ ( بـرایم ) یـش بە خـۆی و دەستەکەی لەوێ بـوون ، واتە هەمـوو هێـزەکەی ئێمە بەیەکەوە بـووین لەسـەر یەک لە لـوتکە هەرە بەرزەکـانی ( بنەبـاوی ) کە جێـی کـۆنە ڕەبیەکـی عەسکەری کـۆتـایی ساڵانی حەفتایەکـان بـوو ،

شوێنێکی زۆر قایم و گونجاو بوو بۆ شەڕ و بەرگری , بە شێوەیەکی زانستیانیەی سەربازی ئامادە کرابوو .

هەتا ئەو کاتە هیچمان نەخواردبوو ، لە کاتژمێر ( ٤ ) ی عەسر هاوڵاتیەکی ناوچەکە لە ماڵی خۆی هەندێک نان و ئاو و تەماتەی کاڵی بۆ هێناین , دیارە هێنانی ئەو شتانە جگە لەوەی لە ئێوارەوە هیچمان نەخواردبوو جێگای خۆشی و ورە بەرزتربوون بوو، هەرچەندە ئەو دەببانەی ئاوی تێدا هێنابوو هی بەنزین بوو تام بەنزینێکی زۆری دەدا ، بەڵام زۆر بە ناچاری دەمانخواردەوە .

دوای نان خواردن و پشودانێکی کورت بەسەر شوێنە گرنگەکانی ڕەبیەکە دابەش بووین و وەک دامەزرانێک دامەزراین و دوو دوو و سێ سێ دەست لەسەر چەک و ئامادە دانیشتین .

هێزی دوژمن هەر لە هاتن و چوون بوون و شوێنەکانی خۆیان لە بەرامبەر ئێمە بە هێزتر دەکرد و بێ ترس بەسەر ڕێگایەکە هات و چۆیان دەکرد ، ( وەک دەڵێن ) ئەو دیمەنی هات و چوون و بێ منەتیە هەندێک ئیستیفزازی کردم ، لەو کاتەش هاوڕێ ( وەسفی لقی کۆیە ) بە چەکێکی ( ڕەشاش دیکتاریۆف ) ەوە لە تەنیشت من بوو ، بەچەکەکەی ئەو دوو دەستڕێژ تەقەم لە کاروانێکی جاش کرد کە لەسەر ڕێگایەکە دەڕۆیشتن ( کە تا ئەو کاتە هیچ تەقە لە سەر چیای بنەباوی لەلایەن پێشمەرگەوە بەڕوی دوژمن نەکرابوو) ، هاوڕێ ( محەمەد ) گوتی ( ئەوە کێیە تەقە دەکا بۆتەقە دەکەن ؟ کەس تەقە نەکا) منیش هەر بە پێکەنین

گوتم ( هاورێ من بووم ئەو تەقانەم کرد هەر بۆ ئەوەی لە پاشەڕۆژ بڵێم من یەکەم تەقەی شەڕی بنەباویم کرد ) .

ئیتر لەوە بە دوا لە هەردوولا تەقە دەستی پێکرد بەڵام هەر دوور بە دووری ، زیاتر هێزی دوژمن تەقەی لە سەنگەرەکانی ئێمە دەکرد دۆشکا و تۆپ بارینێکی کەمیشی دەست پێکرد بە شێوەیەک بۆ هەموو سەنگەرەکان بە گشتی بەڵام سەنگەرەکەی ئێمە لە هەموان زیاتر ، بەڵام بە هۆی قایمی سەنگەرەکە تەقە و تۆپ بارانەکەش ترسێکی ئەوەتۆی نەبوو لەو کاتە بە دواوە تەقە بۆسەر ڕەبیەی ئێمە دەستی پێکرد ، ئێمەش وەڵاممان دانەوە و ئەوان زیاتر تەقەیان گەرم بوو ، دەکرێ بڵێم یەکەم تەقە لە زنجیرە چیای ( بنەباو ) ی لە خاڵی ئێمە دەستی پێکرد .



**شەهید محەمەد حەلاق**



**چەتۆی بەڕانەتی**



**شەهید برایم ( بلەی قەرەچوغ )**

بەر لە ئێــوارە هــاوڕێ ( مــحەمەد ) منــی ڕاســپارد لەگەڵ ( ٢ ) هــاوڕێ ی دیــکە ( خەســرەو خــانەقینی و هــاوڕێیەکی دیــکە ) بچیــنە بارەگــای ( سوسێ ) بـۆ هێنـانی وەک تەقەمەنـی و خـۆراک ، لە کـاتی ڕۆژئـاوابوون گەیشـتینە ئەوێ و نـان و چایـان بـۆ دانـاین و نـانی ئێوارەمـان لەوێ خوارد و ئیسراحەتێکی باشمان کرد ، ئەوانیش بە زوترین کات هەمـوو شـتەکانیان بـۆ ئامـادە کـردین کە بریتـی بـو لە ( ١٤٠ نـان و چەنـد گـوللە ئـاربیجیەک و نـزیکەی دوو هەزار فیشـەکی جـۆراو جـۆرو چەنـد بۆشـکە ئاوێـک ) ، بە یانی زوو بە سەیارە لە شوێنی خۆمانیـان نزیـک کـردینەوە ، پێداویستیەکانمان گەیانـدە دەسـت هاوڕێیـان ، دوای نـان خواردنی بەیـانیی ( ٨/ ٩ ) هاوڕێ ( محەمەد ) لەگەڵ ( ( ٧-٨ ) هـاوڕێی دیـکە بە نیـازی دەسـت وەشـاندن چـونە خـوارەوە لە نزیـک ڕێگـای هـات و چـۆی دوژمـن دانیشتن .

دوای نـان خـواردن و کەمێـک پشـودان و ڕۆیشـتنی ئەوان هەر لە نـاو ڕەبیەکە لە شـوێنێکی سێبەر لێـی ڕاکشـام ( هەرچەنـدە تـۆپ بـاران و تەقە زۆر بـوو بەڕادەیەک ڕەبیەکەی ئێمە بۆردومـانێکی زۆریشـی لەسـەر بـوو ) بەڵام لێـی خەوتـم چـونکە گومـانم دەکـرد کە ئەوڕۆ توشـی شـەڕ دەبـین و مەجالی خەو و ئیسراحەتمان نابێ .

لە دەروبەری کاتژمێر ( 11\5 ) ی بـەیانی هاوڕێیـان بانگیـان کـردم دیاربوو هاوڕێ نامەیەکی بۆ ناردبووم و لە نـامەکە داوای لـێ کردبـوم کە لەگەڵ ( ٤-٥ ) هـاوڕێی دیـکە بچـمە لایـان بـۆ خـوارەوە ، منـیش ( ٤ )

هاوڕێم لەگەڵ خۆم برد و بۆ لای ئەوان بەرەو سەر ڕێگای هات و چۆی دوژمن شۆڕبوینەوە .

کە چوین دیاربوو هاوڕێ ( محەمەد ) زۆر چاک چاودێری جولەی دوژمنی کردبوو ، نەخشەی بۆسەیەکی چاکی داڕشتبوو ، ئیتر بە پێی ڕێنمایی و فەرمانی ئەو دابەش بووین بەسەر ( ٣ ) دەستە ، یەکەم بەسەرپەرشتی خۆی کە ژمارەمان ( ٤ ) هاوڕێ بوو ، دووەم شەهید ئیبراهیم ( بلەی قەرەچوخ ) ( ٥ ) هاوڕێ بوون ، سیهەم شەهید ( سەعیدە ڕەش ) ( ٤ ) هاوڕێ بوون واتە کۆی گشتیمان ( ١٣ ) پێشمەرگە بووین هاوڕێیانی دیکە هەمووی لەسەر چیا و بەسەر سەری خۆمانەوە بوون .

هەر سێ شوێنە لە ڕاست یەکتر ( نسق ) بوون بەر لەوەی دەست بە دروست کردنی سەنگەر بکەین ، پێشنیارم بۆ هاوڕێ ( محەمەد ) کرد کە ئێمە مەجال هەیە بۆ ( ٤٠ تا ٥٠ ) مەتری دیکە لە ڕێگا نزیک ببینەوە ، یەکسەر هاوڕێ ( محەمەد ) ڕایەکەی پەسەند کرد و چوینە ئەو شوێنەی کە من دەست نیشانم کرد کە دووریمان لە ڕێگای هات و چۆی دوژمن تەنها ( ٩٠- ١٠٠ ) مەترێک دەبوو ، شێوەی بۆسەکەش گۆڕا و شێوەیەکی گەنجاوتری وەرگرت .

لەوێ دەستمان بەسەنگەر دروست کردن کرد و بە گەڵای دار دامانپۆشی کە هەم بۆ خۆ حەشاردان ( شایانی باسە ئەو جۆرە نزیک کەوتنەوە و خۆحەشاردانە لە ڕوی زانستی سەربازی کارێکی گرنگە و کاریگەری دەست وەشاندنەکە زۆر گەورەتر دەکا و بە زمانی سەربازی پێی

دەگوترێ (حجاب ) هەم بۆ سێبەر چونکە زۆر گەرمابوو، وە تەنها نیو مەتارە ئاومان پێبوو بە هەر هەمومان .

کە ئامادە بووین و تەواو خۆمان داپۆشی هاوڕێ ( محەمەد ) فەرمانی دا کە کەس تەقە نەکات هەتا هێزێکی گەورە نەیێ و بە مەرجێک تانک و زرێپۆشی لەگەڵ بێ ، دیاربوو زۆر بەلایەوە گرنگ بوو یەکەم گورزی ئەو شەڕە بە شکاندن یان سوتاندنی زرێپۆش و دەبابە و ئەو بابەتانە بیت .

تاکو کاتژمێر ( 2\5 )ی دوای نیوەڕۆ بەو شێوەیە لە چاوەڕوانی بووین ، چەند جارێک چەند سەیارەیەک دەهاتن و دەچوون ، لێمان نەدان بە پێی بڕیاری فەرماندە .

لەو کاتە هێزێک هات کە نزیکی ( ١٤- ١٥ ) سەیارە دەبوو، ڕێک لەبەردەمی دەستەی ناوەڕاست کە هاوڕێ ( برایم ) سەرپەرشتی دەکرد ، دابەزین ، بە ئیشارەت کردن هاوڕێ ( محەمەد ) ئەوانی تێگەیاند کە لێیان نەدەن چونکە تەنها سەیارەن و ئەوەی ئێمە دەمانەوێ لەگەڵیان نیە واتە زرێپۆش و تانک .

بەڵام هێزەکەی دوژمن یەکسەر دەستیان کرد بە هێرش کردن بۆ سەر ئەو شوێنەی کە لە دوێنێوە بەدەست ئێمەوە بوو، واتە سەر ڕەبیەکە و نەیاندەزانی ئێمە لە بەردەمیان لە بۆسە داین بە شێوەی ( حجاب ) کە زۆر نزیک بوونەوە لە هاوڕێیان بە ناچاری لێیان هاتنە دەست و لەهەر سێ قۆڵەوە لێیان درا بە جۆرێک نەیاندەزانی چۆن و لە کوێوە تەقەیان لێدەکرێ ( شایانی باسە ئەو جۆرە لێدانەش بەزمانی عەسکەری پێی دەگۆترێ ( مباغتە ) کە بەڕادەیەک سەر لە دوژمن دوەوشێنێ ، نازانێ ڕوبکاتە کام

لا ) ، لێدان و تەقەکان بە شێوەیەک بوو وەک دەڵێن توشی شۆک بوون نەیانــدەزانی ڕوبــکەنە کــام لا و تەنــانەت بە تفەنــگ و چەکەکانیـــان ڕانەدەگەیشتن ، نە تەقەیان بۆ دەکرا نە هیچ ، نەیانتوانی هیچ بەرگریەک بکەن و تەنها ڕایان دەکردە پەنای سەیارەکان و خۆیان لێی حەشاردەدا .

بۆ ماوەی نیو سەعات تەنها ئێمە تەقەمان دەکرد و نیشانەکان زۆر باش و نزیک بوون و زۆر بە ئاسانی دەپێکران ، دیمەنێکی زۆر سەیری هەبوو وەک فلیمی سینەمایی دەهاتنە بەر چاو ، ئەو هێز و جەبەروتەی دوژمن بە هەڵاتن ڕانەدەگەیشتن زۆربەیان سەرەتا نەیانتوانی لە پەنای سەیارەکان دووربکەونەوە ، دوایی تاک تاک خۆیان گەیاندە پەنای گرد و لوتکەکانی بەرامبەرمان ، دوای نزیکەی ( ٤٠ دەقیقە ) ئینجا توانیان لە لوتکەکانی نزیک دەست بکەنەوە و تەقەمان لێبکەن .

بێگومان لەو کاتەی ساڵ پوش و پەڵاش وشکە و بە ئاسانی گڕ دەگرێ ، بە جارێک ناوچەکە ئاگری گرت و گڕی ئاگر شاڵاوی بۆ هێنابووین ، بە جۆرێک کە ئێمە دوو کەس لە سەنگەرێک بە نۆرە تەقەمان دەکرد و ئاگرمان لە دەوروبەری خۆمان دەکوژاندەوە ، لەو کاتە من و هاوڕێ ( وەسفی لقی کۆیە ) لە تەنیشت یەکتری بووین ، کاتێک ئاگر زۆر لێم نزیک کەوتەوە بە شێوەیک خەریک بوو جلەکانم بسوتێنێ ناچار بووم بە لقە دارێکی بەگەڵا کەوتمە ئاگر کوژاندنەوە.

لەو کاتە دیمەنێکی سەیر بە شێوەیەک سرنجی ڕاکێشام تەقە و ئاگر و ئەو شتانەم لەبیر کرد ، ئەویش ئەوەبوو لە ناو پوش و پەڵاشە سوتاوەکەی بەردەمم ، بەقەدەر بستێک زەویەکە دەستی بە جولە کرد ، زۆر

لام سەیر بوو بە شێوەیەک باوەڕم بە چاوم نەکرد ، چەند جارێک دەستم بەچاوەکانم داهێنا و وردتر دیقەتم دا شوێنی جولانەوەکە ، خۆڵ و سوتاوەکە هەر دەجولا و زیاتر دەبوو ، لێی چومە پێش و بە لولەی تفەنگەکەم خۆڵەکەم لادا و سەیرم کرد کیسەڵێکی گەورە لەبن ئەو خۆڵەیە دەیەوێ بێتە دەرێ و دیارە گەرمای ئاگرەکە و ترس وای لێکردووە بۆ رزگارکردنی گیانی خۆی لە شوێنەکە دوور بکەوێتەوە کەمێکیش سەر پشتی داخ ببوو ، ئەوەم زۆر لا سەیر بوو کە لەو شوێنە وشک و بێ ئاوە ، کە نزیکترین ئاو بە پێی ئێمەی پێشمەرگە نەک پێی کیسەڵ ماوەی سەعاتە رێیەکە ، ئەو کیسەڵە چۆن لێرە دەژی ؟؟؟؟ دواتر لە خەڵکی ناوچەکە پرسیارم کرد گوتیان ( ئەوە کیسەڵی دێمی پێدەڵێن لە کۆتایی بەهار دەچنة ژێر خاک و تا باران بارین بەو شێوەیە دەمێننەوە ) .

کە ئەوان گەیشتنە سەر لوتکەکانی بەرامبەرمان تەقە لەسەر دەستەی ئێمە زۆر گەرم بوو ، لەو کاتە هاوڕێ ( شۆڕش و کوردەی کۆیە ) کە سەنگەرەکەیان لە سەرەوەی ئێمە بوو ، هاتنە لای ئێمە ، بەو هاتن و جولەی ئەوان یەکجاری شوێنەکەی من و هاوڕێ ( محەمەد ) بۆ دوژمن ئاشکرابوو و تەرکیزی تەقە هەمووی کەوتە سەر ئێمە بە شێوەیەکی زۆر چڕ تەقەیان لێدەکردین , بەهەر شێوەیەک بوو ( شۆڕش ) گەیشتە ناو سەنگەرەکەی ئێمە، لە کاتی جێگۆڕینەوە هاوڕێیەکمان گوللەیەکی بە باسکی ڕاستی کەوت و بریندار بوو کە هاوڕێ ( کوردەی کۆیە ) بوو ، دەکرێ بڵێم یەکەم برینداری شەڕی ( بنەباوی ) ئەو هاورێیە بوو ،بەهەر

حاڵ ئەویش هاتە ناو سەنگەرەکەی ئێمە ئیتر تەقەی سەر ئێمە زۆر خەستتر بوو بەتایبەت چونکە زۆر نزیک و شوێنەکەشمان نزمتر بوو لە هی ئەوان .

پێشـنیارم کـرد کە بچیـنە لای دەسـتەی ناوەڕاسـت ، هـاوڕێ ( مـحەمەد ) یەکسـەر پەسەندی کرد و یەک یەک بەڕێی کردین و خۆی دواکەوت ، پـاش کەمێـک مـن هـاوڕێ ( سـەعیدەڕەش ) بە دوای دا گەڕاینەوە لە بەر دووکەڵی ئاگر  بە زەحمەت یەکترمان دەبینی ، ناچار بە بانگ کردن دۆزیمانەوە و چوینە لای هەر لە سەنگەرەکەی خۆی تەقەی کە لوتکەکـان دەکـرد وەک پاراسـتنی ئـێمە .

کە چـوینە لای هاوڕێیـانی دەسـتەی ناوەڕاسـت دیـار بـوو هاوڕێیـانی دەسـتەکەی دیـکەش هـاتبوونە ئەوێ , دیـاربوو شـوێنێکی گونجـاوتر بـوو پەنایەکی باش و داروباری لێبوو هەتا ڕادەیەکیش بڵند بـوو ، ئێتـر وەزعەکە گـۆڕا بـۆ شـەڕە تەقەی هەتـا ڕادەیەک دوور .

لەبەر چـڕی دوکەڵ دوژمـن نیشـانی پێنەدەهـات هەتـا ڕادەیەک بە ئازادی هـات و چۆمـان دەکرد لەو ڕووەوە ئـاگرەکە بۆ ئێمە سودی هەبـوو ، بەڵام دوژمـن بەردەوام و زۆر بە چـڕی ڕوو لە ئـێمە تەقەیـان دەکـرد ، کە چـوینە سـەرەوە لەبەر گەرمـی ڕۆژی هـاوین و ئـاگرەکە و بـۆنی بـاروت و دوکەڵ تینـوەتی زۆری بـۆ هێنـاین ئەوەنـدە ئـاوەی پێمـان بـوو کە تـەنها نیـو مەتـارە ئـاو دەبـوو ، هـاوڕێ ( مـحەمەد ) هەر یەک تەنهـا یەک سـەرە مەتارە ئاوی داینێ ، تەنها بەشی خۆی نەکرد و ئێمە هەموومان بەو چۆڕە ئـاوە دەم و قوڕگمـان تەڕ بـووەوە  تەنهـا ئەو نەبێـت .

بڕیارمـان دابـوو بەهەر شـێوەیەک بێـت دەبـێ ئەو چەک و سـەیارانە

دەســت بەســەردا بگــرین بــۆیە تەقەمــان کەم کــردەوە و دەســتمان بەو بــڕە تەقەمەنــیەوە گــرت کە لامــان مــابوو دوای کەمێــک هاوڕێیــانی ســەرەوە هەندێک فیشەک و ئاویان بۆ ناردین بە دەستی هاوڕێ ( دیاری کۆیە ) ، لەبەر ئەوەی ڕێگایەکە زۆر ڕووت و بەرامبەر دوژمـن بـوو ، تەقەیەیەکـی یەکجـار زۆریـان لێـی کـرد ، بەر لەوەی بگـاتە لای ئـێمە گـوللەیەک بە باسکی چەپی کەوت کە دەببە ئاوەکەی پێ هەڵگرتبوو ، بریندار بوو بەڵام زۆر ئازایانە گەیشتە لای ئێمە خۆی تێک نەدا و نەمانزانی هەر برینداریش بـووە تـا گـەیشـتە لامـان ، کە ئەو فیشـەک و ئـاوە گەیشـتە لامـان وەزعـمـان باشـــــــتر و دەســـــــــتکەوتەکان مســـــــــۆگەرتر بـــــــــوون .

لەبەر ئەوەی هەنــدێک لە هێــزەکەی دوژمـــن هێشـــتا لە پەنـــای سەیارەکان دابوون ، هاوڕێ ( محەمەد ) بڕیاری بە هاوڕێ ( سەعیدەڕەش ) دا کە بە ( R B.G ) یەکێک لە سەیارەکان بسوتێنێ ، کە ئەو کـارە کـرا و یەک لە سـەیارە گەورەکـان سـوتا ، فلیمەکە دیسـان دووبـارە بـوەوە و هەر بابایە هەڵدەهاتن بۆ ڕزگار بوون ، تەنها ئامر فەوجەکە و شـوفێرەکەی ویسـتیان بە سـەیارە ڕابـکەن بەڵام بۆیـان نەکرا و لە بەرچاومـان پێکـران کە دواتـــــر زانیمـــــان ئـــــامر فەوجەکە بە پـــــلەی نەقیـــــبە .

لەبەر ئەوەی لە یەکێــک لە لوتکەکــانی بەرامبەرمــان قەناســێک هەراسانی کردبووین هاوڕێ ( محەمەد ) بانگی لە هاوڕێی ( B. K.C ) کەی خۆمــان کە هــاوڕێ ( عەبـاس عەفـارۆف ) بـوو کەسـێکی زۆر کارامە و زانا بوو لە بەکارهێنانی ( BKC ) کرد کە لە سەرەوە بوو هەر کە گەیشـتە لامـان یەکسـەر هـاوڕێ ( مـحەمەد ) منـی ڕاسپارد کە لە

شوێنێکی گونجاو سەنگەرێکی بۆ دروست بکەم , بیگومانن لەو شوێنەی دەبوو ئەو سەنگەرەی لێ دروست بکەم هیچ بەردی لێنەبوو ناچار لە شوێنێکی دوورتر دەبوو بەرد بهێنم ، ناچار تفەنگەکەم دانا و جەمەدانیەکەم وەک بەروانکە یان ( بەرامپیل ) لەملم گرێدا و هەرجارەی چەند بەردێکم تێدەکرد و بە ناو تەقە دەمگەیاندە جێ و دەگەڕامەوە ، لەگەڵ هەموو جارەکان قەناسەکە چەند گوللەیەکی بۆ دەهاوێشتم بەڵام چونکەبە خێرایی وشێوە زاکزیک دەهاتم و دەچووم بەرم نەدەکەوت ، بەهەر حاڵ سەنگەرێکی بچوکم بۆ دروست کرد و شوێنی قەناسەکەم بۆ دەست نیشان کرد ، هاوڕێ ( عەباس ) ی نیشان شکێن و کارامە زۆر بە کارامەیی لێی هاتە دەست و بە دوو سێ ڕستە گوللە بێدەنگی کرد .

دوای ئەوەی هاوڕێ ( عەباس ) و چەکەکەی دەست بەکار بوون لە لوتکەکانی بەرامبەرمان ، وەزعەکە لە قازانجی ئێمە گۆڕا و ئێمە زۆر ئازادانە هات و چۆمان دەکرد .

بەم شێوەیە ماینەوە تاکو دەمی ئێوارە ڕۆژ تەواو نزم ببوەوە دەهات ماڵئاوایی لە سەفین و ئاوەگرد بکات سێبەری ئەو لوتکانە تەواو لە خۆیان دوور کەوتبونەوە خۆر زۆر بە میهەرەوە تیشکی زێڕینی خۆی بەسەر لوتکەکاندا دەبەخشی و وردە وردە تاڵی داوی ئەم تیشکە زێڕینەی هەڵدەکردەوە .

ئەم دیمەنە ببوە بارێکی یەکجار قورس بەسەر ورە و دەرونی دوژمنەوە لەگەڵ ئاوابونی ڕۆژ و لێڵ بوونی ئاسۆ پەردەی ڕەشی بێئومێدی زیاتر بەری چاوی تاریک دەکردن وژیان لەبەرچاویان ڕەشتر دەبوو بەڵام هەمان

دیمەن بۆ ئێمە مـوژدەی هەڵاتنـی ڕۆژێکـی نـوێ بـوو ڕۆژ مـۆڵەتی پێداین خۆی لەو تەپۆلکانە بزر کرد .

ئەو چەک و سەیارە و کوژراوانە هەموو لە ژێر کۆنترۆل و چاودێری ئێمە بـوو هاکـا دەمێکـی تـر دەکەونە دەست ئێمە و بە پێچەوانەوە بەکاریـان دەهێنـــین . کـــات دەمە دەمـــی ڕۆژئـــاوا بـــوونە و بڕیامانـــدا دەبـــێ ئەو دەســـتکەوتانە کـۆبکەینەوە ، هـاوڕێ ( مـحەمەد ) پێـنج کەسـی لە ئـێمە دەستنیشان کرد بەسەرپەرشتی هاوڕێ ( برایم ) بچین بۆ ناو سەیارەکان و بیـانهێنین کە (مـن و هـاوڕێ کـامەرانی کـۆیە و هاوکـاری قرەجـوخ و هاوڕێیەکی دیکە ) بوو بەداخەوە ناویم لە یاد نەمایە .

لەو باوەڕەدا بووین دوژمن لەدەوروبەری سەیارەکان خۆیان حەشارداوە و چاوڕوانی دەرفەت دەکەن بۆیە هاوڕێ (برایم ) لە نزیـک سـەیارەکان منـی لە پەنـا دارێـک دانـا بـۆ ئەوەی کە سـەیارەی یەکەم دێنـێ ئەگەر تەقەیـان لێکـــــردین مـــــن پارێزگاریــــان بـــــکەم تــــاکو دەردەچـــــن .

هـــاوڕێ ( بـــرایم ) گەیشـــتە نـــاو ســـەیارەکان و ســـەیارەیەکی ( لاندکرۆزەری سور ) بوو بەکاری خست ( لەو کاتە مـن باوڕم وابـوو ئێسـتا تەقەمـان لێدەکەن ، لەبەرهەنـدێ زۆر بە وریـایی و دەست لەسـەر چەک لە ئامـادەیی بـووم بەرامـبەر هەردوو لـوتکەکەی سـەرمان کە پێشـتر دوژمنـی لێبوو ) و هێنای گەیاندیە لای هـاوڕێ ( مـحەمەد )و بە غـاردان گەڕایەوە بۆ ناو سەیارەکان و ( تویۆتا پیکاب مۆدیل ١٩٨٥ ) هێنا بە هەمان شێوە ، هیچ تەقەیان لێنەکردین و گەیشتینە ئەو بـڕوایەی کە دوژمـن لەم دەوروبەرە نەماوە ئەگەر ماشبێ ورەی تەقەکردنی نەمایە ، بۆیە هەموومان چوینە ناو

سـەیارەکان و دەسـتمان بە کـۆکردنەوەی چەک و کەلوپەلەکـان کـرد بەم شـێوەیە لەو دەوروبەرە ( ٣٥ ) پـارچە چەکمـان کـۆکردەوە ڕەنـگە وردتـر بگەڕابونایە چەکی دیکەشمان دەست بکەوتایە بەڵام هاوڕێ ( محەمەد ) گوتی ( بەسە هیچی دیکە مەگەڕێن مادام تاکو ئێستا هیچ شەهیدمان نەداوە نەوەکـو برینـدارێک یـان کەسـێک لەترسـی خـۆی تەقە بکـات ، سـەرکەوتنی ئەم داسـتانە زیـاتر لەوە دایە لەگەڵ ئەو هەمـوو خەسـارەتە لە دوژمـن و ئەو هەمـوو دەست کەوتە بـۆ ئـێمە بـێ زیـانین و هـیچ شـەهیدمان نیە) .



**شەهید محەمەد حەلاق**



پۆلێك لە پێشمەرگەکانی لقی کۆیە



شەهید محەمەد حەلاق لەگەڵ پۆلێك پێشمەرگە

لەکـاتی کـۆکردنەوی چەک و دەسـت گـرتن بەسـەر تەواوی دەستکەوتەکان ، چەند کێشەیەکمان هاتە پێشێ ، ئەویش یەکیان ئەوە بوو لۆریەکی ( مارسیدس ) کە لەناو سەیارەکان بوو هێشتا هەر ئیشی دەکرد ، بەڵام لە کـاتی دەسـت کـاری کردنـی لەلایەن هـاوڕێیەک سـەیارەکە کوژایەوە ، هەرچەند ئەو هاوڕێیە هەوڵێ دا بۆی بەکار نەخرایەوە و کەسمان نەماندەزانی بە کاری بخەین ، تاکوو هاوڕێ ( ئیبراهیم ) چووە سەری و دەستکاری دوگمەکانی کرد و بەکاری خست و سەیارەی ئامر فەوجەکەش سوکانەکەی قوفل بوو بۆمان نەدەبوەوە تاوەکو تۆپی سوکانەکەمان بە گوللە شکاند ، کە ئەو دوو کێشەیە نزیکەی سەعاتێکی دواخستین .

بەڵام لەوانەش زەحمەت تر ئەوە بوو ژمارەی ئەو هاوڕێیانەی کە شوفێریان دەزانی لە ژمارەی سەیارەکان کەمتر بوو بۆیە بە ناچاری هەندێکمان سوتاندن تەنها ( هەشت ) سەیارەمان هێنا کە بریتی بوون لە ( یەک لاندکرۆزەری سالۆن و دوو لاند کرۆزەری پیکاب و دوو تویوتا پیکاب ١٩٨٥ و یەک لۆری مارسیدس و یەک جێب قیادە و شوفرلێتێک ) .

بەڵام لەو دەستکەوتانە گرنگتر بۆ ئەو کاتی ئێمە ئەوەبوو کە جگەرە و نان و بەفراوی ئامرفەوجەکەمان دەست بەسەرداگرت کە بۆ ئەو کات و ماندووی و تێنوێتی و بێ جگەرەیی ئێمە لە هەموو دەست کەوتەکانی دیکە گرنگتر بوو ، لەگەڵ هەموو ئەو بەڵگەنامە و نەخشانەی ناوچەکە کە سودێکی زۆرمان لەو زانیاریانە بینی کە لەو بەڵگە نامانە هاتبوون .

دەست کەوتەکانمان هەمووی کۆکردەوەو بڕیارماندا بیانگەڕێنینەوە دواوە و دووریان بخەینەوە لە شەڕگەکە و نزیکیان بخەینەوە لە شوێنەکانی بەر دەستی پێشمەرگە ، بەڵام زۆر زەحمەت بوو چونکە ڕاستەوخۆ ڕوو بۆ دواوە هیچ ڕێگایەکی سەیارە نەبوو تەنها دەبوو ڕوەو دەربەندی گۆمەسپان ببینەوە ، ئینجا لابدەین و ڕوو لە سنوری هێزی پێشمەرگە بێین ، واتە سوڕانەوە ( التفاف ) ێکی تەواو بکەین کە ئەویش لە کردەی سەربازی کارێکی قورس و پڕ مەترسی و گرنگە ، لە هەمان کاتدا لەو کات و شوێن بۆ ئێمە زۆر مەترسیدار بوو چونکە ئەو ناوچەیە هەمووی دوژمن تەنیبووی ، بەڵام زیرەکی و شارەزایی و وردبینی و لێهاتوویی هاوڕێ ( محەمەد - حەمەدۆکی ناوچەکە ) بست بەبست و هەموو تولە ڕێگایەکان شارەزا بوو وەک تیشک جەرگی تاریکی دەبڕی .

هەموو هاوڕێیان سواری سەیارەکان بوون تەنها من هاوڕێ (محەمەد) نەبێ کە بە دووری ( ١٠٠-١٥٠مەتر ) لە پێش سەیارەکان دەڕۆیشتین چونکە وەک گوتم ڕێگا پڕ مەترسی بوو ، بەم شێوەیە ( ٢-٣ ) سەعات بەڕێوەبووین بەبێ ئەوەی سەیارەکان چراکانیان داگیرسێنن .

شایانی باسە ئەو ماوە و کاتە زۆرە و پڕ مەترسیە هەردەم هاوڕێ (محەمەد) بە مەسافەیەکی کەم لە پێش منیش دەڕۆیی بە کورتی دەکرێ بڵێم ئەو تاکە کەسی ڕێنیشاندەر و پێشڕەوی ئەو کاروانە بوو ، من هەر وەک پاڵپشتیەک و پارێزەرێکی ئەو لە دوای دەڕۆیشتم .

ئەو ڕێ ڕۆیشتنەی ئەو شەوە بۆ من یەکەم جار بوو لەبەر فەرمان و لەدوای ئەو فەرماندەیە بەشداری کارێکی وا پڕ مەترسی و قورس ئەنجام

بـدەم ، کە ڕەنـگە لە راپەڕانـدنی کـارێکی وا لە هەر کـات و چـرکەیەک ڕوبەروی مەرگ و گیـان لەدەسـت دان بێـتەوە ، بەڵام کە مـاوەیەک بەو شـێوەیە رێمـان کـرد و ورد و جـوان سـەیری هەنگـاو و جـولەی هـاوڕێی سەرکردەم دیت , چەند گورج و گۆڵ چەند وریا و چەند بەبێ هەستی رێی دەکرد و هەموو ئەندامانی لەشی لە ئامادە باشی دابوون بۆ دەست کردنەوە و بەرگـری لە خـۆی و هاوڕێیـانی ، تەواو دڵنیـا بـووم کە بەبـێ کێشـە دەگەینە شوێنی مەبەست و هەموو دوو دڵی و دڵە راوکێ و ترسێکم رەویەوە کە هاوڕێ و سەرکردە و فەرماندەم بەو شێوەیە بینیێ .

زۆر نـاڵێم ئەگەر بڵێم وەک شـاخێک دەهاتە بەرچاوم و هەستم پێی دەکـرد وا کەرتـکە شـاخێکمان لە پێشـە و بە تەواوی پـارێزراوین ، ( لێـرە دەمەوێ دیمەنی ئەو کـاتی هـاوڕێی فەرمانـدە بگێڕمەوە کە هەتـا ئێسـتاش وا لە پێش چاومە) ، کە جار جار لێی نزیک دەکەوتمەوە و جوان لێم بەدیـار دەکەوت ڕۆیشتنەکەیم زۆر لا پەسەند و بە پێی پێویست بوو بە شێوەیەک هـیچ شـوێنێک لە بەدەنـی نەدەجـولا تفەنـگەکەی لە نـاو دسـتی بـوو بەس پێیەکانی لە هەنگاوی مامناوەند دابوون بە بێ ئەوەی چرپە یـان خشـە یـان هیچ دەنگیان لێوە بێ ، ئەگەر تارماییەکەی لەبەر چاوم و هەنگاوەکانیم بە چـاوانم نەدیبـایە ئەوا بە هەست و گویەکـانم هـیچ هەسـتم پێـی نەدەکـرد ، ئەوەی جوان سرنجی ڕادەکێشام تەنها جولەی گوڵینگی بەلەک پێچەکان ( پـوزەوانە ) ەکەی بـوو ، دەنـا هـیچ جـولەیەک جـگە لە تارمـاییەک کە پێشڕەوی ئەو کاروانەی دەکرد هیچی دیکە نەبوو .

بەو شـێوەیە و ئەو مـاوەیە ڕۆیشـتین ، تـا شـەو تەواو ڕاشـکا تەواو لە مەترسی دوژمن دەرباز ببووین بەڵام هێشتا لەبەر تۆپ بـارانکردن و کەشف نەبوونی ڕێگاکە هەر بەبێ چرا دەڕۆیشتین و تـازە ئێمەش سواری سەیارە ببوین .

لەپڕ توشی کۆمەڵێک چەکدار بووین لەسەر ڕێگا و دیسان ئەگەر لەبەر زیرەکی و لێهاتوویی هـاوڕێ ( مـحەمەد ) نەبـوایە توشی کارەسات دەبووین چونکە ئەو چەکدارانە کە سەر بە ( ینک ) بـوون ئێمە بە دوژمـن تێگەیشـتبوون بەو هەمـوو سـەیارەیە کە بە بـێ چـرا دەهـاتین .

بەرەبەیـان گەیشـتینەوە بارەگـا و ئەو کـاتە تـازە هاوڕێیـانی هەرسـێ لـقەکەی بەتـالیۆنی ( ٥ ) لە خـوارەوە گەیشـتبونە جـێ کە بـۆ بەشـداری لەشەڕەکە لە ناوچەی( بەستی شرغە ) ەوە هاتبون .

کە بـۆ بەیـانی هەواڵـی ئەو چـالاکیە بەنـاوی هێزی پێشـمەرگە بـڵاو بـۆوە ورەی خەڵـک و پێشـمەرگەی بە جۆرێـک بەرزکـردەوە کە ئەو هەمـوو هێـزە زۆرە و تەکنەلۆژیـا پێشـکەوتووەی سـەربازی دوژمـن زۆر لەورەی پۆڵاینی پێشمەرگە و چیا نزمتر دەدیت .

بەم شێوەیە هەواڵی ئەو سەرکەوتنە بـووە مـایەی خۆشـحاڵی هەمـوو خەڵک و هێزەکانی ناوچەکە دەستە دەستە دەهـاتن و پیرۆزبایـیان لێدەکردین و لە دوای ئەو چالاکیە سات لەدوای سات زیاتر خۆیان بە هێزی پێشمەرگە گرێدەدا و ئێمەش زیاتر خۆمان بەو نیشتیمانە گرێ دەدا ، چونکە هەر ئەو خۆشەویستی و سۆزە بوو وای کرد کە یازدە ڕۆژ بە هێزیکی زۆر نـابەرابەر

لە ڕووی ژمارە و چەکەوە لەگەڵ دڕندەترین هێزی ناوچەکە بجەنگین و لە تەواوی هێرشەکانی بشکێنرێ .

ئەوەبوو ئەو داستانە زیندوویی و ڕەوایی مەسەلەی میلەتەکەمانی سەلماند کە هەتا بە سەربەخۆیی خۆی نەگا هەموو دەربەندێک لە دوژمن دەبێتە دەربەندی بازیان و هەموو بەردێک دەبێتە بەردە قارەمان و دەتوانم بڵێم ئەگەر وا زوو کۆتایی بە تەمەنی ئەو کەڵە سەرکردەیە نەهێنرابایە شێخێک یان پێشەوایەک یان سەرۆکێکی نەتەوەیی بەرامبەر دوژمنان لەو دەڤەرە پەیدا بایە .

شایانی باسە ئەو چەند دێرە یان نوسینە تەنها باسی ( ٤٨ سەعات)یان دوو ڕۆژی یەکەمی داستانی ( بنەباوی ) یە و یەکەم هێرشی دوژمن و یەکەم گورز و یەکەم شکستی گەورەی دوژمن و یەکەم سەرکەوتنی گەورەی هێزی پێشمەرگەبوو ، دەنا شەڕەکە ماوەی ( ١١ڕۆژ ) ی تەواوی خایاند چەندین ڕووبەروو بونەوەی زۆر گەورە و قورس و بەرگری بێ وێنەی لێکرا بە تایبەت لە ڕۆژی سێیەم بەدواوە کە دوژمن گەیشتە ئەو بڕوایە گرتنی چیای ( بنەباوی ) ئەو پاروە ئاسانە نیە ، ئەوەتا لەسەر دەستی ( ١٣ ) پێشمەرگە توشی ئەو شکستە گەورەیە هاتن کە تای تەرازوی شەرەکەی چۆن لە بەرژەوەندی پێشمەرگە گۆڕی و کاریگەری تا کۆتایی شەڕەکە بەسەر هەردوو لادا مابوو .

وەک ئاماژەم پێکرد لە سێیەم ڕۆژ هێزێکی یەکجار زۆری دوژمن بەرەو شەرگەکە هاتن لە هەمان کات هێزێکی باشی پێشمەرگەش گەیشتنە ناوچەکە و هەموو سەر لوتکەکان پێشمەرگەی بۆ نێردرا و بەتەواوی

کۆنترۆڵی وەزعەکە کرا، بەگشتی ژمارەی پێشمەرگە نزیکەی ( ٤٠٠ چوارسەد ) پێشمەرگەی شەڕکەر لە شەڕگەکە ئامادییان هەبوو.

دەبێ بگوترێ بە نزیکەیی ( ٣٠٠ سێ سەد یان زیاتر ) لەو پێشمەرگانە پێشمەرگەی تیپەکانی ( ٨٥ ی بەڕانەتی و ٨٦ ی دەشتی هەولێر و ٨٧ ی قەرەجوخی مەڵبەندی هەولێری یەکێتی نیشیمانی کوردستان ) و ئەوی دیکە پێشمەرگەکانی ( هەرسێ لقی هەولێر و قەرەجوخ و بەڕانەتی بەتالیۆنی پێنج و لقی کۆیەی حیزبی شیوعی ) بوون لەگەڵ هاوکاریەکی باش لەلایەن هێزی بەرگریی میللی و خەڵکی ناوچەکە .

هەروەها شایانی ئاماژە پێکردنە تەواوی دابین کردنی پێداویستی لۆجستی لە خواردن و پێداویستی چەک و فیشەک لەلایەن (مەڵبەندی هەولێری یەکێتی ) دابین دەکرا ، کە بە شێوەیەکی زۆر ڕێک و پێک و بە پێی پێویستی هەموو شت ئامادە بوو زۆر جاریش هەر بە یەک پەیوەندی کردنی بێتەل هەموو پێویستیەکان دەگەیەنرانە نزیک ڕەبیەکان .

جێی وەبیر هێنانەوەیە ئەو داستانە بە خوێنی ( ١١ ) پێشمەرگەی یەکێتی و ( ١ ) پێشمەرگەی حیزبی شیوعی و برینداربوونی چەند پێشمەرگەی هەردوولا تۆمار کرا .

پێویستە بڵێم لە کۆتایی ڕۆژانی شەڕەکە هێزێکی ( پدک ) هاتنە ناوچەکە بەڵام هەر زوو ( وابزانم ) لە ناو یان نزیک گۆڕستانی گوندی (سماقولی گەلی ) کەوتنە بەر هێرشی فڕۆکە و چەند پێشمەرگەیەکیان شەهید و بریندار بوون ، هەروەها هێزێکی بزوتنەوەی ئیسلامی بارەگایان کە

سـەروچاوە بـوو زوو بارەگایەکەیـان چـۆڵ کـرد و چـونە دیـوی نـازەنین .

لە ڕۆژانـی کۆتـایی شـەڕەکە تەواوی قورسـایی شـەڕەکە لەسـەر ئەو لوتکەیە بوو کە برادەرانی ( تیپی ٨٦ ) دەیانپاراست و شەڕی زۆر قورس و بـیٚ وێـنەی لێکـرا بە شـێوەیەک ڕۆژی شـەهید بـوونی فەرمانـدەکەیان ( دەشـتی موهەنـدیس ) ( پێـنج ) هێرشـی یەک لە دوای یەکـی لیـوای پاسەوانی کۆماری ( لوا حرس جمهوری ) بۆ کرا , کە تـازە لە دەوروبەری بەغداوە بە تایبەت بۆ ئەو شەڕە هاتبوون بە سەرپەرشتی وەزیـری بەرگـری ( عدنان خیرالله ) .

بـۆ زانـین دوژمـن تەواوی هێـزی خـۆی چ زەمینـی چ ئاسـمانیی لەو شەڕە بەکارهێنا ، لە ڕۆژانی کۆتـایی شـەڕەکە فـڕۆکەی جەنگـی بەردەوام لەسەر ئاسمانی شەڕگەکە هەبوو ئەوە کۆپتەر و پیلاتۆس هەر باس ناکریٚ.

لە هەر چـوار لای نـاوچەکە تۆپبـاران و موشـەک بـارانی ( راجمە ) ەی شـەڕگەکە دەکـرا لە هەمـوو سـەربازگەکانی ( گۆمەسـپان ، دێگەڵە ، تـۆبزاوا , ئیـزۆپ ، شـەقڵاوە و سـەرمەیدان ) بە تـۆپی قـورس چیـای ( بنەباوی ) ئاگرباران دەکرا ، وەک زانیمان زیاتر لە ( ٣٨ فوج ) جاش و ( ٢ لیـوا لە فەیلەقـی حەرس جمهـوری و یەکەیەکـی تـایبەتی ئەو فەیـلەقە ) بەشداری شەڕەکە بوون .

*: بنەبـاوی ئەو چیـایەیە کە دەکەوێـتە نێـوان چیـای بـاواجی و چیـای ئـاوەگرد لە ناوچەی کۆیە



بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان شەهید محەمەد حەلاق



چەتۆی بەڕانەتی

# تەحەدی کردنی ( علی حسن المجید )

لە بەهـاری ( ١٩٨٧ ) سـەرکردایەتی ڕژێمـی ئەو کـاتی عێـراق بڕیاری دا بە دەستنیشان کردنی ( علی حەسەن المجید ) بە ( امین سر منطقه الشمالیه ) نیازیان لەو کارە ئەوە بوو کە بتوانن شارەکانی کوردستان بەتەواوی بـخەنە ژێـر کـۆنترۆڵی خۆیـان وەک شـارەکانی دیـکەی عێـراق چونکە ئەوکاتە هێزی پێشمەرگە لەوپەڕی بەهێزی دابوو شارەکانی هەولێر و سلێمانی هەتا ڕادەیەک لەلایەن پێشمەرگە کۆنترۆل کرابوو , تەنانەت ناو جەرگەی شـــاریش ( شـــەوانە ) بـــۆ ڕژێـــم ئەمـــین نەبـــوو.

لە دانیشـتنی یەکەمـی لەگەڵ بەرپـرس و جاشـەکان ( علـی حسـن المجید ) گوتبووی دەبێت ( لەمەودووا هاولاتی عێراقی تەنانەت شەوانەش بتـوانن بە بێجامە و دیشداشـەوە بێن بۆ هاوینەهەوارەکـان ) واتە کـۆنترۆڵی تەواوی ناوشار و ڕێگاوبانەکان دەکەین ، ئەوە بـوو تەرکیـزی تەواوی خستە سـەر هەولێـرو دەوامـی ڕۆژانەی هێنـا هەولێـر بەڵام شـەوانە دەگەڕایەوە کەرکوک سەرەتا بە سەیارە هات و چۆی دەکرد دوای ماوەیەک کردی بە کۆپتەر .

هەرچەنـدە هەوڵـی زۆریـان دا بـۆ ئەو کـارە و هەولێر بـکەنە شـامی شـەریف ( بۆخۆیـان ) بەڵام شـتێکی ئەوتۆیـان بـۆ نەکـرا تەنـانەت دوای

تێکــدانی گونــدەکان و دروســت کردنــی ئۆروگــا زۆەرملێکــانیش .
لەولاوەش هێزی پێشمەرگە گورزی خۆی بەهێزتر دەکرد و چالاکی گەورە و گورچک بڕ دەکرا لەلایەن پێشمەرگە .
یەک لەو چالاکیە گورچک بڕانە کوشتنی سێ ئەفسەری خاڵی پشکنینی ( هەولێر - موسڵ ) بوو لەناوجەرگەی شار و بەڕۆژی ڕوناک بەبەرچاوی خەڵک شایانی باسە لەبەرئەوەی ( ڕاگەیاندی ( حشع ) لاواز و بەپێی پێویست نەبوو ) دوای سێ ڕۆژ ( ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستانی یەکێتی نیشتیمانی کودستان ) وەک چالاکی پێشمەرگەکانی خۆیان و بە ناوی خۆیان بڵاوی کردەوە کە دوورو نزیک پێشمەرگەی ئەوان ئاگاداری ئەو چالاکیە نەبوون ، بە گشتی چالاکیەکە بەوشێوەیە بوو:
لەسەرەتای مانگی (٨ / ١٩٨٧) دوای دەست کەوتنی زانیاری لەسەر ئەوەی کە ( هەموو بەیانیەک چەند ئەفسەرێکی عەسکەری بازگەی ( هەولێر - موسڵ ) بۆ نان خواردنی بەیانی دێنە ناو شار ) , مەفرەزەیەکی چوارکەسیی ( لقی دەشتی هەولێری حشع ) بەفەرماندەیی هاوڕێ ( کرێکار ) و بەشداری هەریەک لە هاوڕێیان ( کۆسرەت ، ڕاستی ، هاوژین ) بەڕێ دەکەون بۆ ئەنجام دانی ئەوکارە و دەچنە گوندی ( نۆغەران ) و شەو لەوێ دەمێننەوە تاکو سەعات ( پێنجی بەیانی ) ، بەڕێدەکەون بەرەولای گوندی ( کانی قرژاڵە ) و لەکاتی دیاری کراوی خۆیان دەگەنە سەر قەبرستانی گوند و لەوێوە دێنە سەر جادەی ( موسڵ - هەولێر ) نزیک ( سەیتەرە ) کە شوێنی کاری ئەو ئەفسەرانەیە لەو کاتە سەیارەی ئەفسەرەکان دێت و دەبینن سێ ئەفسەری تێدایە ( ڕائیدێک و

مــلازم ئەوەلێــک و ملازمێکــی دووەم ) , بەرەو هەولێــر دەڕوات ئەوانــیش بەدوای دادێن بەڕێگای موسل بۆ ناو هەولێر تاکو دەگەنە جادەی ( شەست مەتری ) مەجال وەرناگرن کە دەستیان لێ بوەشێنن ناچار هەر بەدوایان دەبن بۆ (جادەی سایلۆ ) و دواتر جادەی سی مەتری دەگەنە فلکەی پەرلەمانی ئێســتا لەوێــوە بەرەو جــادەی پارێزگــا و جــادەی بــن قەڵات بە ئاراســتەی پێچەوانە ( مخالف ) دەچنە بەر دەم ( گازینۆی مەچکۆ ) لەوێ ڕادەگرن , هاوڕێیــان لەوێ دەیــانەوێ لێیــان بــدەن کە ( بەیانیــان شــوێنی وەســتان ڕۆیشــتنی تەواوی کرێکــارانی شــاری هەولێــر بــوو ) , بەڵام ئەوان دوای وەســتانێکی کــورت دەڕۆن ( دیــارە رایــان دەگــۆڕن ) بەرەو لای ( ئەســواق سورچی ) و لەوێوە بۆ لای ( نقلیات ) و لەپێش خواردنگەکان کەمێک دەوەستن و دیسان دەڕۆن ( هاوڕێیانیش هەر بەدواوەیانن بۆ ئەوەی مەجالێک وەرگرن بۆ لێدانیان ) , بەنـاو گەڕەکـی( تەیـراوە) دێـنەوە بـۆلای پارێزگـاو دەچنەوە جادەی نێوان ( مەچکۆ و دەڵاڵخانە ) و لەبەر دەم ( پاچەی کەریم ) دەوەســتن و هاوڕێیــانیش بەرامەریــان بەلای (قەڵات ) دەوەســتن و بۆیــان دادەبەزن , کە هاوڕێیـــان دەبیـــنن یەکســـەر ( ڕائیـــدەکە ) دەســـت بـــۆ دەمانچەکەی دەبات و هاوڕێیان گورج لێیان دێنە دەست و لە ( ڕائیدەکەو مـــلازم ئەوەلەکە ) دەدەن بەشـــێوەیەک هەرنـــاتوانن دەســـتیش بـــکەنەوە ( ملازمەکەی دیکە ) (جرج ) ئاسا ڕادەکاتە ناو چێشتخانەکە تاڕادەیەک لە چـاوی هاوڕێیـان بـزر دەبێـت , بەڵام هـاوڕێ( هـاوژین) پڵنـگ ئاسـا هەڵمەتـی بـۆ دەبـات و لەنـاو چێشـتخانەکە وەک ئەوانـی دیـکە بەر دەست ڕێژی گوللەی دەدات و دەگەڕێتەوە لای هاورێیان .

بەو شێوەیە هەرسێکیان لەویّ لەتۆڵەی هاوڕێیان و خەڵکی کوردستان وکاول کردنی دێهاتەکان و ڕاگواستنی خەڵکەکەی و وەک ( تەحەدا ) یەکیش بۆ قسەکانی ( علی حسن المجید ) بەڕۆژی ڕوناک و بەبەر چاوی سەدان کرێکارو زەحمەتکێشی ئازار دیدە بەدەستی پیاوانی ڕژێم لە ناوجەرگەی شارو بەبن دیواری پیرە قەڵات ڕوحی هەرسێکیان دەکەنە بەیانی باشێک لەکرێکاران و زەحمەت کێشان بەتایبەتی و هەولێریەکان بەگشتی .

دوای جێبەجێکردنی ئەرکەکەیان هاوڕێیانی دەست وەشێن سواری سەیارەکە دەبنەوە و هاوڕیّ ( کۆسرەت )ی قارەمان (ڕۆستەم ئاسا ) و بەجەرگ و ئازا و تەڕدەست لە هەموو ئەو ئەرکەی پێی دەسپێردرا بەبیّ هیچ شپرزە بوونێک سەیارەکە بە ( بەگ ) دەگەڕێنێتەوە تا بەردەم (کازینۆی مەچکۆ) و لەوێوە هەر بە جادەی بن قەڵات و بە ئاراستەی ( فلکەی باتە ) دەڕوا لەویّ دیسان بە ( بەگ ) دێنەوە سەر جادەی بن قەڵات و بۆ لای پارێزگاو فلکەی پەرلەمانی ئێستا و جادەی سی مەتری و جادەی سایلۆ و شەست مەتری و جادەی موسڵ و بۆ نزیک ( سەیتەرە ) و لەویّ بۆ قەبرستانی کانی قرژاڵە و گوندی نۆغەارن و پەڕینەوە لە جادەی گوێڕ لەو چێشتەنگاوە بۆ گوندی ( دەلوگول کە جاشی هەرکی لێبوو )لەوێوە بۆ گوندی ماستاوە و گەڕانەوە بەسەرکەوتویی و بیّ زیان و یەکگرتنەوە لەگەڵ هاوڕێیان .


شایانی باسە لە مێژوی پێشمەرگایەتی کۆن و نویّ ئەوە یەکەم جار بوو لەو شوێنە و بەو کاتە دەست لە ڕژێم بوەشێنریّ .

دیارە دواى کە ( علی حسن مجید ) کۆبوونەوە بەبەرپرسان دەکات و بەتوڕەیی سەرسوڕمانەوە دەڵێ ( چۆن دەکرێ شیوعیەکان لەو کاتە و لە ناو دڵی هەولێر ئەوکارە ئەنجام بدەن!!!!!!!!!) بەوە زانیبوویان کە پێشمەرگەی حزبی شیوعی ئەو کارەی کردووە چونک هاوڕێیان هەندێک بڵاو کراوەی حزبیــــــــــــــان لەوێ فــــــــــــــــرێ دابــــــــــــــوو.

وەک باسم کرد بەهۆی نەبوونی بێتەل و نەگەیشتنی هەواڵەکە و لاوازی پەخشـــــی ڕادیـــــۆی حـــــزب ئەو نەبەردیە و ئەو تەحەدیە گەورەی هاوڕێیان کردیان ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانی ( ی، ن ، ک ) وەک چـــالاکی خۆیـــان دوای ســـێ چـــوار ڕۆژ خوێنـــدیەوە و گـــوتی ( مەفرەزەیەکی پێشمەرگەکانی ینک ) بەو کارە هەستاون بەبێ دیاری کردنی ناوی مەفرەزەکە

ئەو هاوڕێیـــانەی بەو نەبەردیە هەســـتان ســـێیان ( کرێکـــار ، کۆســـرەت ، هـاوژین ) شەهید بوون و لە ژیاندا نەماون تەنها هـاوڕێ ( ڕاستی ) لە ژیاندا ماوە و ئێستاش هەر پێشمەرگەیە لە بەرەکانی شەڕ لە دژی داعش لە جەنگە.

2017 \2



شەهید هاوژین



**شەهید کۆسرەت شەهید کرێکار**



**هاوڕێ راستی و چەتۆی بەڕانەتی** (شوێنی چالاکییەکە)

# دەست بەسەرداگرتن (اقتحام ) بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆی سلاح الدين

سەرەتا پێم باشە بڵێم ئەو چالاکیە ناودارترین و ناوازەترین چالاکی هێزی ئـێمە بـوو لە تەواوی سـاڵانی خەبـاتی چەکـداریمان بەتـایبەت لە ڕووی چۆنـایەتی (نـوعی) لەبەر چەنـدین هـۆ کە لەدرێـژەی بـابەتەکە بەووردی باسی دەکەم .

لە ئێوارەی ١٩٨٧/١/٢٨ هێزێکی هاوبەشی هەر(سێ لقی دەشتی هەولێر و بەرانەتی و قەرەجوغ بەسەرپەرشتی بەتالیۆن) کە ژمارەی ( چل و پێـنج )پێشـمەرگە بـوو لە بەسـتی شـرغە بەڕێکەوتـین بـۆ (مـرکیە) و بـۆ نانخواردنی ئێوارە چوینە گوندی (دووگردکان )، (هەر بۆ خۆشی شێوەی نان خواردنەکەو قسەکانی دوای ئەو بگێڕمەوە ):

بەڕێکەوت من و ( خاڵە خولە ) بەیەکەوە تەوزیع بووین نـاوی خـاوەن مـاڵم لەیـاد نـیە بەڵام ڕێک ماڵیـان بەپشتی گردەوە بـوو ، پرسـیاریان کـرد ئەگەر پەلە نین با نانی باشتان بۆحازر کەیـن __زۆر جار ئەو پرسـیارە دەکـرا و بێگومـان ئەگەر بمـان گوتبایە پەلەنـین نـانی بـاش و گۆشت حـازر دەکـرا پێشمەرگە خۆشەویستی خەڵک بوو __ ، من هەردەم لە وەڵامی ئەو پرسیارە دەمگوت پەلەین بۆ ئەوەی زەحمەت نەکێشـن و سروسـتی خـۆم ئێسـتاش هەر

وایە هەر خواردنێک بێت لام گرنگ نیە ، گووتم هەرچی حازرە بیهێنن بەڵام (خاڵە خولە) شتێکی وای درکاند خاوەن ماڵ تێگەیشت پەلەمان نیە .

دوای ماوەیەک (ساوار بەگۆشتی مرشیک ) هات و من دوو بەقەدەر (خاڵە خولەم) خوارد ، کە ڕۆیشتین (خاڵە خولە) گوتی (کەسی خاری بەتەمابووی بەنان و ماست ئەو چالاکیە ئەنجام بدەین ؟؟؟؟؟ کاری وا خواردنی باشی دەوێ) .

دوای ئەو قسانە کۆبوینەوە و بەڕێ کەوتین بەرەو ئامانج دێ بەدێ هاتین تا نزیک هەولێر و شوێنی (گەڕەکی ژیانی ئێستا )کە ئەو کاتە چۆل بوو سەیارەکانمان بەجێ هێشت لەگەڵ هەندێ برادەر گەیشتینە ئەو کەندەی پشت (دائیرەی مروور) , سەگی بەرەڵلای زۆر لێبوو بۆمان هاتن و بووبە هەرا بەناچاری هەندێک هاوڕێ بە ئاراستەی جیا ڕۆیشتن و سەگەکان دوایان کەوتن و ئێمەش بەرەو ئامانج کە لە نێوان گەڕەکی ( عداله) ڕاستی و جادەی کەرکوکە ، لە حەفر پەڕینەوە لەگەڵ بارستە خۆڵی (سکەی کۆن ) ڕۆیشتین کە ئێستا شەقامێکی دوو سایدە و بینای ئاسایش و چەند مارکێت و باڵەخانەی لێیە تاگەیشتینە سیمی مەزرەعەکان , ئامادەکاری بۆ بڕینی سیمەکان کرابوو چونکە بەر لەچەند ڕۆژێک هەموویمان ئیستتلاع کردبوو ، هاوڕێیان سیمەکەیان بڕی بەو کەل و پەلە پێویستانەی هێنابوویان لەناو شینایيەکە ڕۆیشتین و سیمی دیکەش هانە ڕێمان بەهەمان شت وابزانم (پێنج سیم )مان بڕی تاگەیشتینە دیواری بەشە نانوخۆییەکان ئەویش هەر سیم بوو بەڵام ئەو خۆی شوێنی چونە ژوورەوەی هەبوو ژمارەی ئەوانەی بۆناو بەشەناوخویی دانرابوو( ٣٠ )پێشمەرگە بوو

(١٥) هاوڕێکەی دیکە ئەرکیان هەرلەلای سەیارکانەوە تاکو دووا سیم بوو ( ڕێک بەرامبەری ئەو ڕەبیەی کە لەپشت بەشە ناخۆییەکە هەبوو شوێنی سەمون خانەکانی ئێستا ),بۆ تەئمین کردنی ڕێی گەڕانەوە بەسەرپەرشتی هاوڕێ (ابو احلام ) ،ئێمە هەر سی کەس بەلای ئەو ڕەبیە تێپەڕین بەبەردەم رووناکی کارەبا بەبێ ئەوەی ئاگادار بنەوە بە بڕوام لەبەر دوو هۆکار هەستیان پێنەکردین یەکەم چالاکی دەست بەسەرداگرتنی بەشە ناوخۆیی قوتابیان و لەناو شار و لەو شوێنە حەساسە کە هەرگیز لەلایەن هێزی پێشمەرگە بەگشتی نەکرابوو لەلایەن هیچ هێزێک چونکە هەردەم ئامانج لەچالاکی پێشمەرگە زەبری عەسکەری بوو لە دوژمن و بەدەست هێنانی چەک و تفاقی عەسکەری بوو کەمتر سیاسی و دەنگ دانەوەی ئیعلامی بوو , دووەم بە ئەسپایی و بە دیسپلین ڕۆیشتنی ئێمە هۆکار بوون بۆ گەیشتنمان بۆ ناو بەشە ناوخۆییەکان ، بەهەر حاڵ بەبێ هیچ کێشەیەک گەیشتینە ناو حەوشەی بەشە ناوخۆییەکە ڕێک وەک ئەوەی بەرنامەی بۆ دانرابوو سەعات( ١٢ )ی شەو بوو بەرپرسی یەکەمی ئەو هێزە هاوڕێ( ملازم هەژار) بوو .

ئیتر دەست کرا بەو کارانەی کە دەبوو بکرێن وەک پاراستن و کۆکردنەوەی هەموو قوتابیەکان لە شوێنێک بۆ خۆناساندن و کوڕ بۆ گێڕان هەرزوو هاوڕێ (هەژار ) (چوار) کەسی نارد بۆ دەرگای سەرەکی بۆ ئاگاداری ڕێگای کەرکوک و پاراستن نەوەک هێزی دوژمن بێت کە هاوڕێ (کرێکار و خەسرەو) دووی دیکە بوون ناویانم لە یاد نەماوە کە ئەو ئەرکە بەبڕوای من سەخت و گرینگ بوو , ئەوانی دیکەش کراین

بەدەستەی بچوک هەر دەستەو (سێ کەس) بۆ کۆکردنەوەو هێنانی قوتابیەکان بۆ گۆڕەپانەکە .

یەکەم سەردەستەی دیاری کرا هاوڕێ (گیڤارا) بوو سەرپشک کرا دوو هاوڕێ بۆ دەستەکەی خۆی دەست نیشان بکات من و هاوڕێ (هەژاری قەرەجوغ ) ی داوا کرد و ڕۆیشتین بۆ ناو بلۆکەکان کە کۆی گشتی (نۆ بلۆک) بوو هەریەکەو (هەشت نۆ ژوور) بوو هەرژورێک (چوار پێنج) قوتابی تێدا بوو هەموویان هی دەرەوەی هولێر بوون بەتایبەت شارەکانی (خوارووی عێراق) وە چەندین( قوتابی فەلەستین و ئوردن و سودان سوریا و میسر و .......هتد)ی , تێدا بوو ،چوینە یەکەم بلۆک کە (ژمارە نۆ ) بوو لەیەکەم ژوور هەستم کرد هاورێ (گیڤارا _ئەو کوڕە ئازاو بەجەرگ وگورج وگۆلە ) خەریکە وەک بڵێی بەشەرمەوە داوا لە قوتابیکان دەکات بۆ شوێنی دیاری کراو بچن کە بەبڕوام لەبەر دوو هۆ بوو یەکەم خۆی لەگەڵ ئازایەتی و بەدەست و بردی گورج وگۆلی هەندێک شەرمن و هەتا بڵێی بەئەدەب بوو دووەم بۆ هەمومان یەکەم جار بوو چالاکی لەو شێوەیە و لەگەڵ قوتابی زانکۆ لەناو بەشی ناوخۆیی و لای ئێمە وەک (حەرەمی زانکۆ ) حیسابی بۆ کراو هاوڕێ (هەژار) ئاگاداری کردینەوە کە توشی هەڵە نەبین و وەک رەبیەی عەسکەری و جاش هەلسوکەوت نەکەین حساب بۆ جولە و قسەی خۆمان بکەین ، بەناچاری من چومە پێش و بە ئوسلوبی جوان و بە ئێوارە باش بە عەرەبی کوردی خۆم دەناساند کە (ئێمە پێشمەرگەی حیزبی شیوعین و دەمانەوێ هەندێ شتتان بۆ ڕوون کەینەوە تکایە برۆنە گۆڕەپانی بەشە ناوخۆییەکە )

, بەو شێوەیە بلۆکەکەی خۆمان تەواو کردو گەڕاینەوە چونکە بلۆکەکان زۆر بوون هاوڕێ هەژار دوو بلۆکی دیکەشی بە ئێمە سپارد و ئەوانیشمان هەر بەو شێوەیە کۆکردەوە بێگومان ئەوە کات و ماندوو بوونی ویست چونکە زۆربەی قوتابیەکان هەر ناوی پێشمەرکەیان نەبیستبوو تەنانەت کە ئەو هەموو چەکدارەیان دیت توشی شۆک بوون و هەر بە زەحمەت دەڕۆیشتنە شوێنی دیاری کراو نەچار پەلی هەندیکیانمان دەگرت و دەمانبردنە ئەو شوێنە هەندێک دەترسان و .... هتد , بەشێوەیەک (قوتابیەکی میسری ) وا شێوا بوو دەگریا و دەلەرزی هەر چەند دلنەواییمان کرد فایدەی نەبوو ناچار ڕێگامان دا بڕواتەوە ژوورەکەی ڕێگای ئەوێشی لێتێکچوبوو بەشێوەیەک بەرەو دیوار ڕۆیشت تا سەری بەردیوار کەوت و بۆلای ئێمە گەڕایەوە دواتر قوتابیەکی کورد دەستی گرت و بردیەوە ژوورەکەی خۆی و هاتەوە .

دەست کرا بە کۆڕ و ڕوون کردەنەوەی وەک دەڵێ سیاسەتی حیزب و ناساندنی سیاسەتی درۆینەی بەعس و ....هتد .

ئەوە ماوەی (سێ سەعات)ی خایاند و ناوی هەندێک لە(اتحادیەکان و بەعسیەکان) لای هاوڕێیان هەبوو دۆزرانەوە و گیران و هەر بۆ ئەوەی خەڵکی وڵاتانی دیکەش بەچاوی خۆیان ببینن وەزعی کودستان و عیراق چۆنە هەندێک (قوتابی ئوردنی فەلەستینی و سوری و سودانی و....هتد ) ,هێنران و دوای (سەعات سێی شەو ) بڕیاری گەڕانەوە درا و ئەو قوتابی بەعسیانەش درانە دەست هاوڕێی دیاریکراو بۆ گەیاندنیان بۆ لای سەیارەکان .

لەو کاتە هاوڕێ (هەژار ) لەمنی پرسی( هاوڕێ کرێکار هاتۆتەوە )گوتم (نازانم) فەرمانی دا بچمە دوای و پێی بڵێم گەڕانەوە دەستی پێکرد .

کە چووم بینیم بەتەنیا لە ناوپرسگەکە بوو پێم سەیر بوو پرسیم (بۆ بەتەنیای ) گوتی (هەرزوو هەرسێ هاوڕێکەی دیکە هاتووەنەتەوە بۆ لای ئێوە من ئەو ماوەیە هەر بە تەنها لێرە بووم) ، زۆر پێم سەیر بوو و سەرسام بووم بە ئیلتیزامی ئەو هاوڕێیە کە ئەو ماوە زۆرە و دوور و بێئاگا لە ئێمە لەو شوێنەی بوی دانراوە جوولەی نەکردووە و چاودێری جادەی کردووە , (باوەڕم وایە تاکو بەیانیش نەچوباینە دووای هەر شوێنی خۆی بەرنەدەدا ئەوەندە خۆڕاگر و بە ئیلتیزام و کوڕێکی قارەمان بوو ) .

کە گەڕاینەوە لای هاوڕێ (هەژار) زۆربەی برادەران و گیراو و دەست بەسەرەکانیان بەڕێ کردبوو ئیدی ئێمەش دەرچووین ، لەکاتی دەرچوونمان و کە گەیشتینە ناو شینایییەکەی پشت بەشە ناوخۆیی و ڕەبیەکە , دیاربوو دەرچوون و گەڕانەوەمان زەحمەت تر بوو لە هاتنە ناو و بەشەناوخۆییەکە ,لەبەر لەگەڵ خۆبردنی قوتابییەکان چونکە دەترسان و جلی خەویان لەبەردابوو وە زۆربەیان نەعل یان پێڵاوی خراپیان لەپێبوو تا ڕادەیەک دەنگە دەنگ و هەڵڵا پەیدا بوو .

لەو کاتە ڕەبیەکە هەندێک تەقەی لێمان کرد وەزعەکە خراپتر بوو پەرشو بڵاویەک ڕوویدا و هەندێک لەگیراوەکان بەهۆی کەمتەرخەمی هاوڕێیانی بەرپرس لێیان و ڕاکەڕاک لێمان دابرابوون و بەجێمان کەبەعسی و فەرمانبەرە بەعسیەکانی بۆ جاسوسی بەسەرقوتابیان دانرابوون لەناو

دابڕاوەکـان بـوون و قوتـاربوون (کە بەبـڕوام ئەگەر بگەیشـتبانایە نـاوچە ئازادکراوەکان دەرباز نەدەبوون چونکە زۆر شتیان لەسەربوو لە بەگرتندان و ئازاردانی قوتابیان ) .

بەهەرحاڵ دەرچوین و گەیشتینەوە لای سەیارەکان نزیکەی (١٢-١٣)قوتابیمان هێنا لە (عێراقی و عەرەبی وڵاتانی دیکە) ئیتر گەڕاینەوە لای( بیستانە و لاجان و هەرەجە) ئیسـراحەتمان کـرد و نـانی نیوەڕۆمـان خوارد .

دوای عەسر لە (گوندی بیستانە) بووین کۆپتەرهاتن و بوبەشەڕی ئێمەو کۆپتەر بەبەرچاوی قوتابیەکان , زۆر لایان سەیر بوو چۆن پێشمەرگە دەتوانێ بەو چەکەسوکانەی دەستی شەڕ لەگەڵ کۆپتەر بکات ؟؟؟ (بە شێوەیەک کۆپتەرەکان لەبەر ئاگری چەکی پێشمەرگە نەیاندەتوانی بێنە سـەر ئاسـمانی گونـدەکە و تەرکیـز بـکەن و پێشـمەرگەش زۆر ئازایـانە و بێباک ڕووبەڕووی دەبوونەوە تەنانەت هەندێ هاوڕێ بەشێوەی گاڵتە ئامێز لەخانوەکان دەهاتنە دەرو بە پێکەنین و هات و هاوار تەقەیان لەکۆپتەرەکان دەکـرد _ بەتـایبەت دیمەنـی ( هـاوڕێ تانیـاز)م لەبەر چاوە وەک گـاڵتە پێکردن تەقەی بۆ کۆپتەرەکان دەکرد و لەناو خانوەکان دەهاتە دەر تەنانەت چەند جارێک گولەی کۆپتەرەکان لەدەورو بەری دەدا پێدەکەنی و دەیگوت (کورە ئەوە هەر بەڕاستی تەقەم لێدەکەن و پێدەکەنی ) , بۆ زانیاری هەر چەند جاری کۆپتەر بهاتایە ماوەی نزیکەی سەعات و چارەکێک دەمایەوە بەو شێوەی باسم کرد ...

ماوەی چەند ڕۆژێک ئەو قوتابیانە لامان مانەوە ئەو دیمەنە دووبارە و سێبارە دەبۆوە ، ئەو چالاکیە حکومەتی توشی هیستیریا کردبوو بەردەوام کۆپتەردەهات کات و ساتی نەبوو هەوڵی تۆڵەیان دەدا تەقەیان لەدارو بەرد دەکرد خۆشیەکەی ئەوەبوو هەموو ئەو فلیمە لەبەرچاوی ئەو قوتابیانە بوو کە وەک وتم عیراقی ، سوری ، فەلەستینی ، ئوردونی ، سودانی ......هتد ڕووی دەدا کە هیچیان ناوی پێشمەرگەیان نەدەزانی بەتایبەت عیراقیەکان لەڕێگای (ئیعلامی بەعس ) وەزعی عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەت دەشێوێنرا تەنانەت قوتابیەکان گوتیان ( ئێمە لە دانیشتنی حیزبی پرسیومانە ئەو کۆپتەرانە چین و بۆ کوێ دەچن هەموو ڕۆژ جەند جارێک وەڵامیان دابوونەوە گوایا ئەوە دەچن داو دەرمان و پێویستی بۆ گوندە دورە دەستەکان دەبەن بەڵام ئەو دیتمان بۆچی دێن و چی دەکەن ) .

دوای یەک دوو ڕۆژ (ئوردونی و فەلەستین )یەکان بەردران بەڵام ( سودانی )ەکە کە ناوی (حوسام) بوو (لەسەر داوای خۆی ) مایەوە ( کەسێکی زۆر ڕۆشنبیر و هۆشیار بوو ئەندامی حیزبی شیوعی سودانی بوو کوڕی خوشکی وەزیری زراعەی سودان ) بوو گوتی (من بمێنمەوە باشە برادەرەکانم لەمەسەلەکە بێدەنگ نابن و مانەوەی من دەنگ دانەوەی باشی دەبێت ) , بۆ ئەوە وابوو خاڵی هات بۆ عیراق بەڵام لەئیعلام وەک زیارەتێکی ئاسایی وەزیرێکی وڵاتێک بووە , وە لەڕێگای رادیۆ خۆی گوتی ( لەخەرتووم بۆئەو مەسەلەیە خۆپیشاندان کراوە) ماوەی (دە بۆ دوازدە ڕۆژ ) لامان مایەوە هەمو وەزعەکانی بەچاوی خۆی دیت هەر

لەتێکدانی گوند و سوتاندن و .......هتد ، دواتر بەڕێکرایەوە بۆ هەولێر ، ئەوانی دیکەش یەکیان موسڵاوی ناوی بوو ( علی جواد کازم )بوو دوان خەڵکی بەغدابوون بەناوی (ادهام ) (انمار ) بەداخەوە ناووی ئەوانی دیکەم لەیاد نەماوە ئەوانیش هەموو بەردران بەڵام دوای ئەوەی تەواو شارەزای وەزعەکە بوون و پێشمەرگە و هێزی پێشمەرگەیان دیت ، جارێکیان (ادهام)بەدزیەوە گوتی (سەید رەخیس مەبەستی سەدام بوو دەڵێ کاکە جگەرەی لەف دەکێشن ئەوە گیفارا ڕۆسمەن دەکێشی ), واتە شێوەیەکی زۆر ناشیرنیان هەبوو لەسەر کورد بەگشتی و دیتیان هەمووی درۆیە تەنانەت موسڵاویەکە داوای (پێنج دینار) قەردی لەمن کرد چونکە من زۆر ئاگام لێیان بوو (دە دینارم) پێیدا بەقەرد ئەوە تا ئێستاش هەر قەردە لای .

بەگشتی ئەو چالاکیە لە ڕووی ناوەرۆک زۆر گەورە و گرینگ بوو وەک پێشتر باسم کرد ئەگەر هەندێک هەڵەی هونەری ڕووینەدابا دەسەوکەوتی باشتریشی دەبوو , هەڵەی گەورەی ڕۆژی پێنج شەم بوو زۆر لە قوتابیە بەعسیەکان ڕۆیشتبوونەوە وە هەندێکیشیان وەک گوتم بەهۆی کەم تەرخەمی هاوڕێیان لەدەستمان دەربازبوون....

لەکۆتایی داوای بووردن دەکەم لەکەم و کوڕی بەهیوام هەر هاوڕێیەک شتێکی زیادەی هەیە بینوسێ بۆ ئەوەی بابەتەکە دەوڵەمەند تر بێت و دەوری هەموان بەوردی بنوسرێتەوە .



هاوڕێ ملازم هەژار هاوڕێ کفاح



پۆلێك پێشمەرگە لە ناویاندا (شەهید هیوا شەهید تانیاز)

# گرتن و هێنانی ئەفسەرێکی (حەرەس جمهوری)

هەر چەنــدە بڕیــار بــوو ئەو چالاکییــانەی خــۆم بەشــداربووم لێیــان بیاننوســمەوە بەڵام هەنــدێک چــالاکی بەلای مــن لە ڕووی چەنــدایەتی و چۆنایەتی گرنگن و بەباشی دەزانم لە بارەیانەوە بنوسرێ .

لەوان گرتن و هێنان و دربازکردنی ( ئەفسەرێکی حەرەسی جمهوری )ە کە لەلایەن چەند هاوڕێیەکی ئازاو بەجەرگ ، بە شێوەیەکی گیانبازی ئەنجام درا .

لەسەرەتای مانگی (١٠/١٩٨٧) دوو هاوڕێ کەسەر بە پەلی بەتالیۆن بوون ( شەماڵ و ئاکۆ ) دوای گفت و گۆ لەنێوان خۆیان بڕیار دەدەن چالاکیەک بکەن ،ئەو کاتە جادەی (کۆیە و کەرکوک و مەخمور و گوێڕ ) کاری ئەوتۆی لێنەدەکرا چونکە هەردەم مەفرەزەکانمان جوولەیان هەبوو لەدەورو بەری ئەو ڕێگایانە بۆیە لەسەر پێشنیاری (شەماڵ ) بڕیار دەدەن بچنە ناو شاری (موسڵ ) دیارە (شەماڵ) کەمێک شارەزای ئەولای هەبووە ،ئەو کاتە هاوڕێیانی (بەتالیۆن) سەیارەیەکی (سوپەر) یان هەبوو کە ماوەی چەند مانگێک دەبوو گیرابوو هی موستەشارێک بوو سەیارە بێ ڕەقەم و جامی پشتەوەی نەبوو شوێنی چەند گولەیەکیشی پێوەبوو ،ئەو

سەیارە پڕ عەیب و عارە دەهێنن و دێنە ناوچەی شەمامک بەڵام دوو کەس بۆ ئەو کارە نابێت بەلانی کەم سێ یان چوار کەسێ پێویستە ، داوا لە هاوڕێ ( عەولا پۆلا )دەکەن بەشدار بیت لەگەڵیان, ڕازی دەبێت هەرچەندە ئەو کادر بوو کاری ئەو عەسکەری نەبوو هاوڕێ کادرەکانیش لەوە ئاگاداری دەکەنەوە بەڵام ئەو لەگەڵیان دەچێت .

بەهەرحاڵ هەر(سێ پێشمەرگە بەسەیارەی سوپەری سۆری پڕ عەیب) بەڕێ دەکەون بەرەو لای موسڵ بەڕێگای کۆن سەرەتا دەچنە لای گوندی چاڵوک و بەرەو کەڵەکی یاسین ئاغا کە دەگەنە سەرجادە و سەیارە خێرا دەڕوا هەرچی تۆزی چەند مانگەی بەستی شرغەیە لەسەیارە دەردەچێ وەک گەردەلوول کە ئەوە خۆی لەخۆیدا شوبهە پەیدا دەکات لای هەموو کەس ئەوسەیارەیە و ئەو هەموو تۆزە چیە ؟؟؟.

بەهەر حاڵ ئەوان گوێ بەوەش نادەن و دەگەنە ناوچەی (خازر) و لەجسری خازر دەپەڕنەوە ، لە ڕێگا هاوڕێ (ئاکۆ) پێشنیار دەکات باشترە بەو سەیارەیە نەچینە موسڵ چونکە بێشک کەشف دەبن باشترە بچینە لای (بەرتلە و حەمدانیە ) و بزانین شتێکیان دەست بکەوێ ئەوانیش رایەکەی پەسند دەکەن و سەرەتا دەچنە ناو (بەرتلە )و دەچنە بانزینخانە بۆ تێکردنی بانزین لەوێ دەبینن وا (ئەفسەرێکی حەرەسی جمهوری ) بەنزین وردەگرێ چاوی دەخەنە سەر و دەیکەنە ئامانجی خۆیان ، ئەو بەنزین وەردەگرێ و دەڕوا ، ئەوانیش دوای وەرگرتنی بەنزین بەدوای دادەچن و ئەو بەرەو (حەمدانیە ) دەڕوات ئەوانیش دوای دەکەون لەنزیک ( حەمدانیە ) دەشکێننە سەری بەشێوەیەک نەتوانێ دەرباز بێت یەکسەر ( ئاکۆ و عولا

پۆڵا ) بۆی دادەبەزن و بەزەبری تفەنگ چەکی دەکەن و بەسەیارەکەی خۆیەوە دەسگیری دەکەن و (شەماڵ) بەپێش دەکەوێ و ئەوان بە دەست و دیاریەوە بە دوای دێنەوە بەرەو (خازر و کەڵەک) و هەر بەسەر جادەی کۆن بۆ (چاڵوک) و دواتر دێنە( نۆغەران) لەوێ کاتی نیوەڕۆ دەبێت نان دەخۆن و دەمێننەوە تاکو ئێوارە کە شوێنێکی نزیکە جادە و خەتەر بووە بەڵام ناچار بوون چونکە پەڕینەوە بەڕۆژ لە جادەی (گوێڕ) ئەستەم بوو تەنانەت بۆشەویش , چونکە ئەوان خۆیان سێ پێشمەرگە بوون دوو سەیارە و ئەفسەرێکیان پێبوو لە شانسی ئەوان دوو هاوڕێ لەو کاتە لەوێ ئیجازە دەبن (ئاوارە و ڕێباز ) داوایان لێدەکەن یارمەتیان بدەن و لەگەڵ ئەوان بگەڕێنەوە و بەتایبەت بۆ پەڕینەوە لەجادە , ڕازی دەبن و هاوکاری تەواویان دەکەن بەبێ موشکیلە دەپەڕنەوە و دێنەوە ناوچەی شەمامک و لەگەڵ هاوڕێیان یەکدەگرنەوە خۆیان و دەست و دیاری بەسەلامەتی دەگەنە جێ .

بێگومان ئەو چالاکیە بۆ ئەو کاتە گرنگی زۆری هەبوو چونکە گوندەکان چۆلکرابوون و هەرجولەیەک زەحمەت بوو ئەوە ڕۆیشتن بۆ دەڤەری موسڵ هەرباس ناکرێ یەکەم جاریش بوو پێشمەرگەی ئێمە بچنە ئەو دەڤەرە وە ڕەنگە لەکۆی گشتی پێشمەرگایەتی یەکەم جار بوو (ئەفسەری حەرەسی جمهوری) دەست گیر بکرێ .

دواتر کەسەیری بەڵگە نامە و نوسراوەکانی لای خۆیمان کرد دەرکەوت بەرپرسی(توجیە سیاسی وحدە) ەیەو دەستی هەبووە لە بەگرتن دانی زیاتر لە ( ٨٥ ) کەسی ناوسوپا لە(حیزبی دەعوا ) وە خۆی (نائب

زابت) بووه به (مەرسومی جمهوری) لەبەر دڵسۆزی بۆ (بەعس) کراوەته (ئەفسەر)و لەو عەشیرەته عەرەبانەیه که بەعس بۆ داگیرکاری و سەیتەرەکردنی سەرناوچەکه دەیهێنان و نیشتەجێی دەکردن .

لەکۆتایی وێرای دەست خۆشیم بۆ ئەو هاوڕێیانه بەهیوام خۆیان بەوردتر و زانیاری زیاتری لەسەر بنوسن چونکه من خۆم لەو چالاکیه بەشدار نەبویم ڕەنگه نەمتوانی بێت تەواوی وردەکاریەکانیم باس کردبێت و هەقی تەوای خۆیم دابێت ،چونکه ئەو چالاکیه وەک لەسەرەتا باسم کرد جیابوو لەتەواوی چالاکیەکانی دیکه لێرەوه داوای لێبووردن لەو سێ هاوڕێ خۆشەویسته گیانبازەم دەکەم ئەگەر کەم و کورپەک له نوسینەکه هەبێت لەگەڵ ڕێزو هیوای تەمەن درێژی بو هەر سێکیان .



**هاوڕێ شەماڵ**



هاوڕێ ڕێکەوت هاوڕێ ئاکۆ

# گرتنی بارەگای سریەی چوارڕیانی گۆمەسپان

هاوڕێم ( کاوە چاوشین ) چۆنیەتی ئەوچالاکیەی لەگەڵ باس کردم و شتێکی بۆ نوسیبووم لەسەری ، هەستم کرد یادەوەری من وورد ترو زیاترن لەهی ئەو بۆیە بەباشم زانی بەووردی و بەدرێژی لەسەری بنوسم دەوری هەموان بەچاک و خراپ باس کەم لەگەڵ هەندێک لێکدانەوەی خۆم لەسەر تەواوی چالاکیەکە بەهیوام وەک شتێکی بەڵگەیی و ئەرشیفی سودی هەبێت ..

لەکۆتایی مانگی ١٩٨٧/٩ یان سەرەتای (مانگی ١٠) بۆ ئەو چالاکیە ئاگادار کرامەوە دریابوو گرنگیەکی زۆری پێدرابوو لەلایەن (بەتالیۆن) سەرپەرشتی دەکرا بەهێزێکی هاوبەش لە (لقی دەشتی هەولێر و لقی بەڕانەتی لقی قەرەجوغ) هاوڕێ ( ملازم شوان وەک بەتالیۆن و هاوڕێ ابو احرار لە لقی بەرانەتی هاوڕێ کاوەچاوشین لە لقی هەولێر و ملازم چەتۆش لە لقی قەرەچوغ ) بەرپرسی هێزەکەو مەفرەزەکانی خۆیان بوون , مەفرەزەیەکیش ئامادە کرابووبۆ گرتنی رەبیەیەک لەسەرڕێکای نێوان

(هەولێر و گۆمەسپان لەنزیک گوندی پەلکەڕەش یان باخچە) زۆر دڵنیانیم بەدەلیلی هاوڕێ( شێخە ) وردەکاریەکانی دیکەی نازانم چەند کەس و کێ بەرپرسی بوو , واتە ئامانجی ئەو ڕۆژەمان (دوو شوێن بوو نەک تەنها بارەگای سریەی گۆمەسپان ) ,

دوای عەسر بەڕێکەوتین بەرەو ئامانجەکان و هەریەک بەلای ئامانجی خۆی ، دوای نان خواردنی ئێوارە بەرەو شوێنی مەبەست ڕۆیشتن ، لە شوێنێک وەستاین و لە سەیارەکان دابەزین دەست کرا بە کۆبونەوە و ئاشکراکردنی ئامانج و دابەش کردنی بەرپرسیارەتی و شێوەی پلانی هێرش و گرتن ، هێزێکی (٣٠ )کەسی بۆ ئەرکەکە دەست نیشانکرا کە منیش یەک لەو ( سی کەس )ە بووم ئەوانی دیکە وەک دکتۆر و سایقەکان و ...... هتد ، ئەو (سی کەس )ە بوە دوو بەش هەریەکە و (١٥ )کەس واتە دووقۆڵ .

دیاربوو (پلان)ەکە لەلایەن (بەتالیۆن) داڕێژرابوو کە بەو شێوەیە بوو (ابواحرار بەرپرسی یەکەم و قۆڵی لای باشور ) بێت و (کاوە چاوشین بەرپرسی قۆڵی لای ڕۆژهەڵات ) بێت کە من و (مـلازم چەتۆ) هەردووکمان لەو قۆڵە بین ئەرکەکییان بۆ من دانابوو کە (بەپێنج ) کەس لەو (پازدە) ی لای خۆمان لە (هاوری کاوە) وئەوان جودابمەوە بچمە جادە بۆ ئەوەی جاشەکان نەتوانن رابکەن _ من ئەو فکرەیەم زۆر پێ نەزانانەبوو چونکە هەدەفی ئێمە گرتنی مەوقیعەکەو بەتایبەت جیهازەکانی ناو ئەو ڕەبیە بوو نەک جاشەکان رادەکەن یان نا وەشێوەی لێدان و هێرشەکەشم پێباش نەبوو بەڵام دەنگم نەکرد _ هەرچەندە لەهەموان زیاتر تەجروبەی

لێدان وگرتنی رەبیەم هەبوو , سەعاتی سفر دیاری کرا بە سعات( ٥/٢ ) ی دوای نیوەی شەو , بۆ ئەوە نەمتوانی بێدەنگ بم چونکە هیچ حیسابی هەڵاتنی مانگیان نەکردبوو , بۆیە گوتم (با (٢٠/٢ )دەقیقە بیت باشترە) هاوڕێ (شوان) گووتی (بۆ؟؟ ) گوتم (چونکە ئەو کاتە مانگ هەڵدێ ئەگەر ئەو دە دەقیقەیە دوا بکەوین زۆر ڕووناک دادێ و ئیحتیمالی زۆر هەیە ببینرێین چونکە لەو کاتە ئێمە دەبێت لەرەبیەکە زۆر نزیک بین وە سەری سەعات و نیو سەعات کاتی گۆرینی حەرەسە و زیاتر بەئاگان ) ئەو تێبینەیان بەلاوە گرنگ بوو یەکسەر رازی بوون و دەست خۆشیان لێکردم , پێم جوان نەبوو دەنا دەمگووت هەموو پلانەکەتان هەڵەیە .

بەهەر حاڵ دانیشتنەکە کۆتایی هات و کەمێک خەوتین چونکە زۆر زوو بوو دەوری (سەعات دوازدە ) بەپێیان بەرێکەوتین بۆ لای ئامانجەکەمان ,لەڕێگا بیرم کردەوە کە پلانەکە بگۆڕم .

دوای گەیشتینە شوێنێک هەندێک قەبرو داری گەورەی لێیە نزیکەی (کیلۆ مەترێک) لە شوێنەکە دوورە من داوام کرد ئەو کەسەی ئیستتلاعی ئەو شوێنەی کردووە پێویستە لەگەڵمان بێت , کەسی وانەبوو چی بکەین بەناچاری لەسەر پێشنیاری (ملازم چەتۆ ) من و (ملازم چەتۆ ) پێشکەوتین بەدووربین هەرچەندە شوێنەکەشمان نەدیتبوو چونکە ناچار بووین یان دەبوایە بگەڕێینەوە و ئەو چالاکیە ئیلغا بکەینەوە کەنەدەکرا یان دەبوو بەنەشارەزایش بێت هەر بچین .

بەهەرحاڵ بەرێکەوتین جماعەتی (بەتالێۆن) لەوێ مانەوە بەهاوڕێ( شوان )م ووت بگەینە بن دیواری رەبیکە (پێنج فیشەکی گڕدار) بۆ ئاسمان

هەڵ دەدەم و کەڕەبیەکەشمان کۆنترۆڵ کرد تەواوی مەخزەنەکە هەڵدەدەم وەک ئیشارەت , هاوڕێ (شوان) گوتی (زۆر باشە دڵینام سەرکەوتوو دەبن ).

ئەو ڕێگایەمان بڕی بەڵام زۆر بەهێواشی ڕێمان دەکرد چونکە دەمانزانی زۆر جار ئەو جاشانە دێنە دەرەوەی رەبیە وەک کەمین بەڵام عادەتەن دوای (سەعات یەکی شەو) دەگەڕێنەوە ناو ڕەبیە.

هەرچۆنێک بوو گەیشتین و بووینە دووبەش و هەریەکەمان بۆ شوێنی خۆی ڕۆیشتین ، شوێنی ئێمە لای ڕۆژهەڵات و نزیک لە جادە بوو دانیشتین کات مابوو ــ من دوودڵ بووم لەسەرکەوتن چونکە نەڕام لە پلان بوو نە ئیستتلاع باش بوو تەنانەت جۆری چەک و پێشمەرگەکانیش لە ئاست کارەکە نەبوو ــ ، پێشنیارم بۆ هاوڕێ (کاوە) کرد و گوتم (یان دەبێت کارەکە ئیلغا بکەین و بگەڕێینەوە یان پێم باشترە ئەو ئەرکەی بۆمن دانراوە هاوڕێ ملازم چەتۆ پێی هەڵسێ و من لە گەڵ تۆ لەهێرش بردن بم چاکترە چونکە زۆربەی ئەو هاوڕێیانە لەدەستەکەی ئێمە بوون بەپێی زانیاری من کەم تەجروبە بوون وەک ووتم وەهەروەها شێوەی لێدانەکەش بگۆڕین و لەگەڵ لێدانی یەکەم (RBG )ی هێرش بکەین نەک وەک ئەوەی (بەتالیۆن) داینـاوە دوای لێدانی (RBG )یەکان واتە کاتی لێدانەکە بقۆزینەوەو لەگەڵ تەقینی یەکەم (RBG)ی بگەینە دیواری رەبیە کە بە بڕوای من رایەکەی (بەتالیۆن) غەڵەت بوو) , هاوڕێ( کاوە) گوتی (زۆر باشە چۆنت پێباشە وابکە بەڵام هەر دەبێت ئەو چالاکیە بەسەرکەوتوویی ئەنجام بدرێت ئەگەر بەخوێنیم من و تۆش بێت) ، یەکسەر

ئەرکەکەی خۆمم دایە (ملازم چەتۆ) و بەبێ قسە جێبەجێی کردو شێوەی لێدانی (RBG)یەکانیشم بۆیان باسکرد و (هاوڕێ کاوە) جێگای دامەزراندنی (RBG)یەکانی دیاری کرد و منیش شوێنی دەستەکەی (ملازم چەتۆ)م دەست نیشان کردو دانیشتین و چاوەڕێی سەعاتی سفرمان کرد .

جاشەکان لەسەر بان و لەناو نوقتەکانیان بوون دیاربوو ڕەبیەکی زۆر قەڵەباڵغ بوو بەشێوەیەک ئەو دوو نوقتەی دەکەوتە لای ئێمە و سەربانەکە زیاتر لە (بیست) کەس دەبوون .

تەماشای سەعاتم کرد (پێنج دەقیقە) مابوو بۆ لێدان هاوڕێیانم ئاگادارکردەوەو چومە لای (ملازم چەتۆ )هەر بۆ ئەوەی پێی بڵێم کات تەواوە پێم گوت و گەڕامەوە ،دیاربوو جاشەکانی سەربان هەستی جولەی منیان کردبوو یەکیان گوتی (کەسێکم دیت هاتە ئێرە) ئەوانی دیکە پێیان گوت (چاوت ڕەشکە و پێشکەی کردیە دەنا چی هەیە ) , هەتا یەکیان جوێنێکی تەڕێ دا , لەو کاتە فیشەکێکی گڕدایان هەڵدا بۆلای ئێمە ئەوەندە نەوی بوو لەبەر ڕووناکیەکەی سێبەری خۆم دیت .

لەو کاتە دەنگی تەقەهات و (RBG)یەکان وەک من دوام لێکردبوون تەقێنران و یەکسەر لەگەڵ دەنگی یەکەم (RBG)ی هاوڕێ (کاوە) هێرشی کرد بەبێ ئەوەی بزانێ کەسی لەدوایە یان نا , من زوو دوو لە هاوڕێیانم بەدوای ئەوهەڵساند کە یەکیان شەهید (ڕزگاری قەرەجوغ ) بوو ئەوی دیکە (کارزانی بەڕانەتی) بوو بەوانی دیکەم گووت وەرن و خۆشم بەڕاکردن و بە چەند شەقاوێک گەیشتمە لایان .

لەو کاتە لە نوقتەی دەستە چەپمان گڕدارێکی زۆر بۆمان هات بەشێوەیەک بەر شێلمانی رەبیکە کەوت و لە نوقتەی بەرامبەریشمان بەهەمانشت تەقە ڕووبە ڕوومان دەکرا , (بەقسەی هاوڕێیان ) نەدەبوو سییم لەدەورەی ڕەبییەکە هەبێت , بەڵام سیمێکی باش هەبوو (کاوە) و برادەرەکانی دیکە لە سیمەکە گیریان خواردبوو , کە من گەیشتمە لایان و جوێنێکم داوو گوتم (دەیانگوت سیمی نیە), تەقەش زۆر گەرم بوو بەڵام ئەوەندە نێزیک بووین تەرکیزیان نەدەکرد .

(پێنج فیشەک )ی گڕدارم بۆ ئاسمان هەڵدا وەک نیشانەی گەیشتنە دیواری ڕەبیە , بەهەر حاڵ من (نارنجۆک )کێم هەڵدا کەوتە پشتی ئەوان و (ڕزگاری )ش یەکی هەڵدا کەوتە بەردەمیان و دەست ڕێژمان لێکردن و دەتوانم بڵێم لەگەڵ ئەو نارنجۆک و دەست ڕێژانە ئەو نوقتەیە سقوتی کرد , لەو کاتە دیتم تەواوی هاوڕێیان و دەستەکەی (ملازم چەتۆ )ش هاتونەتە لای ئێمە .

ئیدی دەبوو لە سیم ئاوودیوو بین من بە تفەنگەکەم چەند توانیم سیمەکەم نەوی کرد و (کاوە ) خۆی هەڵدا ناو ڕەبیەکە و (ڕزگارو کارزان )یش بەهەمان شێوە دوای ئەوانیش من خۆم هەڵدا ناو ڕەبیەکەو گوتمە ئەوانی دیکەش ئێوەش وابکەن و وەرن .

کاتێکم زانی هاوڕێ (کاوە) بەسەرکەوت بۆ سەربانەکە هاوارم لێی کرد وەرە خوارەوە خەتەرە باش بوو هاتە خوارەوە, تەقە لای دەرگای ڕەبیەکەش هەبوو کە دەکەوتە سەر جادە (ڕزگار ) بە لێدانی (RBG)یەک بێدنگی کرد , لەو کاتە یەک لەجاشەکانمان دیت و لێم

خــوڕی چەک بە هــاواری کــرد برینــدارم و چەکەکەی دایە دەســتم (کلاشینکۆ فێکی سینی مزەلی ) بوو لەگەڵ ورگرتنی دەستم بەر لوولەی کەوت ئەوەنـدەی تەقە پێکردبـوو دەسـتمی داخ کـرد , _ تـۆمەز ئەوە ئەو کەسەی ناو نوقتەی دەستە چەپمان بوو کە گوتم زۆری تەقە لێمان کردوو منیش تەقەم لێ کرد و بێدەنگ بـوو _ شەقێکم لێدا و جوێنێکیشم پێیدا گوتم (بۆکێی دەکەی ) پارایەوەو گووتی (بۆ خاتری خوا مەمکوژن ) خۆی و چەکەکەم تەسلیمی هاوڕێیەک کرد .

لەو کاتە دیتم لە نوقتەی باشور کە بەرامبەری هاوڕێ (ابواحرارو ئەوان) بـــوو تەقەی زۆرلەوان دەکەن و تەنـــانەت جوێنیـــان پێیـــان دەدان و جاشەکان زۆر موسەیتەر بوون گوتمە (ملازم چەتۆ و شۆڕشی لقی خۆمان ) تەماشا بکەن ئەو نوقتەیە چۆن تەقە لە برادەران دەکات بێگومان پشتیان لە ئێمە بوو, بێئاگا بوون لەوەی ئێمە گەیشتوونەتە ناو ڕەبیە , داوام کرد هەرسێکمان بەیەکەوە لێیان بدەین و بەیەک دەست ڕێژ لێمان دان و هێرشمان بۆکردن ئەو نوقتەیەش کەوتە دەستمان و (RBG)یکی تێدا بەجێمابوو کە گولەیەک بەر دەسکەکەی کەوتبـوو لەکاتی ئامادەکرنی بۆ تەقاندن و خوێنی پێوەبوو .

گەڕایـــنەوە لای (کــاوە) و بەڕژوورەکــان داگەڕایــن( دوو جــاش )ی دیکەمان دیتەوە و تەواوی (جیهازو بەشەکانی جیهاز)مان دیتەوە کە بۆ ئـێمە گەورەتـرین دەسـت کەوت بـوو هێشـتا هەر قسـەی دەکـرد و داوای مەوقیفی دەکرد کە دیاربوو لەگەڵ لێدانی ئێمە ئەوان پەیوەندیان گرتبوو , لەو کــاتە هــاوڕێ( ابــو احــرار ) گەیشــتە نــاو ڕەبــیە و یەکســەر گــوتی

(هەرچی هەیە زوو کۆی کەنەوە و بابڕۆین نەوەک تۆپ باران بکرێ) خۆی دەستی بەکۆکردنەوەی جیهازەکان و پارچەکانی کرد , منیش چومە ناو حەوشەی رەبیەکە و نیشانەی سەرکەوتنم هەڵدا بۆ ئاسمان کە (مەخزەنێک فیشەکی گرداڕ ) بوو ، ئیتر دەست کرا بەکۆکردنەوەی دەسکەوت , زۆربەی جاشەکان چەک و شت و مەک و ........هتد لەسەر پێخەفەکانیان جێ هێشتبوو تەنانەت هەبوو پێڵاوی بەجێمابوو (نازانم لەناو ئەو دڕک و داڵە چۆن توانیبوویان بەبێ پێڵاو ڕابکەن ؟؟) , سەیارەیەک لە حەوشەی رەبیەکە بوو زۆر حەزمان دەکرد بیبەین بۆ ئەو کاتی ئێمە زۆر باش بوو (لاندکرۆزەری کارەبایی) بوو بەڵام لەبەر زەحمەتی ڕێگا و پەلەپەلی هاوڕێ( ابو احرار) بە ناچاری سووتاندمان و دەستمان بەگەڕانەوە کرد.

لەو کاتە هاوڕێ (شاخەوانە سوری بەڕانەتی ) (RBG)یەکە لە هاوڕێ (کیفاح) وەردەگرێت و محەویلەیەکی کارەبا کە لە تەنیشت ڕەبیەکە بوو بە (RBG) دەتەقێنێتەوە و هاوڕێ (کیفاح )یش کە لە پشتی دەبێت بەگرِی (RBG)یەکە زۆر بەسەختی بریندار دەبێت , دەنا هیچ زیانمان نەبوو زۆر سەرکەووتووانە بەماوەیەکی کورت ئەرکەکەمان ئانجامدا .

لەو کاتە هاوڕێ (شوان )یش گەیشتە لای ئێمە و یەکەم کەس منی بینی و زۆر دڵخۆش بوو دوور بەدوور پێمگووت (هاوڕێ جیهازمان دەست کەوت ) پڕی دامێ و ماچی کردم .

بریندار بوونی (کیفاح) گەڕانەوەی گران کردین چونکە هیچ هۆشی لەخۆی نەبوو دەبووایە بە پشت و هاوڕێیان بەنۆرە لەپشتیان بکردایة .

تا گەیشتینەوە سەیارەکان و بەڕێ کەوتینەوە بۆ بارەگاکانمان لە بەستی شرغە ، لەکاتی لەخەو هەستانی ئەوان بوو , لە نزیک ماڵی (مام عجیل) هەر بۆ خۆشی مەخزەنێکی حەفتاو پێنجیم ڕوو لە مەقەڕ و ماڵی هاوڕێ مام عجیل بە ئاسمان دا تەقاند .

بەشێوەی گشتی چالاکیەکە بەو شێوەیە بوو بێگومان بۆ ئێمە دەست کەوتنی ئەو جۆرە جیهازە زۆر گرنگ بوو پەیوەندی ئێمەی بەسەرکردایەتی تەواوی بارەگاکانی دیکەی حیزب تەئمین دەکرد کە پێشتر دەبوو لەڕێگای جیهازی (یەکێتی) ئەو کارە بکەین جگە لە دەست کەوتی چەندین پارچە چەک .

چەند شتێک هەیە دەبێت باسی بکەم مادام ئامانجی من بۆ ئەرشیف کردن و بەڵگە نامە کردن بێت ، لەسەرەتا ووتم دەوری باش خراپ و بەتایبەت هۆکاری سەرکەوتنی ئەو چالاکیە بەبێ زیان کە بە بڕوای من لەو شتانە خۆی دەبینێتەوە .

سەرەتا ووتم پلانەکەم پێباش نەبوو ئەوە بوو زۆربەی لەسەر داوا و پێشنیاری من گۆڕا بەتایبەت جێگۆڕکێی (من و ملازم چەتۆ و شێوەی لێدانی ئاربیجیەکان بە بڕوای من زامنی سەرەکی سەرکەوتن بوو ) شتێکی دیکە ئەویش (ئیسراری هاوڕێ کاوە لەوەی کە لە کاتی لەبن ڕەبیە گوتیە من ئەو کارە هەر دەبێت ببێت وئەو ڕەبیە بگیرێ ئەگەر نرخەکەی خوێنی من و تۆ بێت) .

لایەنی خرابیش ئەوە بوو ئەو کەسانەی ئیستتلاعیان کردبوو کەسمان لەگەڵ نەبوو وە ئیستتلاعەکەش بەبڕوای من بەپێی پێویست نەبوو زانیاری باشیان نەبوو چونکە گوتیان سیمی نیە و هەبوو , شتێکی کە من تێبینیم کرد لەهەموو لقەکان بە ئیهمالی و بێ حیسابی وورد پێشمەرگەیان دیاری کردبوو , بۆ نموونە هی وامان لەگەڵ بوو یەکەم جاری بوو تەقە ببینێ وە جۆری چەکەکانیش بەپێی پێویست نەبوو بۆ نمونە , لە دەستەی ئێمە چەکی (ناتۆ و بیکەیسی) تێدابوو کە پێویست نەبوو وابێت ، چەند شتی دیکەش .

بەهەر حاڵ کارەکە بەسەرکەوتوویی کۆتایی هات و من دام نابوو لەکاتی هەڵسەنگاندن (تقیم) هەموو ئەو کەم و کوڕیانە باس بکەم بەڵام ئەوە هەر نەشکرا کە دەبوو دوای هەر چالاکیەک تەقیم بکرابایە و کەم و کوڕی و دەوری چاک دەست نیان بکرابایە .....

بۆ زانیاری هاوڕێکانی دیکە کە بۆ ڕەبیەکەی دیکە چووبوون هەر ڕەبیەکەیان نەشدیتبوەوە بەبێ تەقە گەڕابوونەوە .



**پۆلێك لە پێشمەرگەکانی بەتالیۆنی پێنج**



**پۆلێك لە پێشمەرگەکانی لقی دەشتی هەولێر**



هاوڕێ ئەبو ئەحرار

# هاتنەوەمان بۆ بەستی شرغە



لەگەرمەی ئەنفالەکان کە تەنها چەند مەفرەزەیەکی بچوک لەناوچەکە مابۆوە ، من لەگەل هێزەکە چووبوومە ( سماقوولی ) .
دوای چەند رۆژێک لەسەرداوای هاوڕێ (منعم کە ڕابەری سیاسی بەتالیۆن بوو) , گەڕامەوە خوارەوە و بە هەندێک بەریدەوە بۆ هاوڕێیان،

منیش هاوڕێ ( دکتۆر فاخیر)م دەستنیشان کرد کە هاوەڵم بیت بۆ ئەو سەفەرە پڕ مەترسیە .

دوای نیوەڕۆی (١٩٨٨/5\6) بوو لە (سماقوولی گەلی ) بەڕێکەوتین تەنها ( ١٢ ) نانمان لا بوو بۆ چوار ژەمی ئەو ڕۆژە و بەیانی تاکو ئێوارە, ئەویش ئەگەر بەسەلامەتی بگەینە هاوڕێیان لەڕێگاش هەندێک نێرکە پیازمان کرد ئەگەر وەک پێخۆر حیسابی بۆ بکرێ، چونکە ناوچەکە بەتەواوی چۆل ببوو هەردەم کۆپتەر و هێزەکانی ڕژێم لەسەر جادەی (کۆیە _هەولێر) هات چۆیان بوو ،وە هەموو جادەکەیان کردبوە ڕەبیەی تازە کە پەڕینەوە لە نێوانیان زۆر ئاستەم بوو تەنانەت بۆکەسی شارەزاش.

من شارەزاییکی تا رادەیەک باشم لە ناوچەکە و چۆنیەتی تێپەڕین لەو ناوچەیە هەبوو، پشتیشم بەهاوڕێم ( د. فاخیر ) قایم بوو، لە ڕێگا تووشی هەندێ هاوڕێ بوین کە گوتم دەچینە خوارەوە گوتیان ( ئێوە شێتن بەو زروفە خوارەوەی چی بۆ هاوڕێ منعم بۆ خۆی ناچێت .....هتد)

بەهەر حاڵ دەمەو ئێوارە گەیشتینە نزیک جادە لای گوندی ( گۆمەتاڵ )، بەدووربین زۆر بەوردی سەیری جادە و هێزەکەی سەرجادەو شوێنی ڕەبیە تازەکان و........هتدم کرد و باش لێیان تێگەیشتم و چۆنیەتی و شوێنی ڕۆیشتنی خۆمانم دەست نیشان کرد و بەڕێکەوتم بۆ جادە و دکتۆریش بە مەسافەی سەد مەترێک لەدوام دەهات، تاگەیشتینە نزیک جادە کە هەمووی قووەت بوو بەشێوەیەک بەینی ڕەبیە هەبوو لە

پەنجا مەتر زیاتر نەبوو ، تاکە شوێنی من بەباشم زانی بۆ تێپەڕین لەو هەموو هێزە (ناو کونە پردی گوندی گۆمەتال) بوو شوێنێکی بێشک و گومان بوو ، چونکە ئاوی پیسی گوندی پێدادەڕۆی ، من ئەوەم بەهەل قۆستەوەو هەرچەندە زۆر تاریک بوو ، بە دەست کوتان لە دیواری پردەکە ڕێمان کرد من لە پێشەوە و دکتۆر لەدوای من بەحاڵێکی ناخۆش و پڕ مەترسی گەیشتینە کۆتایی پردەکە چونکە سەر پرد و نزیک پرد هەمووی هێزی جاش و عەسکەری بوو. ناچار هەر لەگەڵ ڕێڕەوی ئاوەکە ڕۆیشتین تا ماوەیەکی باش دوور کەوتینەوە کە ڕێرەوی ئاوەکە بەرەو دەستە ڕاست شۆر دەبۆوە، ئەوە زۆری دوور خستینەوە لەڕێگای خۆمان .

کاتێک زانیم لە ترسی کەمین و شتی وا زۆر دوورکەوتینەوە لەڕێگا هەوڵمدا بگەڕێمەوە سەر ڕێگای خۆمان تووشی چەند هەوراز و نشێوێکی زۆر دژوار هاتین، کەوتوینەتە شوێنێکی زۆر سەخت ( وابزانم پێی دەڵێن حوشتر خنکێن ، دیارە لەکاتی هێرشی ئیسلام بۆ ئەوە دەڤەرە چەندین حوشتری ئەوانی تێدا خنکاوە بە قسەی خەڵکی ناوچەکە )، چەندین جار لەسەرکەوتن و دابەزین دەکەوتین دووبارە سەردەکەوتینەوە تەنانەت جارێک لەگەڵ کەوتن نانەکەمان کە تاکە خۆراکی ئەو ڕۆژە و بەیانیشمان بوو لەدەست (دکتۆر فاخیر) کەوتە خوار چەند پێم گوت بڕۆ بیهێنەوە تاقەتی نەبوو بچێت دەیگوت بەو تاریکە نادۆزرێتەوە ،ناچار خۆم چووم هێنامەوە و دامە دەستی هەستی بەشەرمەزارییەک کرد ، بەهەرحاڵ گەیشتیەنەوە سەر بەرزاییەکان هەستم کرد تەرکیز ناکەم لەبەر ماندوو بوون و تاریکی شەو و .....هتد .

ناچار پێم باش بوو هەندێک نان بخۆین کە لە نیوەڕۆوە نانمان نەخواردبوو هەر یەکەو یەک دوو پاروە نانێکمان بە نێرکە پیازەوە خوارد و دەبوو کەمێک بخەوین و ئیسراحەتێک بکەین ،دەمەو بەیان بوو لەسەرما و لەبەرپرخەپرخ و هەناسە بڕکەی دکتۆر بە ئاگاهاتم دیابوو دکتۆر تووشی ( کابوس ) هاتبوو خەونی ناخۆشی دیبوو کە ڕەنگە پەیوەندی بەو وەزعە پڕ ترس و ماندوو بونەی خۆمان هەبوبێت .

کاتێکی باش بوو هێشتا دوونیا تاریک بوو سەیری دەوروبەر و ئاسمان و ئەستێرەکانم کرد توانیم ئاراستەی خۆمان دیاری بکەم و بەئاراستەی مەزەندە کراو ڕۆیشتین، ماوەی سەعاتێک یان زیاتر دونیا خەریک بوو ڕوناک دەبوو پێم باش بوو هەرلەو ناوەیە خۆمان حەشار بدەین تاوەختی ئێوارە ، شوێنێکی باش و نەدیوم دۆزیەوە بن شاخێک بوو هەم وەک حەشارگە و هەم وەک سێبەر بۆ کاتی ڕۆژهەلاتن ( هەر بۆ زانیاری کەسمان سەعاتمان لەدەست نەبوو نەمان دەزانی کات چەندە ) دکتۆر خەوت من بە ئانقەست خۆم تاخیر کرد و ماوەی سەعاتێک هەستم ڕاگرت دونیا کش و مات بوو زانیم ئەوڕۆ هیچ هێرش و جولەی حکومەت بۆ ئەو ناوچە و لای ئێمە نیە منیش خەوتم خەوێکی باشمان کرد ،کاتێک بەئاگا هاتین دونیا تەواو گەرم ببوو وە ڕۆژ سوڕابوە لای ئێمە بەوە هەستمان کرد دووای نیوەڕۆیە .

هەر یەکەو یەک دوو نانمان بە ئاو خوارد بێ پێخۆر چونکە هیچمان پێنەبوو جگە لە نان و ئاو نێرکە پیاز ،دکتۆر پارچەیەک

کەپسولی ( مولتی ڤیتامین ) ی پێبوو سەر و دەنکێکمان لێی خوارد بۆ پڕکردنەوەی کەمی ڤیتامین لەجیاتی پێخۆر .

بەو حاڵە ماینەوە تاکو دەوروبەری عەسر ، ئیدی کاتی جولە هاتبوو، هەستاین و بەڕێکەوتین بۆ ئاراستەی مەزەندەکراو بەبڕوام لە ناو زوورگەکانی پشتی گوندی ( بانە قەڵات ) ین دەبێت بەئاراستەی بەستی شرغە بڕۆین بۆ دیتنەوەی هاوڕێیان ماوەی سەعاتێک یان زیاتر ڕۆیشتین ، ڕێک گەیشتینە سەر بەستی شرغە بەڵام کەمێک لەخوار گوندی بانەقەڵات ، واتە کەمێک لەخوارتر لەو شوێنەی مەزەندەم کردبوو ، ئیتر دابەزینە ناو بەست ( بێگومان بەستی شرغە لە بەهاران شوێنێکی هەتا بڵێی دڵگیرە ) و بەخێرایی پەڕینەوە بە ئاراستەی ڕۆژئاوا سەرکەوتین بۆ ئەو بانیەی دەڕوانێتە گوندی ( ئاخوڕە ) کە بانیەکی تا ڕادەیەک فراوانە بە شێوەیەک جێگای تۆوکردنی گەنم و جۆی زۆری هەیە ، لەو گۆراییەی سەربەست تێپەڕین و شۆڕ بوینەوە بۆ بەستی گوندی ( ئاخوڕە ) ،هەر لەدوورەوە کەسێکمان بینی خەریکی کاری شینایی بوو زانیمان کە خەڵکی گوندە ، چوینە لای وابزانم ( محمدی مام قادری ئاخوڕە ) بوو کە دواتر بەدەستی تاقمەکەی ( سلاح شینە ) شەهید کرا ، دەنگ و باسی ناوچەکە و هاوڕێیانمان وەرگرت و گوتی ماڵی (مام قادر تەها ) لە گوندی ( بەردبڕ) ماون .

ئیتر ئەوە بۆ ئێمە بەس بوو چونکە ئەوان هەرە دڵسۆزی ئێمەبوون و بێشک خەبەری هاوڕێیان دەزانن ، کە نزیکەی دوو سەعاتە ڕێگا دەبێت .

بەڕێکەوتین بۆ ئەوێ لەڕێگا لەناو شاخەکانی بەری دەستە چەپی بەستی خوار ئاخورە هەستمان بە بوونی جوولەی هەندێ کەس کرد وەک ئەوەی لەکەمین بن لەناو شاخەکان سەرەدیقەیان بوو ئێمە لە بەری دەستە راست بووین، گوتمە دکتۆر تۆ لەسەر بەرزاییەکەی لێواری بەست ئامادەبە من لێیان نزیک دەکەومەوە بزانم کێن و چی دەکەن لێرە ، کەزانیان لێیان بەحەزەرین دیاربوو لەناوخۆیان هەندێک دووان و یەکیان هاتە دەرەوە و هاواری کرد ( کاکە ئێمە عەشایەرین وشارەزا نین تکایە یارمەتیمان بدەن ) ، لەشێوەزاری هەستم کرد خەڵکی دەوروبەری کەرکوک بن گوتم باشە وەرنە دەرەوە ئێمە پێشمەرگەین ، هەموو هاتنە دەرەوە نزیکەی ( ١٥ ) کەس دەبوون دیاربوو عەشایری ئەو بەر بوون هاتبوون بۆ ئەوەی بچنە دۆڵی سماقووڵی پێمانگوتن لەوێ بڕۆن بۆ ئەوێ بەگشتی ڕێنماییەکی باشمان کردن و خوا حافیزیمان لەیەک کرد ، ئێمە شۆڕ بوینەوە بەرەو گوندی ( بەردبڕ ) بۆ لای ماڵی مام ( قادر تەها )

لەگەڵ ڕۆژ ئاوابوون گەیشتینە ئەوێ ، (مام قادر و پلکە لەعلی ) و ماڵ و منداڵی مابوونەوە دەتوانم بڵێم تاکە ماڵ بوون لە تەواوی بەستی شرغە بەو هەموو زەحمەتی و ترس و ناخۆشیە لە خزمەتی پێشمەرگە دابوون لە ئەشکەفتەکانی پشت (بەردبڕ) کە وەک پەناگە و بارەگای نهێنی پێشمەرگەکانی ئێمە بوو .

دوای گەیشتنمان یەکسەر نانیان بۆ دانایین ( نیسک ) بوو ئێمە زۆر برسی بووین تێر نیسکی دەستی ( پلکە لەعلی ) میهرەبانمان خوارد و چایە هات کە لە دوێنێ نیوەڕۆوە تامی چامان نەکردبوو ، چای دەستی

(پلکە لەعلی) دوای تێرخواردن و جگەرە کێشان هەر لێی تێر نەدەبووین ،بەتایبەت دوای دیداری( مام قادر و پلکە لەعلی) و خەبەری هاوڕێیان هەر باس ناکرێ چەند بۆ ئێمە خۆش بوو بەتایبەت کە گوتیان لە ئێستا بە دواوە بە دیار دەکەون .

دوای ماوەیەکی کورت لایتی سەیارەیەک بەدیار کەوت (مام قادر ) گوتی (ئەوە ئەوانن وا هاتن ) ، سەیارەکە تادەهات نزیک دەکەوتەوە بەڵێ ئەوان بوون هاوڕێ( هەژار ) و چەند برادەرێکی دیکە کە ناویانم لەیاد نەماوە ، ئیتر یەکمان گرتەوە و ئەو بەریدەی هێنابووم تەسلیمم کرد و ئەرکی من تەواو بوو هەردووکمان ( من و دکتۆر فاخیر) بووینە دووکەسی دیکەی ئەو مەفرەزەیە و لەگەڵیان چوینە بارەگا نهێنیەکەی دروستیان کردبوو لە هەرەتەکانی پشتی (گوندی ئاخوڕە) وابزانم ناوچەکە ناوی ( کفرە دۆڵ ) بوو, کە شوێنێکی تارادەیەک ئەمین و هەموو پێداویستی لێبوو لە پێخەف و خواردن و قاپ و قاچاخ و تەنانەت مەنجەڵ و پێویستی خۆ شۆرین ،کە ئەو شتانەم دیت بڕیارم دا بەیانی ئەگەر کۆپتەر و قوەت نەیەت خۆم بشۆم شەو تا درەنگ دانیشتین و قسەو باسمان بۆ یەکتر کرد و دوایی خەوتین ......



چەتۆی بەڕانەتی پلکە لەعلی



چەتۆی بەڕانەتی د.فاخیر

# داپیرۆچکە ( جاڵجاڵۆکە )
# کەی بەستی شرغە

لە بەشی ( هاتنەوەمان بۆ بەستی شرغە ) باسی ئەوەم کرد کە دوای ماندووبوون و مەترسیەکی زۆر و بەهەر شێوەیەک بوو گەیشتینەوە بەستی شرغە و لە ماڵ یان ئەو پەناگەیەی کە ( مام قادر تەها و پلکە لەعلی ) لە دەوبەستی شرغە لە نزیک ( بەردبڕ ) بە دیوی ( دێدەوان ) لە دۆڵێک دروستیان کردبوو کە شوێنی بەیەک گەیشتنی هاوڕێیان و دابین کردنی تەواوی پێداویستی هاوڕێیان بوو، بە دیداری ( مام قادر و پلکە لەعلی ) شاد بووین کە بۆ ئەو کاتی ئێمە لە دایک و باوک و کەس و کار زیاتر بوون ، دوای نان و چا خواردن و ئیسراحەت ، هاوڕێیان هاتن و لەگەڵ ئەوان چوینە شوێنی خۆحەشاردان کە تازە هەر بۆ ئەو کات ڕێکخرابوو لە دۆڵێک بوو لە نێوان هەردوو گوندی ( ئاخوڕە و ڕەسول بچکۆڵ ) وابزانم ناوی ( کفرە دۆڵ بوو ) تاڕادەیەکی باش کەلکی لێوەردەگیرا بۆ خۆحەشاردان و بێشک بوو ، سێبەر و ئاوێشی هەبوو.

کە وەزعەکەم بەو شێوەیە دیت بڕیارم دا( ئەگەر ) بەیانی کۆپتەر نەیەتە سەرمان ( چونکە ئەوکات کۆپتەر زۆر دەهاتە سەر ناوچەکە و

هەرچی بەرچاو کەوتبایە لێی دەدا بەتەواوی ناوچەکەی هەراسان کردبوو ) خۆم و جل وبەرگم بشۆم کە تەواو پیس و پۆخڵ ببوون ، ئیتر ئەو شەوە دوای نان و چا خواردنی ماڵی ( مام قادر ) کە نیسکێنەیەکی زۆر بەتامی دەستاوی ( پلکە لەعلی ) بۆ ئەوکاتی ئێمە و چۆل و هۆلی بەستی شرغە کەئاوەدانیەکی ئەوتۆی لێنەمابوو مەگەر هەر خەلکی وەک ( مام قادر و پلکە لەعلی ) کە تایبەت بۆ خزمەتی هاوڕێیانی ئێمە و پێشمەرگە بەگشتی مابوونەوە بەرگەی ئەو ناخۆشی ترسە زۆرەی ئەوکاتی ئەنفال کیمیابارانیان دەگرت .

شەو لەو شوێنە نەناسراو و تازەیە ماینەوە دەتوانم بلێم خەوێکی باش و تەواو ئیسراحەتمان کرد .

بەیانی زوو لەخەو هەستاین دەبوو ,هەر یەک و دوو بچینە پەنا بەردێک یان بن کۆمەلە بنە کفرێک کە لە ناو دۆلەکە زۆر بوو ، بەو حالە ڕامان بوارد هەتا نیوەڕۆ ، نازانم بەختی من بوو یان چی بوو ، ئەو ڕۆژە زۆر کش و مات بوو هیچ دەنگ نەبوو بە شێوەیەک هاوڕێیان لایان سەیر بوو نە دەنگی تەقە نەدەنگی کۆپتەر هیچ نەبوو ، بەهەر حاڵ نان و چا زۆر بە ئیسراحەت خورا .

(من و دکتۆر فاخیر) کە دوێنێ لە (سماقولی )ەوە هاتبوینەوە بۆ (بەستی شەرغە) دەستمان کرد بە خۆشوشتن , هەرچەندە هاوڕێیان پێیان باش بوو زیاتر خۆتاخیرکەین تاکاتی عەسر نەوەک شتێکی چاوڕوان نەکراو ڕوبدات و هێزی دوژمن یان کۆپتەر بێنە سەر ناوچەکە , بەلاّم من وەک بلێی زۆر گوێم بە قسەکان نەدا و سەرەتا دەستم کرد بە شوشتنی جل

و بەرگ و هەموویم لەسەر بنە کفرەکان هەڵخست , کە مێک چاوەڕێم کرد بۆ ئەوەی وشک ببنەوە بە بێ بەرگ لە بەر سێبەری بنە کفرەکان دانیشـــــــــــــــــتم .

وەک گوتم ئەو ناوچەیە تەواو چۆڵ بوو دیارە هەر لەبەر بونی ئێمە و فرێدانی پاشماوەی خواردنی ئێمە کە زیاتر (شفتی و گندۆرە) و شتی وابوو مێش و مەگەزی زۆری لێبوو ، ئەوەی لام سەیر بوو مێشەکان هەر وەک مێشەڕەشکەی ئاسایی بوون بەڵام وەک زەرگەتە و شتی وا پێیان وەدەداین زۆر بە ئازار بوون من قەت شتی وام نە دیتبوو بە تایبەت کە ئێمە ڕووت بووین یەکسەر شوێنی پێوەدانەکان دەبوە لیرو سور هەڵدەگەڕان و ئازارێکی زۆریان هەبوو ، نازانم کام هاوڕێ بوو گووتی دەست بکەن بە خۆشوشتن چاکترە لەبەر ئاو و سابوناو ناتوانن ئازارتان بدەن .

بەهەر حاڵ بەو کەمە ئاوەی هەبوو هەر بەساردی خۆمان شوشت و جلەکانمان بە نیمچە تەڕی لەبەر کرد تاڕادەیەکی باش لەدەست پێوەدانی مێش دەرباز بووین بەڵام ئەو شوێنانەی بەدەرەوە بون وەک دەست و پێ و لا مل هەر ناوە ناوە چزەی لێ هەڵدەستا .

کە مێک لە شوێنی خۆشوشتنەکە دورکەوتمەوە بۆ ئیسراحەت و جگەرە کێشانێک ، (دکتۆر فاخیر) بانگی کردم گوتی (وەرە ئەو دیمەنە سەیرە ببینە ) دەیزانی من لە هەموو شت ورد دەبمەوە بە تایبەت شتە سروشتیەکان .

چوومە لای دیتم (لەپەنایەک کە تاڕادەیەک سێبەرێکی باشی هەیە و کانیەکی زۆر بچوک لە دەرەزی شاخێک دەردەچێ ئاوێکی سارد

و سافی هەیە) ، لای دانیشتم و کەمێک ئاوم لە کانیەکە خواردەوە و جگەرەیەکم داگیرساند ، ئەو بە پەنجە ئیشارەتی بۆ دەرەزی شاخەکە کرد کە ڕێک لەسەر ئاوەکە بوو دیتم (تۆڕێکی جاڵجاڵۆکە یان بە شێوەزاری هەولێریانە ( داپیرۆچکە ) بە ئەندازەی بستێک دەبوو ڕێک لەسەر ئەو شوێنە بوو کە ئاوەکەی لێدەردەچوو) گوتی (سەیر بکە بزانە چ ڕاوچیەکی شارەزا و بە کار لێرەیە و چۆن نێچیر دەخاتە داو و چەند بە تەڕ دەستی کاری خۆی ئەنجام دەدا) .

دوای چەند دەقیقەیەک بینیم هەرچی مێش و مەگەز و تەنانەت زەرگەتە و زەردەواڵەش لە داوی ئەو ڕاوچیە دەرباز نەدەبوو بە شێوەیەکی وا ئاقلانە و دەتوانم بڵێم زانستیانە تۆڕەکەی ڕێک خستبوو هەر مێش یان مێروێکی دیکە کە دەهاتە سەر ئاوەکە و لە دوای هەستان یەکسەر بەر تەون یان تۆڕەکە دەکەوت . ڕاوچیەفەندی کە بەقەدەر تەنها لەتکە نۆکێک دەبوو لە ( دەرەزی بەردەکە دیارە شوێنی خۆ حەشاردانی بوو ) دەردەپەڕی و زۆر بە تەڕدەستی دەستی دەکرد بە لولدانی نێچیرەکەی و تەواو بە ئاوریشمەکەی دەیپێچایەوە و بەرەو دەرەزی شاخەکەی دەبردن و خۆی دەهاتەوە ئەو شوێنانەی لە تۆڕەکە دەپچڕان بە هۆی جولەی نێچیرەکە زۆربەڕێکی چاکی دەکردنەوە و دەچۆوە شوێنی حەشاردانی خۆی.

ئەوەی زۆر لام سەیر بوو سەرە داوێکی تەونەکەی بە دوای خۆی دا دەیبردە ناو دەرەزەکە لە ڕێگەی ئەو داوە هەر جولەیەک لە تۆڕەکەی ببوایە دەیزانی ئەو نێچیرە کەوتۆتە داوەکە و یەکسەر هێرشی بۆ دەهێناو لولی دەدا

بە شێوەیەک هەندێک جار زەنگەزۆرەشی دەگرت کە چەند جار لە خۆی گەورەتر بوو ؟؟؟

ئەو دیمەنەم زۆر لا جوان بوو هەتا ڕادەیەک پێشم خۆش بوو کە (داپیرۆچکەخان ) مێشی دەگرت من وەک هاندەرانی یاری تۆپێن هانم دەداو دەمگوت دەی بتبینم تۆڵەی ئێمەیان لێبەکەوە _ ئاخر ئەوان ئێمەیان زۆر ئازار دەدا لە کاتی خۆشوشتنەکانمان _ ، بەڕادەیەک ئەگەر مێشولە بکەوتایە سەر تۆڕەکە و (داپیرۆچکەخان) تاخیر ببایە بەدەنگ دەمگووت ( وەرە دەی وەرە تۆڵی پێشمەرگە بکەوە لەو زاڵمەی کە هاوپەیمانی سەدام و عەلی کیمیاییە بۆ ئازاردانی پێشمەرگە لەو دۆڵە تەنگە کۆپتەر نامان بینیتەوە ئەو مێشە پیسانە وەک جاش و مەفرەزەخاسەکان بە دوامانەوەن و هەراسانیان کردوین

. ماوەی سەعاتێک بەدیار ئەو فلیمە دانیشتم بیرم بۆ ئەوەچوو ڕووم کردە دەرەزی شاخەکە و بەدەست تۆڕەکەم جولاند (داپیرۆچکەخان) هاتە دەرەوە و سەیری کرد هیچ مێش و مەگەز نیە سەرتاسەری تۆڕەکەی پشکنی و لە ناوەڕاست وەستا وەک بڵێی لای سەیر بوو , بێئاگا لەوەی (پێشمەرگە)یەک لە کاتی ئەنفال و لە ناوچەیەکی تەواو چۆل کە بۆنی مەرگی لێدێت و هیچ دوور نیە ئێستا یان ڕەنگە دەمێکی دیکە هێزی دوژمن و کۆپتەرەکانی بێن و کارەسات لێرە ڕوبدات هەرچی زیندەوەر بە( داپیرۆچکە خان )یشەوە بەر درندەیی و دلڕەشی (بەعس )یان بکەون و بە (ژەهری کیمیایی ) لە ناو بچن و ئەو هەموو نێچیرەی کە وەک زەخیرە بۆ سەرمای زستان و تەنگانە کۆیان دەکاتەوە و ماندووبوونیان لە پێناو دەکات

وەک میرات بە جێ بمێنێ چاوچنۆکی و دڵڕقی دوژمنانی مرۆڤایەتی (بەعسی و هاوپەیمانەکانیان لە جاش و خۆفرۆش) هەرچی زیندەوەرە لەناو بچێت و تەنانەت ژینگەکەش ویران بکەن .

ماوەی سەعاتێک یان زیاتر بەو شێوەیە رابورد دیار بوو کاتی ئەوە هاتبوو خۆکۆکەینەوە بۆ دابەزین بۆ نزیک شار و ئۆردوگا زۆرە ملێکان کە ببوە شوێنی کۆبوونەوەی تەواوی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان ، منیش وەک هاوڕێیان هەستام بۆ خۆ ئامادەکردن بەڵام جیا لە هەموو هاوڕێیان خواحافیزیم لە (داپیرۆچکەخان) کرد و لە دڵی خۆم گوتم ( دەبێ بڕۆم نازانم دەتبینمەوە یان نا ڕەنگە تا من دێمەوە ئێرە هێزە دڵڕەشەکە بێن تۆو سروشتەکە لە ناو ببەن بە سوتان یان کیمیایی یان ڕەنگە من و هاوڕێیانیش لە شوێنێک بکەوینە کە مین یان توشی شەڕی نابەرابەر بین یان بەهەر شێوەیک بێت لە ناو بچین بۆیە پێت ناڵێم بەهیوای دیدار بەڵکو دەڵێم بە دوعا داپیرۆچکە خان)

# خیانەت کردن
# لە فەرهەنگی ئێمەدا نەبوو

هەر لەسەروبەندی ئەنفالەکان و لەو کاتەی کە خەڵکانێک ( بەناو پێشمەرگە ) دەستیان دەچووە خوێنی یەکتر و سەری یەکتریان ( بەخاتری سەلامەتی سەری خۆیان ) بە دیاری دەبردەوە و گرەو لەسەر شەهید کردنی هاوڕێ و هاوسەنگەر دەکرا .

لەو کاتە و لە نیوەی دووەمی مانگی ( ٦ / ١٩٨٨ ) ئێوارەیەک بە نیازی چوونە (ئۆردوگای زۆرەملێی دارەتوو) لە بەستی شرغەوە دابەزین بۆ پەیداکردنی پێویستی کە ماوەی چەند ڕۆژێک بوو لەبەر بوونی قوەت نەمانتوانی بوو لە بەستی شرغە دەرچین ، پێویستی زۆرمان بە تایبەت بە بەنزین هەبوو بۆیە هەر دەبوو ئەو ئێوارەیە بەهەر نرخێک بێت خۆمان بگەیەنینە (دارەتوو ).

بەهەرحاڵ هاتین هەرچەندە ناوچەکە زۆر مەترسیدار بوو بەهۆی بوونی قووەت و زۆری گەڕان و سوڕانی کۆپتەر ، دەمەو ئێوارە گەیشتینە نزیک گوندی ( چەمرگە ) لەوێ سەیارەکەمان کوژایەوە کاتی سایەقی

سەیارەکە ( خولەی گچکە هەرچەندە منداڵ بوو بەڵام سایەقێکی زۆر چاک و هەمان کات فیتەرێکی باشیش بوو ) سەیری کرد گووتی بەنزینمان نەماوە کە لەو کاتە و لەو شوێنە پڕ مەترسی و دووره دەستە شتێکی خراپ بوو ، ناچار بە پاڵدان سەیارەکەمان گەیاندە ژێر پردی گوندەکە و دوو هاوڕێ( د. فاخیر وڕابەر _ هاوڕێیەکی دابڕاوی لقی گەرمیان بوو ئەو کاتە لای ئێمە بوو ) لای سەیارەکان جێمان هێشتن , ئێمەش ( کاوە چاوشین، چەتۆ ، خولەی گچکە ، بروسک ، ئاسۆی قەرەجوغ ) بە پێیان ڕۆیشتین بۆ (دارەتوو ) لەڕێگا تووشی ڕەشەبا و تۆزوخۆڵێکی زۆر بە هێز بووین کە من لە ژیانم تۆزوبای ئەوەندە بەهێزم نەدیبوو بە شێوەیەک بەردی بە قەبارەی هێلکە چۆلەکەی پێمان دادەدا کە هەتا ڕادەیەکی باش ئازاری هەبوو هەر ئەوەندمان بۆکرا بەهەردوو دەست سەر و گوێلاکی خۆمان لەو بەردانە بپارێزین ، باش بوو ماوەکەی کەم بوو لێمان ڕەتبوو .

دوای ماوەی ( ٢٠-٤) سەعات گەیشتینە (دارەتوو) زۆر بەووریایی و لەسەرەخۆ و دوای لێورد بوونەوەیەکی زۆر بەدووربین ئەوجا من لە پێشەوە هاوڕێیان لەدوای من چوینە ماڵەکانی پێشەوە کە ناسیاری خۆمان بوون , لایان سەیر بوو کە چۆن بەناو ئەو هەموو کەمینە ( کە بەقسەی ئەوان ئەو ئێوارەیە لە چواردە شوێن کەمین هەبووە ) توانیومانە بگەینە ئێرە .

بەهەر حاڵ نانێکی بەپەلەمان خوارد و دەستمان کرد بە کۆکردنەوەی بەنزین ماوەی ( ٥-٢ / ٣ ) سەعاتمان پێچوو تاکو بڕی پێویستمان پەیداکرد ،ئێستا دەبێت مشوری ( گوێدرێژ ) بخۆین بۆ گەیاندنی ئەو بڕە

بەنزین و خۆراکە بۆ لای سەیارەکە کە لە دووری (٤ /٥ ) سەعاتە ڕێیە و دونیاش واخەریکە ڕۆن دەبێت .

هاتینەوە لای ناسیارەکانمان گۆێدرێژی خۆیان پێداین و شتەکانمان بار کرد و بەپەپەل بەڕێکەوتین ، چونکە کات درەنگ بوو وە گوێدرێژیش عادەتی وایە ( ئەگەر خاوەنی خۆی نەبێت ڕێناکات ) بەزۆر و ڕاکێشان و لێدان هەر چۆنێک بوو گەیاندمانە ناو (بەستی کورداوە) لەوێ باشتر بوو ئێمەش لەچاوان بزر بووین چونکە ڕۆژمان بەسەر داهەڵهات ( ئەگەر ) لەو ناوچەیە ئاشکرا باین دەرچونمان مەحال دەبوو ئیتر لەناو بەست بۆماوەی دوو سەعاتێک ڕۆیشتین تا لە شوێنی خۆمان نزیک کەوتینەوە کە سەر (جادەی بیستانە)یە نزیک (گوندی چەمرگە )، بەهەر حاڵ ناچارین دەبێت لەجادە بپەڕینەوە و بچینە لای سەیارەکە پەڕینەوەش لەوکاتە کە سەعات دەوری (هەشتی بەیانی )ە زۆر ترسناکە چونکە زۆر جار قوەتی ڕژێم دەردەچێت و کۆپتەریش هەر باس ناکرێ ، بەهەرحاڵ من و هاوڕێ کاوە لە پێشەوە ڕۆیشتین تاکو سەر جادە و سەیرمان کرد دونیا کش و ماتە ( دیارە بەختمان هەیە ) زووبەزوو چوینە لای سەیارەکە ئەو هاوڕێیانەی لای سەیارەکە نەمابوون ئەوە بۆ ئێمە باش نەبوو ، من چوومە شوێنێکی کەمێک بڵند وەک پاسەوان هاوڕێیانیش خەریکی بەنزین تێکردن و بارکردنی شتەکان بوون ، بە تەڕ دەستی کارەکان کران و سەیارە کەوتە گەڕ و سواربووین بەرەو لای ( گوندی ڕەسوڵ بچکۆڵ) ، لەڕێگا هاوڕێ( کاوە ) زۆر بێزار بوو لە ڕۆیشتنی دوو هاوڕێی لای سەیارەکە و بەمەزەندەی ئەو سوچی هاوڕێکەی گەرمیانە و مەزەندەی منیش

پێچەوانەی ئەو بوو کە هاوڕێکەی خۆمان ئەوی گەرمیانی ڕازی کردووە و ڕۆیشتوون ، ئێمە دڵنیا بووین کە نیازیان خراپ نیە بەڵام شوێنی سەیارەکە بۆ ڕۆژ خراپ بوو بۆیە دوور کەوتوونەتەوە.

بەسەلامەتی گەیشتینە گوندی (ڕەسوڵ بچکۆڵ) , لەدوورەوە هاوڕێکانمان لەوێ دیت دڵخۆش بووین بەوەی سەلامەتن و بەبێ ماندوو بوون یەکمان گرتەوە , دوای پرسیارکردن مەزەندەی من ڕاست دەرچوو هاوڕێ( د. فاخیر) هاوڕێکەی دیکەی ڕازیکردبوو کە باشترە لەشوێنی سەیارەکە دوورکەونەوە کەبەبڕوای من کارێکی باشیان کردبوو .

ئیتر هەندێک ئیسراحەتمان کردو نانێکمان خوارد و لە ناو کاولە دێکە پەرت بووین بۆ خەوتن , من چومە لای سەرەوەی گوندەکە هاوڕێیانیش هەریەکەو لە لایەک هاوڕێ (ئاسۆی قەرەجوغ) چووە دەرەوەی گوند هەندێ بنە داری لێبوو گوتی من لێرە دەخەوم , ئیتر خەوتین تاکو دوای (سەعات دووی پاش نیوەڕۆ) یەکە یەکە هەستاین و لە ناو خانوێک کۆ بووینەوە بۆ نان ئامادە کردن بۆ نیوەڕۆ کە نان حازر بوو بانگی هاوڕێ (ئاسۆ)مان کرد وەڵامی نەبوو ناچار هاوڕێ (د. فاخیر) چووە دوای بۆ لای دارەکە بینی تەنها تاقم و تفەنگەکەی لەوێیە خۆی دیار نیە یەکسەر زانیمان ڕۆیشتۆتەوە بۆ تەسلیم بوونەوە, ئەوەی لام سەیر بوو چۆن ئەو هاوڕێیە هەر شەو لە (دارەتوو) خۆی لە ئێمە نەدزیوەتەوە و ئەو هەموو ماندوو بوون و ڕێگا پڕ مەترسیەی بڕیوە و هاتۆتەوە بۆ ناوچە پڕ مەترسیەکان و دوای تفەنگ و تاقمەکەشی جێهێلاوە و ئەوجا دووبارە ئەو ڕێگا پڕ مەترسیەی بڕیووە و گەڕاوەتەوە , سەیر تر لەوە ئێمە هیچ

نەکەوتینە شک و گومان لەو هاوڕێیە کە ڕەنگ بێت خیانەتمان لێ بکات بەڵکو دڵگران بووین بەوەی دەبوو ئێوارە هەر لە (دارەتوو ) خواحافیزی لێمان بکردایەو ئەو ماندووبونەی نە کێشایە چونکە دڵنیا بووین کە لە (قامووسی هاوڕێیانی ئێمە ووشەی خیانەت بوونی نیە) .



**چەتۆی بەڕانەتی**



**چەتۆی بەڕاتی**



**پۆلێك لە هاوڕێیانی بەتالیۆنی پێنج**

# دڵسۆزی جەماوەر زامنی سەرکەوتنی پێشمەرگە بوو

لە هاوینی ( ١٩٨٨ ) هەر لە سەر وبەری ئەنفالەکان و لەو کاتەی سەری پێشمەرگە باشترین و بەنرخترین دیاری بوو لەلایەن کەسانی نەفس نزم و بوودەڵە بۆ سەرانی ڕژێمی بەعسی لە ناوچوو.

ئێمە ( ١- کاوە چاوشین ٢- چەتۆ ٣- د. فاخیر ٤- بروسک ٥- خولە گچکە ) تاکە مەفرەزەی بەتالیۆنی پێنجی ( حشع ) بووین لە ناوچەکە مابووینەوە کە دەبوو ڕۆژانە بۆ پەیداکردنی خۆراک و بەنزین و پێداویستی تر لە (ناوچەی بەستی شرغەوە) دابەزینە نزیک شار و لە دەواجنەکان یان کۆمەڵگا زۆرەملێکان یان ئەو یەک دوو گوندەی مابوون.

یەک لەو ڕۆژانە دەبوو بچینە دەواجنەکانی( گردە ڕەشە) بۆ لای دۆستی دڵسۆزمان کاک ( عومەر بچکۆڵ ) کە زۆر جار بەهاوکاری خاوەن دەواجنەکە پێویستیەکانیان بۆ دابین دەکردین.

دەمەو ئێوارە بەڕێکەوتین بەرو شوێنی مەبەست دوای خۆر ئاوابون گەیشتینە زوورگەکانی سەرو (گوندی باغەمرە نەرمە) هەر لەوێرا زانیمان کەمین لەسەر ڕێگای ئێمە هەیە بەهۆی ئەو (گلۆپە سەوزەی) کە کاک ( عومەر بچکۆڵ ) وەک ئیشارەتی بوونی کەمین بۆی دانابووین بە قەدی دیواری دەواجنەکەوە ( دەبێ لێرەوە بڵێم کە لە زۆر شوێنی دیکە ئیشارەتی

وامـان بـۆ دانرابـوو وەک دەواجنەکـانی بـاغـەمرە لەلایەن مـالی مـام حـاجی عەلی و خزمەکانی وە دەواجنەکای مورتکە ماڵی کاك عبدالقادری حاجی عەبۆ وە هەندێک ماڵی لاپەڕگەی بنەسراوە و تەنانەت لە هەندێک ڕەبیەی جاشـیش ئیشـارەتمان هەبـوو ) , بە دیتنـی گلـۆپە سـەوزەکە ناچـار بـووین ڕێگـۆرکێ بکەیــن و بەرەو دەواجنەکــانی خــوارەوە ڕۆیشــتین و لە دوورەوە سەیارەکەمان ڕاگرت و چوینە ناو دەواجنەکان و نانێکی بەپەلەمـان خوارد و ڕامـان سـپاردن کە هەنـدێک خواردنمـان بـۆ ئامـادە بـکەن لەگەڵ خۆمـان بیبەینەوە .

بەرەو دەواجنـی کـاک ( بچکـۆل) چـوین چـونکە هەر دەبـوو بچینـە ئەوێ لەبەر ئەوەی بەنزین و هەندێ داوو دەرمانیشمان لە ڕێخستنەکانی شارەوە بۆ هـاتووە ئیتـر مـن و هـاوڕێ (کـاوە) لەپـێش هاوڕێیـان بە نـاو دەواجنەکـان و بەوریـاییەوە بەرەو شـوێنی مەبەسـت ڕۆیشـتین تـا گەیشـتینە نزیـک مـاڵی کاک (عومەر ) کەمێک هەستمان ڕاگرت و دواتر بەردێکم هاویشتە ناو حەوشـەکەیان کـاک ( بچکـۆڵ) هـاتە دەرەوە و کە ئـێمەی دیـت بە چپەوە گوتی (ئیشارەتەکەتان نەدیوە ؟؟ بەدەستی ئیشارەتی ئەو دیـوی خانووەکەی کرد )و گوتی( کەمین هەیە) ، دیارە نێوانمان تەنها خانووەکە بوو من گـوتم دەزانین و ئیشارەتەکەمان لە دوورەوە بینیوە بەڵام هەر دەبێت شتەکان ببەین ، ئیتـر خۆی و براکـانی شـتەکانیان بۆ هێنـاینە دەرەوە و لێمـان وەرگـرتن و ئەو گوتی (کاتی دەنگی سەیارەکەتان هات جاشەکان کەوتنە خۆ ئامـادەکردن و یەکتریان ئاگادار دەکـردەوە خۆشـیان بـوو لە هاتنتـان و دەیـانگوت هـاتن هـاتن ئامادەبن) ؟

بەهەر حاڵ شتەکانمان وەرگرت و بەر لەوەی بڕۆین من گوتم (دەمەوێ کەمینەکە ببینم) و بە وریایی چوینە حەوشەکەیان و لەسەر دیواری حەوشە تەماشام کرد کەمینەکە ژمارەیان ( ١٥ ) کەسێک دەبوو کە چۆن بۆ لێدانی ئێمە لەناو خەتە جووتی شینایی خۆیان مەڵاس داوە بێئاگا لەوەی بەهۆی گلۆپە سەوزەکەی سەر سەریان و دڵسۆزی دۆستانمان ئێمە لە هەموو شت ئاگادارین و ئێستا لە پشت ئەوان بەسەلامەتی هاتوین و تەماشایان دەکەین ئەگەر لەبەر تێکچونی ماڵەکە نەبێت دەتوانین یەکە یەکە ئەو خەتە جۆتانەیان بۆ بکەین بە گۆڕستان .

بەهەر حاڵ شتەکانمان وەرگرت و من و هاوڕێ (کاوە) لە پێشەوە و هاوڕێیانیش لەدوامان گەڕاینەوە بۆ ئەو ماڵەی ڕامان سپاردبوو خواردنمان بۆ ئامادە بکات دیار بوو (دە دوازدە مریشک ) یان بۆ حازر کردبووین ، ئەوانیشمان هێنا و ڕۆیشتین بۆلای سەیارەکەمان و لەوێش ماوەیەک بە پێیان لەپێش سەیارەکە ڕۆیشتین تا لە ترس دەرچوین ئەوجا ئێمەش سواری سەیارەکە بووین بەرەو بەستی شرغە بەسەلامەتی و بەدەست و دیاریەوە تێمان تەقاند .

وەختی بەیانی گەیشتینەوە حەشارگەکەمان کە لای ماڵی ( مام قادرتەها و پلکە لەعلی ) بوو شتەکانمان دانا و یەکسەر نوستین چونکە زۆر ماندوو بووین کاتی نیوەڕۆ بوو کە من لە خەو هەستام خواردن لایەن ( پلکە لەعلی و ناهیدە خانی کچی ) ئامادە کرابوو کە خواردنێکی زۆر باش و پوختە بوو ، چەند هاوڕێیەکی کادریش لەوێ بوون لەو خواردنە بەشدار بوون و لە بیرمە کە چۆن و چەند شارەزایانە وەستایانە ڕانی مریشکیان بادەدا و ئەو سینگە مریشکە پانانەیان لوول دەدا کە ئێمە بەو مابدوو بوون و مەترسیە زۆرە

پەیدامان کردبوو , ڕێک ئەو پەندە کوردیەم بیر کەوتەوە کە دەڵێ ( گا دەیکات و کەر دەیخوات ) دیار بوو زۆر وەستا بوون لە خواردن.

ئەو ڕۆژە ئێمە نیازمان نەبوو بچینە خوارەوە چونکە هیچ کارمان نەبوو بەڵام ئەو بەڕێزانە ( کادیرەکان ) دیار بوو دەیانویست بچنەوە بۆ شار و دەورو بەری شار کە بێگومان ( بۆئەوان ) خۆشتر و ئیسراحەت تر بوو دەبوو ئێمەش بیانگەیەنینە شوێنی مەبەست ناچار ئەو ئێوارەیەش بەهەمان شێوە و ماندوو بوون هاتینە دەواجنەکانی (باغەمرە ) بۆ ئەوەی لەوێوە بۆخۆیان لە جادە بپەڕنەوە و بچنە ئەو شوێنەی خۆیان مەبەستیانە ، سەیر لەوە بوو ئەو ( زەلامە گەورانە ) زاتیان نەکرد لە جادە بپەرنەوە داوایان لە ئێمە کرد بە پێشیان بکەوین بەڕاستی من بە ئانقەست نەچوم هاوڕێ کاوە بەتەنیا بە پێش چوار زەلام کەوت و لە جادەی پەڕاندنەوە .



**چەتۆی بەڕانەتی لەگەڵ کاک عومەر بچکۆڵ**

# خۆ کردنە قوربانی

زۆر جار بووە مرۆڤ بۆ پارستنی گیانی ئازیزانی ئامادەیی دەربڕیوە کە خۆی بکاتە قوربانی نمونەی وا ڕەنگە زیاتر لە لایەن باوک و دایک بۆ منداڵ زیاتر بێت نەک کەسانی دیکە چونکە قوربانی بەخۆدان لە پێناوی کەسی دیکە ڕەنگە بە قسە ئەوەندە گران نەبێت , بەڵام بەکردار و لەسەر ئەرزی واقیع ڕەنگە زۆر زەحمەت بێت و بڕیاری وا جورئەت و ئازایەتی لەڕادە بەدەری دەوێ بەتایبەت کە ئامادەکاری بۆ نەکرابێت و لە چرکە ساتی پێویست بڕیاری وا گەورە و فیدا کاری بدرێت.

وابزانم شەوێک لەشەوانی لە پایزی ( ١٩٨٤ ) بوو کە وەزعی ناو شاری هەولێر ئەو کاتە تا ڕادەیەک شڵەژابوو ڕژێم هەوڵی دەدا بەهەر نرخێک بێت دەست بەسەر وەزعەکەدا بگرێت و بە نیسبەت خۆیان ئاسایی بکاتەوە بۆ ئەو مەبەستە هێزێکی زۆری ( قوات خاصە) ی هێنابوە هەولێر و دەست کراوە بوون هەرچی بیکەن ئەوەبوو شەو و ڕۆژ هەر خەریکی سەیتەرە و کەمین دانان بوون .

دیارە یەک لەو شەوانە لەنزیک ماڵی ئێمە بە هێزێکی زۆرەوە سەیتەرەیان دانابوو ئێمەش ئاگاداری نەبووین ئەو شەوەش کۆبوونەوەیەک لە

مـاڵی ئـێمە هەبـوو لە نێـوان (برادەرانـی ڕێخسـتن کە هاوڕێیـان ڕەوەنـد و کۆچەر و ئارام ) بوون وە پێشمەرگەکانی شار کە (هاوڕێ عەباس و بڕیار و داود و سەرباز) بوون کە لیقایەکی تایبەت بە هاوکاری یەکتری بوو ئەو کاتەش ماڵی ئێمە وەک ماڵی حیزبی بوو هەردەم کاری وای لێدەکرا و بۆ خۆحەشـــاردانی کـــادیر و پێشـــمەرگە بەکاردەهـــات.

دەوری سـەعات هەشـت بـوو بـرادەرێکم نـاوی ( تـاریق) بـوو هـاتە لام بـۆئەوەی بەیـانی بەیەکەوە بچـین بـۆ کـار , لەبەر دەرگـا ڕاوەسـتابووین کاتێک زانیمان دەنگی چەند تەقەیەک هات ئێمە بەهیچمان هەڵنەگرت چونکە ئەو کاتە تەقەکردن ئاسایی بوو , بەردەم ماڵی ئێمە ساحەیەکی مام ناوەنـدی بـوو لە پێـنج لاوە کـۆڵانی دەهـاتەوە سـەر دوو لەو کۆڵانـانە بەرامبەرمـان بـوو ، لەو دوو کۆڵانە ( قـوات خاصـە ) دارژانە نـاو سـاحەکە هەمـووی چەک بەدەسـت ، ئـێمە ویسـتمان بچیـنە ژوورەوە یەکسـەر و بە یەکەوە هەموویـان میلی چەکیـان لـێ ڕاکێشـاین ژمارەیـان زۆر بـوو هەمـوو جۆرە چەکێکیان پێ بوو , من یەکەم جارم بوو چەکم لێڕاکێشـن بە تـایبەت بەو ژمارە زۆەر و جۆری چەکەکان کە ( بی کەی سی و ئـاربیجی )یـان بەرامـبەر ڕاگـرتم بەڕاستی بەتـرس بـوو , زۆر ترسام لە دووشت, یەکەم لە خۆم و دوەم لە ماڵەوە کە مـن دەمزانـی کـێ و کێی لێیە , گوتیـان ( وەرن چەکەکانتان بهێنن ) بێگومان بەعەرەبی یەکسەر (تاریق) باڵای وەک مـن درێژ نەبوو هەر بە پەنای ئەو سەیارەی کە میوانیمان بـوو چـووە مـاڵی ئـێمە و نەیـانبینی بەڵام مـن هەرچەنـدە ( متخلف ) ی خزمەتـی سـەربازی بـووم هەوڵـی ئەوەم نەدا خۆم بـکەمەوە ژووری خۆمـان و خـۆم بـزر بـکەم لێیـان بە

هەنگاوی درێژ بۆ لای ئەوان چووم و هەوڵم دا نەزانن من هی کام ماڵم چونکە من دەمزانی کێ و کێ لە ژوورێنە و ئەگەر بچمە ژوورەوە بێگومان بەدوام دا دێن چونکە منیان دیت و وایان زانی منم تەقەکانم کردووە بۆیە لێیان خوڕیم وداوای چەکیان کرد .

بەناچاری لێیان چوومە پێش و بە بیرم داهات هەرچیم لێبکەن چاکترە لەوەی بەسەر ماڵمان دا بدەن چونکە لەو حالەتە کارەسات ڕوودەدات ئەو هەموو ( چەکدارە قوات خاسە) وئەو هەموو (پێشمەرگە و کادیرە ) بێگومان شەڕێکی خوێناوی ڕوودەدات و هەموان بە ماڵی ئێمەشەوە و میوانەکەشمان کە کاک ( مەلاعومەری دوستەپە ) بوو لە ناو دەچن , ناچار بڕیارم دا خۆم بکەمە قوربانی ئەو ئازیز و کەس و کارە و زیاتر هەنگاوم نا بەرەو ڕووی هێزەکە و بەترس و قوڕگی نوساو ( بێگومان لەترسان ) گوتم (وەلـلا هیچ چەکم نیە) ، چەند هەنگاوێکی دیکەش چومە پێش بە شێوەیەک تەواو لە ماڵی خۆمان دوورکەوتمەوە و بڕیارم دا هەرچیم لێبکەن نەڵێم ماڵم لێرەیە و بە هەر شێوەیەک بێت دەست خەڵەتیان بدەم و لە ماڵی خۆمان دووریان بکەمەوە بە نیسبەت خۆم هەرچی دەبێت با ببێ .

لەو کاتە لە کۆڵانی دەستە ڕاستمان دوو کەسی چەکدار بەدیار کەوتن دیار بوو جاش بوون ، یەکسەر یەکیان لة ( قوات خاسةکان ) تێبینی کرد کە ئەو دوانە هاتن , چونکە ئەوانی دیکە کە ژمارەیان نزیکەی ( ٤٠ ) کەس دەبوو هەموویان دەوری منیان دابوو هەموو ڕووی چەکیان لامن بوو ، ئەو کەسەیان گووتی (گەورەم ئەوەتان) و بەدەست ئیشارەتی بۆ

دووکەسە چەکدارەکرد یەکسەر هەموویان دووبارە چەکەکانیان ڕاکێشایەوە ئەو فیشەکانەی لەبەر تفەنگەکان بوو کەوتنە سەر زەوی بەدەورو پشتی من , هەرچەندە زۆر دەترسام بەڵام خۆم تێک نەدا ، ئەوان هەموویان بەرەو لای چەکدارەکان چوون و دیاربوو چەکیان کردن و بەپاڵدان بردیانن و منیان بە تەنیا بە جێهیشت لە ناو ساحەکە چونکە دیتیان من چەکدار نیم .

کە ئەوان بزر بوون کەمێک ترسم ڕەویەوە لەو کاتە (تاریق)ی برادەرم لەماڵی ئێمە هاتە دەر دیار بوو هەر لەسەر پەیژەکەی پشت دەرگا سەیری هەموو ڕووداوەکەی کردبوو هەندێک قسەی کرد هیچی تێنەگەیشتم و فکرم لای نەبوو .

ئەو ڕۆیشت و منیش بە شل و خاوی یان ڕاستتر بڵێم لەترسان لاقم لە دوو نەدەهات گەڕامەوە ماڵ و لە ژووریٚ (باوکم و مەلاعومەر ) دانیشت بوون و هاوڕێیانیش لە ژوورەکەی دیکە لە کۆبوونەوە بوون بێئاگا لەو کەرەساتەی ( ئەگەر من هەڵسوکەوتێکی هەڵە یان بشێوابام ) ڕووی دەدا ، قورگم نوسابوو زۆرم تێنوو بوو دەستم بۆ دۆلکەی ئاوەکە برد تەرکیزم نەمابوو دۆلەکەم بەردایەوە و ئاوەکە ڕژا لەو کاتە باوکم سەیری کردم و دیاربوو ڕەنگم تەواو سپی ببوو بەسەرسوڕمانەوە گوتی ( چیت بەسەر هاتووە بۆ ڕەنگت واتێک چووە ؟؟؟ ) قورگم ئەوەندە وشک ببوو نەمتوانی قسە بکەم تەنها داوای ئاوم کرد , بەرداخێک ئاویان دایە دەستم دوای خواردنەوەی کەمێک هاتمەوە سەر خۆ و لەو کاتە دیار بوو هاوڕێیانیش دانیشتنەکەیان تەواو ببوو هاتنەوە ژووری میوان و ئەو دیمەنەی منیان دیت و پرسیان قسە بکە چی بووە ؟؟؟ ئەوجا هاتمە قسە و هەمووم بۆ باس

کردن بەڕاستی سەریان سوڕما لەو کارەی من و زۆر دڵخۆش بوون و دەست خۆشیان لێکردم بەتایبەت (مامۆستا ڕەوەند ) چەند جارێک گوتی ( بەڕاستی عەزیمە زۆر ئاقڵیت کردووە ) و چەند قسەی دیکەی وایان کرد و زۆر بەشـــــان و باڵیـــــان دا هەڵگـــــوتم.

مـن لە ژیـانم بەحـوکمی پێشـمەرگایەتی و کـاری ڕێخسـتن توشـی مەوقیفـی نـاخۆش بـوویم بەڵام قەت لەو جـارە ناخۆشـتر و پـڕ مەترسـیترم نەدیـووە بـاوەر ناکـام بشـیبینم چـونکە ئاسـان نـیە مـرۆڤ بکەوێـتە نێـوان هەڵبـژاردن لە نێوان گیانی خۆی و کەسانی عەزیـزی خۆی زۆر زەحمەتە لەوکـاتە بڕیـاردان بەتـایبەت بـۆ منێکـی کەم تەمەن و کەم تەجـروبە کە ئێستاش بیـرم دەکەوێـتەوە مـوچڕکە بەگیـانم دادێت ئەو کـارە و ئەو جـۆرە تێکەتن و هەڵوێست وەگرتن و هەڵسانەوەیە هەر بە قسە خۆشە کە مرۆڤ ئامادە بێت خۆی بکاتە قوربانی ئەوانی تر.



شەهید عەباس          شەهید بڕیار



## چەتۆی بەڕانەتی



شەهید داود   شەهید سورە   شەهید سەرباز



شەهید داود   شەهید بڕیار

# نوکتەی پێشمەرگایەتی

لە کۆتـــایی ســـاڵی 1989 لە ناوزەنـــگ بـــووین ، (دکتـــۆر هۆشـــەنگ) لە بەرەگـــایەکەی ئـــێمە و لە ژوورەکەی ئـــێمەش بـــوو.
شەوێک دەوری سەعات(8.5 )بوو نەخۆشێکیان هێنا لای دکتۆر کە ژنێکـی گونـدی (زەڵـێ ) بـوو هەمـوو دەماننـاسـی ، هـات و چۆمـان لەگەڵیـان هەبـوو ، دیـاربوو منـداڵی لەبەر چـوو بـوو، ئـازاری زۆر بـوو ، هێنایـانە ژوورەکەی ئـێمە ، دکتـور هەر لە سـوچێکی ژوورەکە خەریکـی چارەسـەری بـوو ، ژن هەر هـاوار هـاواری بـوو ، لەو کـاتە هـاوڕێ (حەمە ڕەشـاش ) هـاتەوە یەکسـەر بە هێواشـی لەمێـردی ژنەکەی پرسـی ئەوە چ نەخۆشیەکی هەیە ، دیاربوو پیاوەکەش گوتبـوی توشی نەخۆشی (قـوڕگ ئەستورە ) بووە ، دیاربوو شەرمی کردبوو بڵی منداڵی لەبەر چووە ، هاوڕێ (حەمە ڕەشـاش )ی چەنـبەری زۆر بە ئاسـایی دەیگـۆت (ئـێ خوشـکم چ هاوار هاوارتە من چەند جار وەک تـۆم لێهـاتووە هـیچ هاواریشـم نەکـردووە ) بـێ ئاگـا لەوەی ئەو قـوڕ بەسـەرە منـداڵی لەبەر چـووە ، ئێمەش هەمـوو لە ژێرەوە پێدەکەنین بەوەی کە هاوڕێ ( حەمە دەیگۆت منیش چەندجار وەک تـۆم لێهـاتووە و هـیچ هاواریشـم نەکـردووە ) ئەویـشهەر قسـەکەی دووبـارە دەکردەوە ، بە حیساب ورەی ژنەکە بەرز دەکاتەوە



**هاوڕێ حەمەرەشاش**

# بەزمی خولەی گچکە و خارە خولە

(خاڵی خۆم بەتەنها بەجێناهێلم)

لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٧ ئۆردوگا زۆرە ملێکان جێگیر بوون و بوونە شوێنی زۆربەی خەڵکی گوندەکان کە دۆست و خانەخوێی پێشمەرگە بوون بەردەوام هامووشۆ و مانەوەی پێشمەرگە و کەس وکاری پێشمەرگە یەکتر دیتن سەردانەکان لە ئۆردوگاکان ئەنجام دەدرا وای لێهاتبوو زۆرجاران خێزانی پێشمەرگە لەگەڵ پیاوەکانیان تاکو بەرەبەیان لە ماڵە خزم و دۆست ژورێکیان بۆ چۆل دەکرا و بەیەکەوە دەمانەوە دوای بەسەر بردنی شەوێکی هەنگوینی بەر لە خۆر هەلات لێک جیادەبوونەوە.

شەوێک هاوریمان خاڵە خولە خێزانی هاتبووە ئۆردوگای ( دارەتوو ) بۆ هەمان یەکتر دیتن ، ئێمە کەزانیمان شتێکی وایە کەسمان لەگەڵ (خاڵە خولە ) تەوزیع نەبووین بۆ ئەوەی خاڵمان ئیسراحەتی خۆی وەرگرێ لەگەڵ خێزانی تا بەرە بەیان بمێنێتەوە ، لە بیرم ماوە شوێنی یەکتر دیتنەکەش ماڵی کاک ( ڕەسول ) ی خزمی بوو .

دیارە دوای بڵاو بوونەوەی ئێمە ( خولەی گچکە ) کە بەتەمەنیش

هەر بچـوک بـوو سـەری لەو بەزم و ڕەزمە دەرنەدەچـوو کە دەبینـێ خـاڵ بەتەنیا ماوەتەوە وا دەزانێ ئێمە خاڵمان لەبیر کردوە و بەتەنیا بەجێماوە بۆیە بڕیـار دەدات لەگەڵـی تەوزیـع بێـت و دەکەوێـتە دوای و دەڵـێ( نابێـت تـۆ بەتەنیا تەوزیع بیت مـن بە تەنیا خاڵی خۆم جێناهێلم )، خاڵێش هەرچەند دەڵێ ( کاکە بڕۆ لەگەڵ هاوڕێیان خەمی منت نەبیت ، مـن دەچمە مـاڵی خزم و شتی وا ) ئەو هەر دەڵێ ( من خاڵی خۆم بەتەنیا بەجێناهێلم ) وەک بنیشـت پێـیەوە دەنوسـێ ، ناچـار خـاڵە خـولەش بێـدەنگ دەبێـت و خـولەی گچکە دەکەوێتە دوای و دەچنە مـاڵی کـاک ( ڕەسوڵ ) و نـان دەخۆن و دیـارە چەنـد جارێـک کـاک ( ڕەسـول ) یـش بەبەر گـوێی خـولەی گچـکە هەڵدەدا کە خاڵە بەجێ بهێڵی بەڵام ئەو هەر دەڵی ( مـن خاڵی خـۆم بەتەنیا بەجێ ناهێلم ) .

ئیتر وردە وردە کات درەنگ دادێ و چەند جارێـک دەڵێـنە (خولـەی گچکە) ئەگەر خەوت دێت بنوو کە هاوڕێیان ڕۆیشتن بانگت دەکەین هـیچ فایدەی نابێت شەو درەنگ دادێ و ( خاڵەخولە ) ی فەقیر ناچار دەبێت بە نـادڵی و بە ..... هتـد خواحـافیزی لە دایکـی منـداڵەکانی دەکـات و یـاغر یـــــــاغر دێـــــــــنەوە لای هاوڕێیـــــــــان.

کە هـاتنەوە هەمـوو لای سـەیارەکان بـووین کەسـمان نەمـان دەزانـی خاڵمـان بەدەسـت (خـولەی گچـکە) توشـی ئەو بەزمە هـاتیە هەر بەسـعری خـۆی دەرچـووە ، ( ئێسـتاش لەبەر چاومە کە گەیشـتنەوە لای ئـێمە چـۆن خـاڵە خولە تفەنـگەکەی لەشانی هێنـا خـوار و وەک چـۆن بـیەوێ لە خولە بدات بەرزی کردەوە و نزیکی کردەوە لەسەری خولەی گچکە) و گـووتی (

شەیتان دەڵێ یەک قۆنداخەی لە تەختی نێوچەوانی بدە و دایکەکەی بگێ وەک سەگ بیتۆپێنە لە ئێوارەوە دەڵێ خاڵی خۆم بەجێناهێلم وادەزانی گورگ دەمخوا سەگی سەگباب ) , ئەوجا ئێمە تێگەیشتین چ ڕوویدایە و بووە پێکەنین و هاوڕێیەک گووتی ( کورە خولە ئەو کەتنەت کردیە؟ ) .

سەیر لەوەدابوو (خولەی گچکە) تا ئەو کاتەش هەر لە وەزعەکە نەدەگەیشت و هەر دەیگوت ( ئێ هاوڕێیان ئەنگۆ هەموو ڕۆیشتن و خارە خولەتان بەتەنیا بەجی هێشت ئەمن بەتەنی بۆ جێم نەهێشت لەباتی چاکەی خۆشتان تورە دەکەن؟؟؟ )



**خولەی گچکە**



خارە خولە و پۆلێك لە هاوڕێیان



خولە گچکە و پۆلێك لە هاوڕێیان

# خواردنی تێکچوو و ژەهراوی بوون

زۆربەی کاتەکان وابوە لە نوسینەوەی ژیانی پێشمەرگایەتی هەر باسی شەڕ و و چالاکی و شتی وا دەنوسرێنەوە کەمتر یان هەر هیچ باسی لایەنەکانی دیکە وەک ڕوداوی ناخۆش و یان بەسەرهاتی کۆمیدی و ئەو شتانە باس ناکرێ کە لایەنێکی دیاری ژیانی پێشمەرگایەتیە و لە دانیشتن و یەکتر دیتنەکان کۆڕی پێ گەرم دەکرێ ، لەبەر ئەوە لێرە هەوڵ دەدەم شتێکی وا کۆمێدی و پێکەنیناوی بگێڕمەوە کە لە کاتی ئەنفالەکان بەسەرمان هات هەرچەندە پێکەنیناویە بەڵام ناخۆشیەکەی لەناخۆشیەکانی دیکە کەمتر نەبوو ئەگەر زیاتر نەبوبێت .

لە ناوچەی (بەستی شرغە) بەڕێکەتین بۆ (دەشتی شەمامک ) ئێوارەکەی گەیشتینە دەو (جادەی مەخمور) وەک باو بوو دابەش بوینە ناو دەواجنەکانی نزیک (منارە) کە زۆربەیماڵەکان ناسیار و دۆستی خۆمان بوون ، لە یەک لە ماڵەکان کە ماڵی ( مام ڕەحمان سەرخوری ) بووجگە لە نان خواردنی ئێوارە نزیکەی (دە مریشک ) یان هەر بە ئاوی خۆی بۆ حازر کردین بۆ بەیانی و لەگەڵ خۆمان بردمان و ڕۆیشتین بۆ لای کەپر و شینایيەکانی ناو ( کۆدەرە ) ی نزیک گوندی ( عەوێنە ) کە شوێنێکی

تاڕادەیەک باش بوو بۆ خۆحەشاردان و بەتەواوی چۆل بوو , دەبوو شەو و ڕۆژی دواتریش بە نهێنی لە ناو کاولە کەپر و کاولە خانوەکان بمێنینەوە تاکو ئێوارە چونکە هەر ئاشکرابوونێک دەبووە مەترسیەکی گەورە . بەهەرحاڵ شەو گەیشتینە شوێنی مەبەست و لێی خەوتین تا بەیانی و زۆربەی هاوڕێیان تا نیوەڕۆ لەخەو هەڵنەدەستان هەرواش باشتر بوو بۆ ئەوەی جولە کەمتر بێت ، کات گەیشتە ئەوەی نانی نیوەڕۆ ئامادە بکرێ کە گەرم کردنەوەی مریشکەکانی ماڵی ( مام رەحمان سەرخوری ) بوو لەگەڵ هەندێک (تەماتە و خیار و ماست) کە هاوڕێیانی دیکە هێنابویان ، دەست کرا بە نان خواردن ، بێگومان بۆ پێشمەرگە مریشک بە ئاوی خۆی و تەماتە و خیار و ماستاو شتێکی باشە و باش دەخورێ ، دواتریش چا لێنرا و ئاوی سارد و ئیسراحەت و جگەرە دوای چەوری و چا !!!! دەست کرا بەقسەی خۆش بە کورتی پاشایانە بوو .

کات ڕابوورد و دەست کرا بە ئامادە کاری بۆ جەولەی ئێوارە و شەو هاتینە لای (جادەی مەخمور گوندی دوگردکان و ..... هتد) شەو بەهەمان شێوە گەڕاینەوە هەمان شوێن بۆ خۆحەشاردان و ئیسراحەت .

دەمەو بەیان هەستم کرد برادەران جولەیان زۆرە و زیاد لە ئاسایی دەچنە سەر ئاو , پرسیم ئەوە چی بوە؟ ؟؟ نازانم کام هاوڕێ بوو گوتی (بۆ تۆ توشی زگچون نەبووی ؟؟؟ هاوڕێیان هەموو لە ئێوارەوە توشی زگچون هاتوون دیارە مریشکەکانی دوێنێ نیوەڕۆ بە هۆکاری گەرما تێکچوون و هەمومان خواردمان و توشی ( تسمم ) ژەهراوی بوین) .

من تا ئەو کات هیچ عەیبم نەبوو بەڵام هاوڕێیان هەر ئەوەتا بۆ

چـونه سـەر ئـاو خۆیـان لێـک نەدەدا بـاش بـوو مەجـالی سـەر ئـاو زۆر بـوو چـونکه له دەو (کـۆدەرە ) بـوین ئەویـش نـیمچه ڕوبـارێکه و دەوروبەریشـی هەمووی قامیش و ژاژ بوو .

بەهەر حاڵ کات ڕابوورد تاکوو نیوەڕۆ من چونکه تـوش نەبوبـوم بـاش خەوتـم ، نـانی نیـوەڕۆ خـورا بەڵام زۆر بەکەمـی چـونکه زۆربەی نەخـۆش کەوتبـون هەبـوو تەنهـا ماسـتاوێکی دەخواردەوە هەبـوو تەنهـا نـانی وشـک ، باش بوو داو دەرمانی باشمان لابوو بۆ هەموو حالەتێک دەتـوانم بڵێم هەمـوو چارەسەریان وەرگرت و هەر یەک لەلایەک پاڵ کەوتبوو وەک خەستەخانه بــوو تــا ئێــرە حــالەتێکی ئاســاییه و شــتی وا ڕوودەدات و بەزم و دیــمەنه کۆمیدیەکان لێرەوە دەست پێدەکات و تەنها سێ بەزم و دیمەن دەگێڕمەوە .

**بەزم و دیمەنی یەکەم :**

گـوتم هەر یەک لەلایەک کەوتبـوو وەک خەسـتەخانه به سـودفه هـاوڕێ (هاوکـاری بەڕانەتـی) له نێـوان مـن و ( مـلازم هەژار و هەردی ) درێژ ببـوو نـازانم باسـی چیم بۆیـان دەکـرد چـاک گوێیـان لێم گرتبـوو لەو کاته (بۆن ) ێکی زۆر پیس هات به شێوەیەک من خەریک بوو قسەکردنم دەپچڕا هەناسـەی گـرتم بەڵام خۆم کۆنترۆڵ کـرد و بەردەوام بـووم له قسـه کردن , هەستم کرد هاوڕێ ( هەردی ) وردە وردە بەرەو دواوە دەکشێتەوە بۆ نــاو ژوورەکه چــونکه لەبەر دەرگــای ژوورەکه بــوو ، هەر بەردەوام بــووم له

قسەکردن و بەسەر خۆم نەهێنا و ڕووم کردە هاوڕێ ( مـلازم هەژار ) بینـیم ئەویش وردە وردە دەکشێتەوە پاش مـن هەر بە ئاسایی قسـەم دەکـرد کـاتێکم زانی هاوڕێ ( ملازم هەژار ) لە جێگای خۆی ڕاپەڕی بۆ دەرەوە گـووتی ( کـورە لەگەڵـم دەسـوڕێ لەگەڵـم دەسـوڕێ ) , بە دەستیشـی ئیشـارەتی سـوڕانی دەکـرد ، دیـمەنەکەی زۆ کۆمیـدی دەهـاتە بەرچـاو ئیتـر منـیش دەرپەڕێم و بـوو بە پێکەنـین , سـەیرتر ئەوە بـوو لەگەڵ پێکەنینـی هاوڕێـیان هاوڕێ ( هاوکار )ی کەتن کەریش بەخەبەرهات و بە هێواشی و لەسەرەخۆ پێدەکەنی بەبێ ئەوەی لەمەسەلەکە بگـات ، لەو کـاتە هـاوڕێ ( سـەربازی بەڕانەتی ) ش لەسەرەخۆ هاتە سەر سـەری هـاوڕێ ( هاوکـار ) و دەیگـوت ( هەستە هاوڕێ هەستە پێدەچێت هەناوت خراپ بوبێت)

## بەزم و دیمەنی دووەم

بۆ ئێوارەکەی دیسان هاتینەوە ناو گوند و دەواجنەکـانی دەوروبەری (جـادەی مەخمـور) شـەو لە کـاتی گەڕانەوە وا ڕێـک دەکەوێ هـاوڕێ ( خولەی گچکە ) لەگەڵ هاوڕێیان ( مـلازم هەژار و هەردی و هـاوڕێیەکی دیکـی بەتەمەن ) لە سـەیارەیەکی بەرازیلی دەبن لە ڕێگـا یەکیـان (بـۆن ) ێکی پیس بەردەدا سەیارەی بەرازیلیش بچوکە بۆن پەنگـاودەداتەوە کەلکـی بزرکردنـی نابێـت ناچـار هـاوڕێ ( هەژار ) ئـاوڕ لە ( خـولەی گچـکە ) دەداتەوە دەڵێ ( خولە ئەوە نوستی ؟؟ ) ( خولەی فەقیر ) تێناگا ئەوە تەنها بۆ ئەوەیە بۆنەکەی بەسەردا ساغ بکرێتەوە چونکە ئەوانـی دیکە بەتەمـەنـن

نـاکریٚ ڕووڵەوان بکـریٚ ، وا تیٚـدەگات کە ئەو قسـەی هـاوڕیٚ ( هەژار ) هەر بۆ هۆشیاریە چونکە شەوە دەبیٚ پشمەرگە هەشیار و بەئاگا بیٚت دەڵـیٚ ( نـاوەڵلا هـاورِیٚ بە خـوای بەخەبەرم ) هـاوڕیٚ هەژار دیسـان دەڵـیٚ ( نـا ئەمن دەزانم خەوت لیٚکەوتبوو ) دیسان ئەو سویٚند دەخوا کە نەخەوتووە ، لەو کــاتە هــاوڕیٚ ( هەردی ) وەک پیــنە کردنــی مەســەلەکە دەڵــیٚ ( دەنابۆرژابووی ؟؟؟؟ ) واتە خەواڵوو بووی ، بەهەر حاڵ بە هـاوڕیٚ ( هەژار و هەردی ) شــتەکەی بەســەردا ســاغ دەکەنەوە و کۆتــاییی بە مەســەلەکە دەهیٚنن .

## بەزم و دیمەنی سێیەم

هەر ئەو شەوەکە گەڕاینەوە سەرەتا لەناو گوندی ( عەلیاوە ) ماینەوە تـا بەرەبەیـان ، شـەو منـیش هەستم بە هەمـان حـاڵەت کـرد و پیٚچ بە زگـم دادەهــات ، بەرە بەیــان کە بەڕیٚکەوتــین بەرەو دەو (کــۆدەرە) هەر لە نیٚــوان گوندی ( سیاو و عەلیاوە ) وەزعم تیٚک چوو گوتمە هاوڕیٚ ( کریٚکار) کە ســەیارەکەی لیٚـدەخوڕی ( وەزعــم خــراپە ڕاگــرە ) ئەو بە شـیٚوە گـاڵتە پیٚکردنەوە گوتیی ( تەحەمـول بکە هیچ نیە ) کەمیٚکـی دیکە ڕۆیشـتین چارەم نەما تاخم و پشتیٚنەکەم کردەوە و گوتم ( وەڵلا ڕانەگری یان دەبی لە ناو سەیارە بیکەم یان خۆم فڕیٚ دەدەم ) , لە ژیانم شـتی وام نە دیتبـوو هەر بەیەک جـار هیٚـزی لیٚبــڕیم بە ڕادەیەک بەرچـاوم تاریـک بـوو ، ئـیٚمە لە دوێنیٚـوە گاڵتەمـان بە هاوڕیٚیـان دەکـرد تـومەز وا بەهیٚـز بـوو ، بەهەر حـاڵ

دەرگـام کـردەوە و گـوتم ( خـۆم فڕێـدەم ؟؟؟ ) , هـاوڕێ ( سـالار )لە پێشەوی سەیارەکە بوو گوتی ( کاکە ڕاگرە ئەمنیش لەو خراپترم ) ئیتر هاوڕێ ( کرێکار ) بەخۆشی گوتی ( وەی وەڵلا ئەمنیش لە ئێوە خراپترم ) ڕایگرت من یەکسەر دابەزیم و دانیشتم دیتم ( سالار) یش بەهەمان شێوە کەمێک لە من دوور دانیشت و هاوڕێ ( کرێکار) یش لە لای خۆی دابەزی و دانیشت , هاوڕێ ( کۆسرەت ) کە تا ئەو کاتە هیچ عەیبی نەبوو ئەویش خۆی فڕێداو دانیشت .

به شێوەیەک کەسمان بەوە ڕانەگەیشتین درەگای سەیارەکە کە دەبڵ قەمەرە بوو دابخەین, دیمەنێکی سەیری هەبوو وەک ئەوەی کەوتبینە کەمین وابوو ، سەیر و خۆشی و بەزمەکە لە هاوڕێیانی سەیارەکەی دوای ئێمە بوو ، کە دیتبوویان ئێمە بەو شێوە لەسەیارە دادەبەزین و خۆ فرێدەدەین و لە ناو پوش و پەڵاش بزردەبین , وایانزانیبوو یان کەمینە یان کۆپتەرلەسەر سەرمانە و هەر کەس خۆی قورتار دەکات ، من زۆرم لا سەیر بوو دیتم لە ئێمە خراپتر ڕادەکەن و لەسەیارە دوور دەکەونەوە ، لەو کاتە من هەستامەوە و لەگەڵ چونەوە لای سەیارەکەی خۆمان بەدەست ئیشارەتم کرد ئەوە چیە ئێوە بۆ ؟؟؟؟

دیاربوو هاوڕێیانی سەیارەکەی ئێمە یەک یەک هاتنەوە و دەستمان بە خۆ توند کردنەوە کرد ئەوانیش بە پێکەنینەوە هاتن و گوتیان ( وامانزانی ئێوە کۆپتەرتان دیوە بۆیە بەو شێوەیە دابەزین و ئێمەش بۆیە وا خۆمان لەسەیارە

فرێدا و گوتمان هەر هیچ نەبیت با پەرت بین چ بزانین ئەوە حاڵی ئێوەیە بەدەست گۆشت مریشکی تێکچوو)



**هاوڕی ملازم هەژار**



هاوڕێ سالار



شەهید کۆسرەت شەهید کرێکار

# قارەمان و مامۆستای زیندان

## پێشکەش بە گیانی مامۆستاو هاوڕێم ( هاوڕێ سالار )

زۆر جاران گوێ بیستی خۆڕاگری و قارەمانێتی هاوڕێ زیندانیەکانمان بووین کە چەند قارەمان و خۆڕاگر و ورە پۆلاین و نمونەی ئازایەتی بوون و جەللادەکانیان شەرمەزار کردۆتەوە و وەک مامۆستا لەو بوارە هاو زیندانی و جەللادەکانیان توشی شۆک کردووە.

نمونە زۆرن , یەک لەوان هاوڕێ ( سەفەر حمدامین بنگردی ) ناسراو بە هاوڕێ ( سالار ) ە کە کادیرێکی دیار و چالاکی ( حشع ) بوو لەهەولێر کە لە بەرواری ( ١٧/١٠/١٩٨٦ ) کەوتە کەمینی هێزەکانی ڕژێم و لەگەڵ کاک ( مەلا عومەری دوستەپە ) بەیەکەوە دەستگیر کران و ڕاپێچی زیندانەکانی ڕژێم کران بەگشتی چوونی بۆ هەولێر و گیران و ئەشکەنجەدان وخۆڕاگری و ...... هتد بەو شێوەیە

مەلا عومەر دەڵێ ئێوارەی (10\16 ) هاوڕێ ( سالار ) کە میوانی ماڵی دایکی کاک ( عبداللەی رەحمان ئاشەوان ) ی بوو لە گوندی ( دوستەپە )لەدوای ناردم دوای یەکتر دیتن داوای لێکردم کە بەیانی کاری پێم هەیە ئامادەییم نیشانداو جێم هێشت .

بەیانی سەعات دەوری ( ١٠ی بەیانی ) لە ناو شینایی کاک ( سەیدقادر ) کە ( دیاربوو شەو هاتبووە ئەوێ ) لەدوای ناردم و داوای سەیارەشی کردبوو زانیم نیازی چوونە شاری هەیە , کە چووم ئەو ئامادە بوو یەکسەر سواری سەیارەکە بوو خواحافیزیمان کرد و بەرەو گوندی ( حەزە ) ڕۆیشتین و لە ڕێگا بۆ دڵنیابوون پرسیارم کرد ( بەرەو شار دەچین ؟؟ ) گوتی (بەڵێ تاکو گەرەکی ( لەتیفاوە ) دەچین) .

ئیتر بەڕێگای گوندی ( حەزە ) بەرەو گوندی ( قونیان ) لەوێ بەڕێگای ( بستیی کاکە بۆز ) بەرەو گەڕەکی( لەتیفاوە ) ڕۆیشتین ، بەر لەوەی بگەینە خەندەکەکەی لەتیفاوە ( کە ئەو کات چواردەوری شار خەندەک بوو )بە دووری دوو کیلۆ مەترێک سەیارەکەم وەستاند وەک ئەوەی کار نەکات بۆ ئەوەی دڵنیابین لەوەی کە ئایا کەمین هەیە یان نا چونکە قەللابێکی سەلاحەدین کە هی کاک ( نەسرەدینی قونیان ) بوو لە پێش ئێمە بوو گوتمان ئەگەر ئەو نەوەستێ دیارە کەمین نیە ئەگەر ئەوێش وەستا ئێمە دەگەڕێینەوە ، بۆنیتی سەیارەکەم هەڵدایەوە و کەمێک خۆم خەریک کرد بینیم سەیارەکە بەئاسایی ڕۆیشت وەک ئەوەی هیچ نەبێت منیش سواری سەیارەکە بووم و بەرەو خەندەکەکە ڕۆیشتم.

(مەلا عومەر) دەڵێ : بەر لەوەی بگەمە خەندەک بە ( ٥٠ -٦٠ ) مەترێک چەند چەکدارێکمان دیت و زانیمان کەمینە ، یەکسەر دەستە چەپم گرت و پێم لە بەنزین نا هەوڵم دا بە خێرایی لێیان دوور کەومەوە بەرەو ڕێگای گوندی ( عارەب کەند ) لێم خوڕی ئەوان یەکسەر دەستیان کرد بەتەقە کردن لە ئێمە , بەڵام من هیچ گوێم پێنەدا و بەرەو ئەو شوێنەی

دەمویست ڕێگام گرت چونکە دەمزانی ئەگەر ماوەی تەنها ( ٢-٣ ) کیلۆ مەترێک بڕۆیشتبام ئەوان نەدەوێران بێنە دوامان ، لەو کاتە هاوڕێ( سالار ) دەمانچەکەی و هەندێک کاغەز و شتی لای بوو خستیە ناو چەکمەجەی سەیارەکە و منیش لە ناو تەقە لە لێخوڕین بەردەوام بووم , کاتێک دیتم ڕێگا کۆتایی هات و کەوتمە ناو زەویەکی کێلدراوی زۆر ناڕێک بە شێوەیەک سەیارەکە هەر هەڵبەز و دابەزی دەکرد هەرجەندە زۆر بەهێزیش بوو بەڵام من گوێم پێنەدا و هەر لە تیژ لێخوڕین بەردەوام بووم بەنیازی دەرباز بوون ، کاتێکم زانی سەیارەکە کوژایەوە ناچار دابەزیم بە نیازی چاککردنەوەی بۆنیتم هەڵدایەوە تەقەش بەرەو ڕوومان دەکرا بە شێوەیەک لەدەور وپشتمان بەعەردی دەکەوت بینیم وایەری کۆیلی داکەلاوە هەتا خستمە شوێنی خۆی و ویستم سوار ببمەوە (سێ کەس) لە وان کە ( سەید صالح وقاسم ڕەشید و مفەوەز وادی ) بوون بەسەیارەیەکی ( کرۆنای تەکسی ) و چەک لەدەست گەیشتنە سەرمان ,کە هەر سێکیانم دەناسی چونکە لە پیاوە ناسراوەکانی ڕژێم بوون لە هەولێر بەتایبەت ( سەید سالح ) چونکە شەریکی ئەو ( محل ) ە بوو کەمن ڕسقی خۆمم لێی دەفرۆشت ، کە ئەوم دیت یەکسەر گوتم ( تەقە مەکەن منم ) ئەو یەکسەر منی ناسی و گوتی (بۆ نەوەستای ؟ ) گوتم (نەم دیتن ) بەڵام باوەریان نەکرد و لەو کاتە مفەوەز ( وادی ) زللەیەکی لێم دا ( سەید سالح ) پرسی (ئەوە کێیە لەگەڵتدایە) گوتم (خاڵمە ) ، ئیتر دەستیان بەستاین و خستمانیانە ناو سندوقی سەیارەکەی خۆیان و بردمانیانین , لە ڕێگا هاوڕێ (سالار) هەرچی کاغەز و شتی دیکەی لابوو خستیە ناو سەیارەکە و بەمنی گوت

(مـن دەناسـرێم باشـترە بڵێـی ئەو کەسـە ناناسـم و بە زەبـری چەک سـواری سەیارەکەم بووە بۆ ئەوەی قورتار بیت دەنا وەزعت خراپ دەبێت ئەگەر بزانن لەگەڵ منی ) من گوتم (قەت شتی وات بەرامبەر ناکەم بشم کوژن) ئەو گـوتی (بە خـۆم دەڵـێم بەو شـێوەیە یە) ، لەڕێگـا گوێمـان لێبـوو یەکیـان بەعەرەبی دەیگوت (چەکدارمان گرتووە ) دیارە هەرزوو دەمانچەکەیان لە نـــــــاو ســــــــــەیارەکە دۆزیبـــــــــــــوەوە.

مەلا عومەر دەڵێ بەو شێوەیە گەیاندمانیانە ئەمن و دوای پرسینی ناو نـاو ونیشـان منیـان بـردە سـجن و لە ئینفیـرادی مـاوەی ( ٢١ ) ڕۆژ هـیچ قسەیان لەگەڵ نەکردم , بەڵام دەمزانی هاوڕێ ( سالار ) بەردەوام دەبردرێ بـۆ ئەشـکەنجە و لێکـۆڵینەوە زۆر جـار دەنگـیم دەبیسـت و دەمزانـی زۆر بە ئـازارە تـا ڕادەیەک چەنـدین جـار وڕێنەی دەکـرد و بەبێ هـۆ نـاوی ( ابـو احـــــــــــــلام )ی دەهێنـــــــــــــــــا.

لە دوای ئەو کـاتە لێکـۆلینەوە لەگەل مـنیش دەسـتی پێکـرد بەڵام بە شـێوەی هـاوڕێ( سـالار ) نەبـوو لە قسـەی ئەمنەکـان زانـیم کە هـاوڕێ (سالار گوتـویەتی مـن ئەو ناناسم و بەزەبری دەمـانچە سواری کردووم , ( دیارە قسەی خۆی گەیاندبووە جێ ), کە ئەو قسەیە بۆ من زۆر باش بوو .

لەو مـــاوەیە بە فێلێــک کە ســجنەکان دەیــانزانی شــەوانە دوای (نیوەی شەو ) دەرگای ژوورەکانمان دەکردەوە و یەکترمان دەدیت و قسـەمان لەگەڵ یەکتـری دەکـرد و هـاوڕێ (سـالار) ئامۆژگـاری دەکـردین و هەردەم هانی دەداین بۆ ئەوەی ئیعتـراف نەکەیـن بە ڕادەیەک هەندێک کەسی لە ئیعتراف کردن پەشیمان کردەوە شەوان سەرەڕای وەزعـی خراپـی خۆی وەک

(مامۆستا بۆ خۆڕاگری دەرسی دەداین ) هەرچەندە تەعزیبی ئەو بەقەد هەمومان بوو چونکە دەیانزانی بەرپرسی ڕێخستنێکی زۆرە بەڵام هەرچی کردیان نەیانتوانی یەک وشەی لێ دەربێنن تەمەنیشی لە هەموومان گەورەتر بوو , ئەوجا لەهەموان خۆڕاگرتر و بە ورەتر بوو.

مەلا عومەر ناوە لەقسەکانی دەیگوت (مامۆستا بوو مامۆستا سەرەرای ئەو هەموو برینەی جەستەی ، ئەگەر ئەو نەبوایە ڕەنگ بوو زۆر لە زیندانیەکانی ئەو کات ئیعترافیان بکردایە ) .

لەوکاتانە بوو کەسێکیان هێنا بەناوی ( یوسف سیاوی ) کە سەر بە ڕێخستنەکانی ( حسک - ئ د ش ــ بوو کوڕێکی زۆر خۆڕاگر و قارەمان بوو بە شێوەیەک هاوڕێ سەفەر پێی سەرسام بوو بە شێوەیەک ئاخ و ئۆفیشی بەزار دانەدەهات نەک ئیعتیراف ) .

ئەوانەی ئەو کاتە لە سجن بوون جگە لە وانەی ناوم هێنان هەر لەیەک لە بەڕێزان ( محەمەد مەنگوڕی و شوان ڕواندزی کە ئێستا عەمیدی شورتەیە وە بەختیار ڕواندزی کە ئەویش عەمیدی شورتەیە و هاوڕێ ئارام و هاوڕی حوسێنە گۆج و جەنگی شەقڵاوە و ڕۆستەمی برای شەهید سولەی قۆڕیتانی کە جاشەکانی ماڵی جەلال پیربال بەگرتنیان دابوو وە دوو پێشمەرگەی یەکێتی کە لوقمانی مەلا عەلی گرد عازەبان و کاوەی شەهید عەلی سالح وچەند کەسێکی دیکە ناویانم لە یاد نەماوە) , کە هەموو شایەدی ئازایەتی و خۆڕاگری هاوڕێ( سالار)ن و بەرکاری گەری ئەون لە خۆڕاگری و من و ڕەنگە ئەوانیش خۆمان بە قەرزاری ئەو بزانین و بە مامۆستای خۆمانی دابنێین .


مەلا عومەر دەڵێ : لە (١٧یان ١٩٨٧ /١/١٨ ) کاتی هاوڕێ (ئارام )یان هێنا لای ئێمە هاوڕێ (سالار) سەرەڕای حاڵی خۆی زۆر بە گیرانی هاوڕێ( ئارام) دڵگران بوو بە تایبەت کە هاوڕێ هەندێ ناو و بەڵگە نامەی لەلا گیرابوو نەدەتوانرا نکوڵیان لێ بکرێ و بەو هۆیەوە چەند کەسێک گیران لەوانە ( شکری حاجی هەینی و لوقمان شێخە و مامۆستا تاهیر و .....هتد ) , کە ئەو بەڵگانە بوونە هۆی ئەوەی هاوڕێ (ئارام ) حوکمی ئیعدام بدرێ .

لەو ماوەیە هەر هەموو شەوێک هاوڕێ (سالار و ئارام و یوسف سیاوی ) زۆر بە توندی ئەشکەنجە دەدران بە تایبەت هاوڕێ (سالار) بەڵام هیچی نەدرکاند هەرچی کاک( ئارام ) بوو نەیتوانی نکوڵی بکات لەوشتانەی لای گیرابوو کاک (یوسف )یش دوای ئەوەی ناو لەپیان خسبوە سەر سۆبە و هاوڕێکەشی ئیقناعی کرد کە ئیعتراف لەسەر خۆی بکات وهەموو شتەکان بخاتە سەر خۆی بۆ ئەوەی برادەرەکەی بەربێت و واستە بۆ ئەو بکات و هەوڵی بەردانی بدات وەبوو هاوڕێکەی بەربوو بەڵام ئەو حوکمی ئیعدامی بۆ دەچوو.

مەلا عومەر دەڵێ شەوێک لەو شەوانەی هاوڕێ (سالار و ئارام )یان برد بۆ لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدان درەنگی شەو هاوڕێ (ئارام )یان هێنایەوە پرسیاری هاوڕێ (سالار)مان کرد ئەو گوتی وابزانم هاوڕێ (سالار) لە نەتیجەی ئەشکەنجەی زۆر گیانی سپارد ئەوە بوو هەر نەیان هێنایەوە و هیچ دەنگی نەما دیارە قسەی (ئارام) بوو .

کاک مەلا عومەر زۆر جار جار لەکاتی گێڕانەوەی ئەو قسانە

دەگریا بەتایبەت کە باسی (ڕۆستەمی برای شەهید سوله)ی کرد و دەیگوت (گەنجێکی زۆر قۆز و جوان بوو) وە کە باسی (کاوەی شەهید عەلی سالحی دەکرد دیارە منداڵی هەبووە و زۆر باسی منداڵەکەی کردووە) ،وە لە کاتی هەموو ناو هێنانێکی هاوڕێ (سالار) هەر دەیگوت (قارەمان بوو مامۆستا بوو مامۆستا ) .



**هاوڕێ سالار (سەفەر)و شەهید ئازاد و خێزانەکەی**



مەلا عومەری دوستە پە چەتۆی بەڕانەتی



شەهید هاوڕێ سالار (سەفەر) کۆچکردوو مەلا حەسەن مام خدر روسی

# پیاوی رۆژی تەنگانە ( مامۆستا کۆچەر )

**پێشکەش بە گیانی مامۆستاو هاوڕێم ( مامۆستا کۆچەر )**

**دیمەنی یەکەم**

هەر لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان (مامۆستا ناسیح) هەر چەنــدە گەنجێکـــی کەم تەمەن بـــوو بەلام نـــاوێکی دیـــاری نـــاو رێخســـتنەکانی (حشـــع ) و هەولێـــر بـــوو بەگشـــتی ، لەهەر کـــۆر و گردبونەوەیەک جێگای دیاری خۆی هەبوو ،

رێـــک لەســـالی ( ١٩٧٠ ) دوای دوای رێکەوتنـــی ئـــازار کە پێشـمەرگە هـاتنەوە شـار و ئاهەنـگ و خۆشـی دەسـتی پێکـرد و چەنـدین ئاهەنگی ژن گواستنەوە لە هەولێر کران کە زۆربەیـان بە ئانقەست دەکرانە کەرنەڤالی گەورە گەورە لەلایەن حیزبەکان بۆ دەرخستنی جەمـاوەری خۆیـان بەتـایبەت ( حشع ) چەنـد ئـاهەنگێکی وای رێکخست , کە یەک لەوانە ئاهەنگی ژن گواستنەوەی ( ئەحمد کەریم ) بوو لە گەرەکی ( بەلاشاوە ) ئیسکانی ئێستا دەتوانم بلێم بە شێوەک خەلک کۆکرابۆوە حیزبی دیکەی توشی شۆک کرد ، چ لەبەر زۆری خەلکەکە و چ لەبەر رێک و پێک بەرێوەچونی ئاهەنگەکە هەرچەندە من ئەو کات زۆر منـدال بـووم بەلام باشم

لەبیــرە زۆربەی شــیوعیەکان بەشــداری ئەو ئــاهەنگە بــوون کە ئەو کــات ئاهەنگەکان لە رۆژی پێشترەوە دەستی پێدەکرد و رۆژی دواتر دوای عەسر تەواو دەبوو .

لەو تەمەنە بچــوکەم چەنــد شــتێک زۆر ســرنجی راکێشــام کە تائێستاش لەبیرم ماون یەک لەو شتانە ناوی ( مامۆستا ناسیح ) بوو هەر لە رۆژی پێــنج شــەمەوە ئەو نــاوەم بەر گــوێ کەوت و دیــاربوو کەســە دیارەکانی ئاهەنگەکە پرسیاریان لە یەکتری دەکرد ( مامۆستا ناسیح ) دیار نیە لام سەیر بوو دەبێ ئەو ( مامۆستا ناسیح ) ە کێ بێت و چۆن بێــت ؟؟؟ تــاکو بەیــانی هەر لە خەیــالی بــووم.

بەیــانی رۆژی هەینــی هەر دەهــات و میــوان دەهــات بەرادەیەک قەلەبالغ بوو من شتی وام قەت نەدیتبوو بە دەهۆل زورنا شاییەک دەستی پێکردبوو وەک دەلێن نەسەری دیار بوو نەبن یەک پارچە پەرۆی سۆر و شاباشی کەسانی دیاری شیوعی دەکران پارەی ئەوەندە زۆر دەخرانە بەردەستی شاباش کاران کە جێی سەرسورمان بوو ئەو رەفتارە شکۆی شایی و خاوەن شایی دەردەخست ، پرسیاری ئەو ( مامۆستا ناسیح) ەش هەردەکرا بەرادەیەک ( ئەحمەد کەریم ) زۆر بە تورەیی و مشەوەشی دەهات و دەچوو زۆر نیگەران بوو لە دواکەوتنی ( مامۆستا ) زۆر حەزم دەکرد ئەو میوانە بگات و بیبینم کە ئەوەندە جێی گرنگی هەموانە .

لە ناکاو یەکێک لە ئامادەبووان بەدەست ئیشارەتی ئەو چۆلیەی کرد کە دەکەوتە نێوان گەرەکی ئێمە و گەرەکی سەیداوە رێک ئێستا شوێنی بارەگای یەکگرتووە گوتی ( ئەها ئەوەتا ئەفەندی هات ) , دەتوانم

بلێم من بەر لەهەموان سەیرم کرد بەلام چ ئەفەندی نەبوو هەرچەندە دوور بوو وەک کاری مندالانە بەرەو رووی غارم دا تا لێی نزیک کەوتمەوە زۆر جوان سەیرم کرد و لەو کەسە وردبومەوە کە لەدوێنێوە وا باس دەکریّ و هەموو پێی مەشغولن ، ئێستاس دیمەنیم زۆر جوان لە بیرە ( گەنجێکی بالا مام ناوەندی کورتەک و شەروالێکی مرادخانی خاکیی نوێی لەبەردابوو پێدەچوو یەکەم جار بێت لەبەری کردبێت وە کە سەیری دەموچاویم کرد هەستم کرد تازە لەبەر دەستی شەرتاش دەرچوە بە هەنگاوی زۆر نەرم دەهات) ، چونکە لە دێنێوە بە حەسرەتی دیتنی بووم قەرەبەقەرەی دەهاتمەوە و هەر سەیرم دەکرد ، ئەوهەستی بەو گرنگی پێدانەی من کرد و لێی پرسیم ( ها کوریژگە ناوت چیە ) وەلامم دایەوە گوتی ( باوکت ناوی چیە ) کە گوتم کوری فلانم یەکسەر داهاتەوە ماچی کردم دیار بوو باوکمی دەناسی ، کە بەلای منی مندال ئەو ( مامۆستا ناسیح ) ە باوکی منیش دەناسیّ !!!!!دیارە کەسێکی زۆر گرنگە .

ئیتر گەیشتە لای خەلکەکە و سەلامی کرد ( ئەحمەد کەریم ) بیّ ئەوەی وەلامی بداتەوە بەدەنگی بەرز گوتی ( کۆری باش ئەوە تۆ لەکوێی لە دوێنێوە خۆت بزر کردیە ئێمە سەد ئیشمان پێتە ) ئەوەش بەلای من گرنگ بوو پیاوێک سەد ئیشیان پێی هەبێت !!!!! ئەو بە شێوەیەک وەلامی دایەوە هەستم کرد دەیەویّ خەلک نەزانیّ ئەو بۆچی دواکەوتوە بەدەنگی نەرم و شێوە چپەیەک گوتی ( کاکە گیان باوەر بکەن لە دوێنێوە هەر خەریکی ئەوەم خەبەر بۆ برادەران بنێرم بۆ ئەوەی هەموو ئەورۆ لێرە ئامادە بن ) , دیار بوو ئەو خەریکی کۆکردنەوەی زۆرترین برادەر بوو بۆ ئەو

خۆدەرخستنەی کە پێشتر باسم کرد و دوای ماوەیەکی زۆر ئەوجا لەو خۆدەرخستنە گەیشتم و زانیم ئەو برادەرانە کێن کە ( ماموستا ناسیح ) هەولـــــــــــی بــــــــــۆ داوە.

ئیتر ئەو رۆژە بە گشتی من هەر چاوم لەسەری بوو تا بزانم ( پیاوی سەد ئیش ) چۆن بەچ شێوەیەک سەد ئیش رادەپەڕێنێ ، دێتەوە بەر چاوم کە چەند بەحەماسەوە دێت و دەچێ و ئیش و کاری ئەو ئاهەنگە رادەپەڕێنێ و بەخێر هاتنی میوان دەکات و چۆن بەدەم هەموو میوانەکانەوە دەچێت و زۆربەی میوانەکانیش دەیناسن !!!! ( تەنانەت چەندین جار شاباش بە ناوی ئەوەوە کرا ) وەک کەسێکی نزیک و خاوەن ئاهەنگ و خەم خۆری رێک وپێکیی ئاهەنگ دەردەکەوێ ئەوەم زۆر بەلاوە سەیر بوو ئاخر ئەوە خزمی ئێمە نیە و قەتیش لەو مالانەی خۆمان نەمدیووە !!! ئەدی ئەوە بۆ ئەوەندە بەپەرۆشە بۆ باش بەرێوەچونی ئاهەنگ و شاییەکە ؟؟؟ بە شێوەیەک تاکو ئێوارە مایەوە و لە بەرێکردنی میوانەکانیش بەشدار بوو وە چەندجارێک تێبینیم کرد بەجیاو لەدووری خەلک لەگەل میوانەکان قسەی دەکرد وەک ئەوەی ئەرکیان پێبسپێری یان شتێکی گرنگیان لەگەل باس بکات .

منی مندال چەندم حەز دەکرد بزانم باسی چیان بۆ دەکات یان چ ئەرکیان پێدەسپێری چونکە هەندێک لەوانەی ئەو قسەی لەگەل دەکردن بە دەوری شاییەکەدا دەسورانەوە یان دووری شاییەکە دەوەستان لە کاتی نان خـــــواردنیش لە خزمەتـــــی میوانەکـــــان دابـــــوون.

دوای یەک دوو رۆژ لە خزمەکانم دەمبیست کە بەراستی ( ماموستا

ناسیح ) دەوری چاکی هەبوو لە بەڕێوەبردن و ڕێخستنی ئاهەنگەکە و هەر چەند جار باسی ئەو ئاهەنگە بکرابایە دەوری ( پیاوی سەد ئیشەکە ) باس دەکرا کە زۆر لای مـن جێـی پرسـیار بـوو بـۆ ئەو کەسـە ئەو هەمـوو مانـدووبونەی کـرد لە کاتێـک نە بـرا و نە ئـامۆزا و نە خزمـی زاوایە کە عــادەتەن لە ژن گواســتنەوە هەر ئەوانە خــزمەت دەکەن و دیــارن ، دوای مــاوەیەکی زۆر ئەوجــا بــۆم دەرکەوت کە بەلــێ ( مامۆســتا ) وەک کادیرێکی گورج و گۆلی حیزب ئەو ئەرکەی پێسپێردراوە ئەویش بەو پەری دلسۆزی و لە خۆ بوردویی بە کاری خۆی هەلدەستێ بۆ ئەوەی بۆ دۆست و نەیاری بسەلمێنێ ( کە ئێمەی کۆمۆنیست ) نەک هەر لەکاری حیزبی و دیسپلینی حیزبی نمونەین بەلکو لە کـاری کـۆمەلایەتیش هەر پێشـەنگین و دەبــــــێ هیــــــدی چاومـــــــان لێــــــبکەن.

سال هات و ڕۆیی ناوی ( مامۆستا ناسیح ) زیـاتر بەرگـوێم دەکەوت و لە حەفتایەکان ئەو ناوە بووە ئەستێرەیەکەی دیاری شـاری هەولێر تـا کـار گەیشـتە ئەوەی لە کـاتی ئیمزاکردنـی ( جەبـهە لەگەل بەعـس ) نـاوی ( مامۆستا ) کەوتە لیستی ئەوانەی کە کەسانی چالاک و دیاری ( حشع ) بـوون بریـاری پاکتـاو ( تصفیه ) یان لەلایەن حیزبێکـی نەیاری جەبـهە بـۆ دەرچـوو بـوو وە دیـاریەکی گـران بەهـا دیـاری کـرا لەبەرامـبەر سـەری هەر یەک لەو کەسـانەی ناویـان لە لیسـتەکە دابـوو بەلام دیـارە بە زیرەکـی و ئازایی خۆی سەلامەت دەرچوو .

لە نیوەی دوەمی حەفتاکان ناوی ( مامۆستا ) هەر درەوشاوەتر دەبوو تا کاتی ئیرهابی بەعسیەکان لە کۆتـایی ( ١٩٧٨ ) و سـەرەتای ( ١٩٧٩

) کە کرایە سەر تەواوی ڕێخستنەکانی ( حشع ) لەسەرتاسەری عێراق و کوردستان , ڕێخستنی هەولێریش بێبەش نەبوو لەو ئیرهابە گشتگیرە و تەواوی ڕێخستن لەبەر یەک هەلوەشایەوە و هەندێک لە کادیرەکان خۆیان شاردەوە بەتایبەت سەرکردایەتی بەگشتی بەرەو دەرەوە رایانکرد و تەنها بەمەبەستی رزگاری کردنی گیانی خۆیان تەواوی ڕێخستنیان بەبێ خاوەن لەبەر دەستی بەعس بەجێهێشت ، خەلکێکی زۆر گیرا و ( ئیعتراف و بەرائەتی ) پێدرا خەلکێکی کەم مایەوە خۆی نەدا دەست و بە شێوەی ( ئیختیفا ) مایەوە و هەندێک بەرەو دەرەوەی شار رۆیشتن و چەکیان پەیدا کرد و بەدەست پێشخەری خۆیان مەفرەزەی سەرەتاییان دروست کرد ......هتد .



شەهید مامۆستا کۆچەر

**دیمەنی دووەم**

دوای ئەوەی ئیرهابی بەعس دەستی پێکرد و سەرکردایەتی ( حشع) بە مەبەستی پاراستنی گیانی خۆیان پشتیان لە جەماوەر بەگشتی و ئەندام و لایەنگرانی حیزب بەتایبەتی کرد پەرتەوازەیەکی وا هاتەکایەوە دەتوانم بلێم تاک و توک دۆست و لایەنگرانی حیزب مانەوە بە بێ ئەوەی توشی ( ئیعتراف و بەرائەت ) نەهاتبن ئەوەی کە مابۆوەش بە شێوەی ( ئیختیفا ) دەژیان چ لە شارەکانی خۆیان یان بەرەو بەغدا رایان کردبوو ، مالی ئێمەش لەو حالە بێبەش نەبوو ، باوکم گیرا و بەرائەتی پێدرا بەلام ( کاکل ) برای گەورەم کە قوتابی ( ئامادەیی پیشەسازی ) بوو دیارە رۆژێک بەمەبەستی گرتنی دەچنە قوتابخانە ئەو بەسەر دیوار خۆی رزگار دەکات تەنانەت کتاب و شتەکانی قوتابیەکی هاوسێمان بۆی هێنایەوە .

دوای ماوەیەک بەو حالە و بە وەزعێکی ناخۆش رامانبوارد لە ترسی گیرانی ( کاکل ) ی کاکم .

رۆژێکی گەرمی هاوینی ( ١٩٧٩ ) ئەگەر هەلە نەبم مانگی رەمەزان بوو باوکم چونکە بەرۆژوو بوو رایسپاردم کە بچم شوتیەک بکرم بۆ ئێوارە زۆر گەرام تا لە سوچی گەرەکی ئیسکان و گەرەکی خۆمان رێک بەردەم قوتابخانەی ( دار المعلمات ) کە ئەو کات لەوێ بوو شوتی فرۆشێکم دیت لام سەیر بوو چونکە قەت لەو شوێنە شوتی فرۆشی لێنەبوو ، بەهەرحال من شوتیم دەوێ ، چومە لایان دوو کەسی غەریب بوون لەبیرمە شفتیەکم دەست نیشان کرد بای (٢٢٥ فلس واتە چوار درهەم نیو ) بوو ئەو

کەسەی پارەکەی لێوەرگرتم شکلی غەریب نەبوو لای من گوتی ( دەی ئیشاللا ئەو کورە قۆزە خوردەی لایە خودرەمان نەماوە زۆر پێویستین ) , منیش بەدەم لێوردبوونەوە ( کە ئێستاش لەبەر چاومە ) تەنها کراسێکی سپی کەمێک دراو و شەروالێکی مەیلەو سپی لەبەر دابوو زۆر سەرنجم دا و بە شێوە سەرسومانێکەوە گوتم ( ناوەللا خوردەم لانیە تەنها ئەو ٢٥٠ فلسیەم لایە ) هەستم کرد ئەو وەک بلێی هەر دەیەوێ بەرێم کات گوتی ( دەی مشکیلە نیە ) لەجیاتی ئەوەی تەنها ( ٢٥ فلس ) م بداتەوە ( ٥٠ فلس ) ی دامەوە و شفتیەکەی دادەستم گوتی ( برۆ عافیەتتان بیت ) .

ئیتر شوتیەکەم وەرگرت و گەرامەوە مال لەرێگا هەر لە فکری ئەو شوتی فرۆشانە بووم بەتایبەت ئەوەی قسەی لەگەل کردم چونکە وەک گوتم شکلی غەریب نەبوو وەک ئەوەی ئەویش منی ناسیبێت وابوو ، گەیشتمەوە مال باوکم و تەواوی مالەوە دانیشتبوون ( کاکل )ی کاکیشم لە مال بوو کە ئەو کات زۆر بەکەمی دەهاتەوە مال چونکە بە شێوەی ( ئیختیفا ) دەژیا ، شوتیەکەم دانا و گوتم ( وەللاهی ئەو شفتیەم لەکەسێک کری هەر بە ( مامۆستا ناسیح ) دەچوو ) باوکم گوتی ( چی ؟؟؟ مامۆستا ناسیح شوتی دەفرۆشێ ؟ ) گوتم ( دوو کەس شوتیان لای دار معلمات داناوە یەکیان هەر بە مامۆستا ناسیح دەچیت ) باوکم ڕەتی کردەوە و گوتی ( ئەو نەبووە بزانە کەسێک بووە لەوی کردووە ) بەلام ( کاکل ) پرسیاری شوێنەکەی کرد و و ڕۆیشتە دەرەوە و گوتی ( بۆ نان خواردنی ئێوارە دێمەوە ).

دوای ماوەیەک زانیمان ئەو دوو شوتی فرۆشە ( مامۆستا ناسیح و مامۆستا عەبدوللا شەریف ) بووین بە مەبەستی دروست کردنەوەی ڕێخستن ئەو کارەیان کردووە و هەر لەوێ لەگەل ( کاکل ) ی کاکم ڕێک کەوتون لەسەر ئەوەی شانەی حیزبی لەو گەرەکە و گەرەکی ئیسکان دروست بکاتەوە لەو کەسانەی ( بەرائەت ) یان نەداوە یان خەلکی جێگای سیقەن.

هەر وەها بیستم هەر بۆ دروست کردنەوەی ڕێخستنی حیزبی ( مامۆستا ناسیح ) وەک کەسێک بۆ بازرگانی کردن و کرینی خوری سەردانی ناوچەی کەندیناوە و قەراجی کردووە و زۆربەی ئەو خەلکانەی دیوە کە جێی سیقە بوون و دووبارە ڕێکی خستوون بۆ کاری حیزبی بەلام بە نهێنی جا نازانم بۆ ئەو کارەش ( مامۆستا عەبدوللا شەریف ) لەگەل بووە یان نا ئەوە ئەو خۆی لە ژیان دا ماوە دەتوانێ وەلامی ئەو پرسیارە بداتەوە ..

## دیمەنی سێیەم

دوای ئەوەی ئیرهـــابی بەعـــس بەرەو کەمـــی چـــوو وەک ئەوەی کۆتاییان بە کاری خۆیان هێنابێت وەک پێشتریش باسم کرد زۆربەی هەرە زۆری دۆست و ئەندامی حیزب بەبەر شالاوی ( ئیعتراف و بەرائەت کەوتن ) وەزع کەمێک ئاسایی ببوەوە و چاودێری مالان و بەسەردادانی مالان کەمتر ببوو ، ( کاکل )ی کاکیشم زیاتر دەهاتەوە مال و هەندێ جار شەوانیش لە مال دەخەوت ، لە یەکێک لەو شەوانە لە ناوەراستی پایز بوو بارانێکی وورد دەباری گەرەکەکەی ئێمە چونکە لە مێژ نەبوو دروست کرابوو کۆلانەکانی هەمووی ببوە قوراو تا رادەیەکی باشیش هەوا سارد بوو ، لەدەرگا درا کە چووم دەرگام کردەوە بینیم ( مامۆستا ناسیح ) بە جلک و بەرگێکی سەیر کە پێک هاتبوو لە بێجامە و کورتەک و پێلاوێکی باش لەبەر دەرگا وەستاوە پێلاوەکانی کەمێک قوراوی و جل و بەرگیشی کەمێک تەر بوو ، فەرمووم لێکرد بۆ ژوورەوە ئەو گوتی ( نا دانانیشم بانگی کاکل بکە بەس مەلێ مامۆستا ناسیحە بلێ برادەرێکتە با باوکت نەزانێ ) , دیار بوو بۆ کاری حیزبی هاتبوو کە وەک پێشتر باسم کرد دەستیان کردبۆوە بە خۆرێخستن و دروست کردنەوەی شانەی حیزبی بەلام زۆر بە نهێنی وە جۆری جلو بەرگەکەشی هەر بۆ ئەوە بوو تا لە خەلک بشێوێنێ ، ئیتر بەو شێوەی باسم کرد خەبەرم دا بە ( کاکل ) و رۆیشت ماوەیەکی زۆری پێچوو ئەوجا هاتەوە ئەویش لیێ تەئکید کردمەوە کە بە باوکم نەلێم ( مامۆستا ناسیح ) هاتووە و لەگەل ( کاکل ) یەکتر دەبینن.

وەزعەکە بە گشتی بەو شێوەیە بەرێوە دەچوو تا نزیکەی مانگێک

دیسان شەوێک ( مامۆستا ناسیح ) بە هەمان شێوە و بە نهێنی هاتە لای مالمان ماوەیەکی درێژ لەگەل ( کاکل ) بزر بوون شەو درەنگ ( کاکل ) هاتەوە چەد جارێک سەیری کردم وەک ئەوەی بیەوێ شتێکم پێ بلێ , تا درەنگ گوتی بەیانی پێلاوە شەورۆکەت و پشدێنەکەت دەبەم بۆ خۆت هیدی بکرە وام زانی هەر گالتەم لەگەل دەکات چونکە چەند جاری دیکە شتی منی دەبرد و بەکاری دەهێنا .

بەیانی رۆژی ( ٨ / ١١ / ١٩٧٩ ) من چووم بۆ ئیش و نیوەرۆ وەزع لە مالی ئێمە ئاسایی بوو بۆ ئێوارەکەشی هەر وا چونکە زۆر جار ( کاکل ) شەوانیش نەدەهاتەوە ، بەلام دوای عیشا ( جەمیلە ی خوشکی عەبدوللا ) هاتە مالی ئێمە و گوتی ( ئەو قاقەزەم لە مالی خۆمان دیتەوە بزانن چیە ) چونکە ئەو خوێندەواری نەبوو سەیرم کرد کاغەزی ( قاسمی برای جەمیلە ) یە و نوسرابوو ( من و کاکل دەرۆین بۆ سەرەوە پەیوەندی بە حیزب دەکەین و دەبینە پێشمەرگە ) .

لەوەوە من تێگەیشتم هات و چۆی ( مامۆستا ناسیح ) جگە لە رێخستنەوەی حیزبی ئامادەکردن و بەرێکردنی هاورێیانیشی لە ئەستۆیە و هەر کەسێک بیەوێ پەیوەندی بە مەفرەزەکانی حیزب بکات ( مامۆستا و رێخستنەکەی ) کاری ئاسانی بۆ دەکەن

وا دێتەوە خەیالم دوای بەرێکردنی هاورێیان بە زیاتر لە مانگێک خەبەر بلاو بۆوە کە ( مامۆستاناسیح ) بزرە ، دواتر ئاشکرا بوو کە دائیرەی ئەمن چاودێریان کردووە و دوور لە چاوی خەلک رفاندوویانە و

لای ئەوان لە زینــدانە و توشــی ئەشــکەنجەی زۆر بــووە ، بە ئامــانجی دانپێدانان ( ئیعتراف) بەلام ئەو خۆراگری چاکی نواندووە .

خەبەری جۆراو جۆر بلاو دەبۆوە جارێ دەگوترا لە ژێر ئەشکەنجە گیانی سپاردووە جارێک دەگوترا سەقەت بووە چەندین گۆتەی دیکەی لەو شێوە کە هەمووی دەنگ و باسی خراپ بوون ، ئەوەی لەو کاتە باسی نەدەکرا و حیسابی بۆ نەدەکرا ئەوەبوو کەس ترسی نەبوو ( مامۆستا ) ئیعتراف بکات دیارە هەمــوو دەیانناســی چەنـد خـۆراگر و ئـازایە ، بە شێوەیەک جارێک باوکم لە باسی خۆراگری ئەوها بۆ دۆستێکی خۆی باس دەکرد (من ئەو پیاوە بناسم پەراسووی هەموو دەرکەن ئیعتراف ناکات ئەوەندە پیاوێکی مەردە ) .

دوای زیاتر لە سێ مانگ رۆژێک لە ناو بازار لە کۆلانی قەسابان دوور بەدووری ( مامۆستا ) م بینی بەلام کەمێک لاواز و بێهێز دیار بوو نەک پیاوە گورج وگۆلەکەی جاران لە لایەک لام سەیر بوو لە لایەکیش دلخۆش بووم زانیم بەربووە ، هاتمەوە مال و یەکسەر ئەو خەبەرە ( خۆشە ) م بەباوکم دا سەرەتا باوەری نەکرد و گوتی ( هەو نە بووە چونکە دەلێن لەژێر ئەشکەنجە گیانی سپاردووە ) من چونکە زۆر دلنیا بووم کە ئەو بوو گوتم ( لەمەسەلەی شفتی فرۆشتنەکەش باوەرت نەکرد ئەو جارە دلنیا بە ئەوەی بینیم مامۆستا ناسیح بوو ) ، ئیتر باوکم دوای نیوەرۆ رۆیشتە بازار و ئێوارە کە هاتەوە بە شێوە زەردە خەنەیەکەوە کە دلخۆشیەکی زۆری پێوە دیار بوو گوتی ( راستت کرد مامۆستا و چەند کەسێکی دیکەشیان بەرداوە) .

شایانی باسە وەک لەبیرم مابێت ( مامۆستا ) ماوەی سێ مانگ و پازدە رۆژ لە سجن مایەوە لەو ماوەیە توندترین ئەشکەنجە درابوو بەبێ ئەوەی یەک وشـــە لەدەمـــی دەرچوبێـــت لە کاتێکـــدا زۆربەی زۆری نهێنیەکانی حیزبی شاری هەولێر لای ئەو بوو تەنانەت ڕێگای دەرباز بوونی هاوڕێیانی دەزانی و ڕەنگە شوێنی مەفرەزە سەرەتاییەکانیش.

**دیمەنی چوارەم**

مـاویەکی کەم لە دوای بەربوونی ( مامۆستا ناسیح ) لە زیندان ، دەنگۆی ئەوە بلاوبۆوە ( مامۆستا ) لەشار دەرچوە و پەیوەندی بە مەفرەزە سەرەتاییەکانی حیزبەوە کردووە ، ئەو هەوالەم لە باوکم بیست ئەویش لە کەسێکی باوەڕ پێکراوی بیستبوو هەوالەکە راست بوو) دیارە(پیاوی سەد ئیشەکە ) ئەوجارە دەبێت بە هاوڕێی هەڵۆ و بازان شاخ هەڵدەبژێرێ بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکی سەرشانی خۆی ، لە هەمان کات ئیشی ڕێخستنیش فەرامۆش ناکا زۆربەی کاتەکانی لە ناو شار بۆ ڕێخستنی حیزبی تەرخان دەکات ، ئاخر ئەو وەک بلێی هەر بە سروشتی خۆی پیاوی ئیشە قورس و پڕ مەترسیەکان بوو . ماوەیەک تێپەڕی ڕێخستنەکانی حیزب بووژانەوە و بەیان و بڵاو کراوەکان لە زۆر شوێن و مالان تەنانەت شوێنی گردبوونەوەی چین و توێژەکان دە بینران و دەستاو دەست دەکران ناوی ( مامۆستا ) ش کە ئەو کاتە ببوە ( مامۆستا کۆچەر ) وەک دوانە ( جمک ) لەگەڵ هەموو چالاکیەکانی ڕێخستن دەبیستران و بە ئاشکرا شوێن پێی ( مامۆستا کۆچەر) بە هەموو جوولە و چالاکیەکانی ئەو کاتی شار دیار

بوون ، لەو کات چەندین جار کادیرانی حیزب کە هاوکاری ( مامۆستا ) بوون دەهاتنەوە شار میوانی ئێمە دەبوون بەڵام قەت وا ڕێک نەکەوت بە دیداری ( مامۆستا ) شاد بم و بزانم ئەو ( مامۆستا ناسیح )ە گورج و گۆڵەی لە زەماوەندی ( ئەحمەد کەریم ) و شوتی فرۆشتن و دروست کردنەوەی شانە نهێنیەکان و بەرێ خستنی هاورێیان بۆ سەرەوە دیتم ، ئێستا کە خەریکی کاری ڕێخستن و پێشمەرگایەتی یە و بە ( مامۆستا کۆچەر ) ناوبانگی دەرکردووە هەر وەک جاران گورج و گۆڵە یان جۆرێکی دیکە کە بڕوای تەواوم هەبوو ( پیاوی سەد ئیشەکە کوڕی ڕۆژی تەنگانەیە ) لە جاران گورج و گۆڵ تر نە بیت خاوتر نیە ئەوە نیە لەوەتەی ئەو دەرچووە ڕێخستن چەند بەرەو پێش چووە !!!!! و مەفرەزەکان گەورە ببوون و لق و بەتالیۆنیان لێ پێک هاتبوو بووبوون بە هێزی گەورە و کاریگەر و کەوتنە چالاکی جۆراو جۆر لە ناو شار و دەرەوی شار جێ پەنجەیان دیار بوو . لە بەهاری ( ١٩٨٣ ) شەڕی ناوەخۆ ڕویدا لە نێوان ( بەرەی جود و یەکێتی ) هەرچەندە ماویەکی کورت شەڕ ڕاوەستا بەڵام هەر زوو هەڵگیرسایەوە ئەوەبوو ناوچەی بەستی شرغە بەتەواوی کەوتە دەست هێزەکانی ( شیوعی و سۆسیالیست ) تەنها چەند گوندێکی دەوزێ بەدەست هێزەکانی یەکێتی مابوو ، وەک بلێی شێوە هودنەیەکی بەبێ ڕێکەوتن لە نێوانیان هەبوو ، لەو سەروبەندە خەبەرمان زانی کە ( حشع ) بە بۆنەی یادی دامەزراندنەوە لە گوندی ( چاڵە گردەرە ) ئاهەنگ دەگێڕێت خەڵک زۆر دەچێت ئێمەش بڕیارمان دا بچین و بۆ بەیانیەکەی من چووم سەیارەیەکی جێبم لەوانەی خەتی کوران بەکرێ گرت بۆ ئەوەی ئێمە و

مالیٚ ( عبدالله ) به خێزانی بچین بۆ بەشداری لەو ئاهەنگە و هەلێکی باشیشه بۆ یەکتر بینین .

شایانی باسه بەدڵی خۆش بەڕیٚ کەوتین بۆ بەشداری له یادی دامەزراندنی حیزب له گوندی ( چاڵه گردەڵه ) ، من زۆر دڵخۆش بووم بەو سەفەره هەرچەنده مەترسی دار بوو بەڵام بینینی هاوڕێیان بەگشتی و بینینی ( مامۆستا کۆچەر ) که ئیستا پێشمەرگەیه بەبەرگی خاکی و به چەک تاخمەوه زۆر گرنگ بوو لام چونکه ( مامۆستا ) لای من مرۆڤێکی ئاسایی نەبوو ڕۆستەمێک بوو، ئێستا دەبێت ئەو به جل و بەرگی خاکی و چەک و تاخمەوه چ شۆره سوارێک بێت !!! ئاخر ( مامۆستا ) له خەیالی من هاوشانی شێخی نەمر و پێشەوا و سەید رەزا و ئەمسالی ئەوان بوو!!! ، به درێژایی ڕێگا هەر ئەو پرسارانەم له خۆم دەکرد ، دەبیٚ شەرەفی ئەوەم پێببڕیٚ به دیداری شاد بم و یەکتر له ئامێز بگرین و بڵێم ( مامۆستا ) هەرچەنده ئەوڕۆ بەناوی بەشداری ئاهەنگ هاتووم بەڵام نامەویٚ بگەرێمەوه شار بەڵکو دەمەویٚ ببمه پێشمەرگه به شاگردی خۆتان قەبوڵم کەن ( شایانی باسه ئەو بیرۆکەم لای دایک و باوکیشم باس نەکردبوو تەنها خۆم بڕیارم لێیدابوو . ( بەهەر حاڵ پێش نیوەڕۆ گەیشتینه شوێنی دیاری کراو خەلکێکی زۆری لێبوو به تایبەت پێشمەرگه هەمووی بەبەرگی خاکی و چەک و تاخمەوه وەک پێشبینیم کردبوو ، بەخێر هاتنیان کردین و لێمان کۆبوونەوه بەتایبەت ناسیار و کەسانی خۆمان وەک ( هاوڕیٚ بڕیار ) کەماوەی چوار ساڵ دەبوو یەکترمان نەدیتبوو وه ( هاوریٚ داود ) که ئەو ڕۆژه ئەو گەنجه باریکەڵه گەنم ڕەنگه چوست و

چالاکە دەمبەخەندەیەم ناسی شایانی باسە خێزانی ئەوانیش لەوێ بوون ، من هەر چاوم دەگێڕا هاکا لە ناو هاورێیان ( مامۆستا ) بە بەرگی خاکی و تاخم و تفەنگەوە ببینم بەو دیدارە شاد بم کە ماوەیەکە تامەزرۆی بووم ، هەرچەند چاوم دەگێرا ( مامۆستای سەرکردە و سەرهەنگ ) هیچ دیار نەبوو ، سەبرم نەما کەوتمە پرسیار کردن ، سەرەتا لە ( هاورێ داود ) م پرسی دیار بوو زانیاری نەبوو .ماویەکی پێچوو هاورێیان گوتیان وا کاتی نان خواردنە بابچینە شوێنێکی لاچەپ بۆ نان خواردن چونکە ئێرە هەم قەڵەباڵغە هەم سێبەری نیە چاکترە بچینە ناو دارەکانی گوندی ( خوڕ خوڕ ) من ڕێگام دانەدەگرت ، ئەدی مامۆستا ؟؟؟؟؟؟؟ لەو کاتە ( هاوڕێ ئارام ) گەیشتە لامان دەمزانی ئەو زانیاری تەواوی لەسەر ( مامۆستا ) هەیە چونکە بەیەکەوە کاری ڕێخستنی ناو شار دەکەن یەکسەر پرسیارم لێی کرد ( ئەرێ کوا مامۆستا کۆچەر بۆ لێرە نیە ) ئەو بە شێوە ک چپاندیە گوێم ( نایبینی بە ئیشی تایبەت ڕۆیشتوە ) ئای لەو بەختەی !!! لە دوێنێوە لە فکری بینینی ئەوم ئەویش لە شانسی من لێرە نیە و نایبینم.

دوای نان خواردن چوینەوە شوێنی ئاهەنگەکە و تێکەڵی خەلک بووین بەگشتی تا ئێوارە بەو شێوەیە ماینەوە ، من هەر چاوم دەگێرا بەلکو ئێستا ( مامۆستا ) لەلایەک بەدیار بکەوێ و هاتبێتەوە ئەوان ئاگادار نەبن ، بەڵام بێهودە تا کات درەنگ تر دەبوو دڵسارد تر دەبووم .بەر لەوەی بگەرێینەوە بە ( هاوڕێ بڕیار ) گوت من نامەوێ بگەڕێمەوە شار و دەمەوێ ببمە پێشمەرگە ، ئەو رەتی کردەوە بە بەهانەی ئەوەی یەکەم شەڕی ناوەخۆ دەستی پێکردووە و ڕەنگە وەزعمان ناخۆش بێت دووەم هێشتا

دەتوانی لەشار بیت و هیچ موشکیلەت نیە دەتوانی کار بۆ حیزبیش بکەی کە هیچ لە پێشمەرگایەتی کەمتر نیە ، هەر لەبەر چاوم ( هاوڕێ ئارام ) ی ڕاسپارد کە لەناو شار پەیوەندیم پێوە بکات و ئەگەر پێویستی کرد دەتوانن کەلکم لێوەرگرن ، هەر لەو کات هاوڕێ ( ئارام ) کۆمەڵێک زەرفی پێچراوەی دامێ و گوتی بیاندە دەستی ( عەیشۆک - خوشکی ابو ڕاستی ) دیار بوو ئەوژنە ئازایە لەگەڵییان کاری دەکرد ، بە ئیهمالی شتەکانم وەرگرت ، تەواو بێزار بووم چونکە پێشنیاری پێشمەرگاتیەکەم قبوڵ نەکرا و بە دیداری ( مامۆستا ) شاد نەبووم ، ئیتر بۆ ئێوارە گەڕاینەوە بەریدەکەم بە ئەمانەتەوە تەسلیم کرد ، ئەو کارە بۆ من کەمێک دڵخۆشی تێدا بوو ئێستا دەتوانم بڵێم لە ڕێخستن ئیش دەکەم . شایانی باسە دوای ماوەیەک هێزەکانی حیزب هەڵکشان بۆ بالیسان و شەڕی بالیسان ڕویدا و دواتر هێرشی ( ینک ) بۆسەر پشت ئاشان و هەڵکشانی هێزەکان بۆ دۆڵی ڕۆست دەستی پێکرد ماوەیەکی ناخۆش بوو بۆ ئێمە هیچ خەبەرمان نەدەزانین ڕۆژانە لە ڕادیۆی ( ینک ) خەبەری ناخۆش و خراپ لەسەر ( حشع ) هێزەکەی بڵاو دەبۆوە ، ناچار ڕۆژێک لەگەڵ( مەلا عومەری دوستەپە کە کوڕی پلکمە ) بڕیارمان دا بچین بۆ سۆراخیان لە ناوچەی باڵەکایەتی لە دۆڵی ڕۆست ، سەرەتا چوینە دیانا لەوێ سەیارەیەکی )جێب لاندرۆڤەر ) مان بە کرێ گرت کە هی پیاوێکی کامڵ بوو دەکرێ بڵێم تەڕپیر بوو لە ڕێگا هەر حەیران و مەقامی خۆشی بۆ گوتین دەنگی زۆر خۆش بوو هەموو مەقام و حەیرانەکانی سێوە و ڕەسوڵ گەردی دەزانی زۆر وەستایانە دەیگوتنەوە . وەختی عەسر گەیشتینە

گوندی ( شێرکاوە ) لەوێ توشی ( هاوڕێ بڕیار ) بوین دوای کەمێک دانیشتن بەرەو گوندی( چۆمبارۆک ) شۆڕ بوینەوە دیار بوو زۆربەی هاوڕێیانی دەشتی هەولێر لەوێ بوون ( هاوڕێیان عەباس و داود وبرایم و ....هتد ) وە هەموو هێزی حیزب لەو ناوچەیە بوو بە شێوەیەک ژمارەی پێشمەرگە لە خەڵکی مەدەنی زیاتر بوو ، ئامادەکاری ئەوە دەکرا بڕۆن بۆ دیوی ئێران و لە وێوە هێرش بکەنەوە بۆ ( پشت ئاشان . ( ئێوارە بۆ نان خواردن چوینە ماڵێک بەر لە نان خواردن دوو کەس بە ژوور کەوتن ئای !!!!!!!!!خۆ ئەوە ( مامۆستا کۆچەر) ە بە بەرگی خاکی و چەک و تاخمەوە ئەو دیمەنەی چەند ماوەیە من بەدوایدا وێڵم ئەوە ئێستا بەبێ ئاگاداری پێشوەخت و خۆ ئامادەکردن بۆی وا دێتە بەر چاوم ، ( مامۆستا (ڕێک ئەوە بوو کە من لە مێشکی خۆم وێنام کردبوو گورج و گۆڵ و توند وەک لە کاتی زەماوەندەکە بینیم و زیاتریش بەرگی خاکی و تاخم و تفەنگ هەر لە خۆی دەهات ، بە زەردەخەنەیەکەوە باوەشی پێداکردم یەکترمان ماچ کرد و گەرم و گوڕ وڕوخۆش چاک و چۆنی لەگەڵ کردم ، ئیتر دانیشتین و نان دانرا دیار بوو لەبەر ئێمە برنج و مریشکیان لێنابوو تێبینی شتێکی سەیرم کرد بە پێچەوانەی لای ئێمە گۆشت لە بن برنج بوو ، پرسیارم کرد گوتیان لێرە وا عادەتە ، ئیتر تا بەیانی لەوێ بەیەکەوە ماینەوە بەیانی بەڕێیان کردین چەند جارێک ئاوڕم دایەوە و تەماشام کردن چونکە دەترسام دوا دیدارم بێت لەگەڵ برا و هاوڕێ و کەس و کار بە تایبەت ( مامۆستام کۆچەر)



**شەهید مامۆستا کۆچەر**

**دیمەنی پێنجەم**

دوای ئەوەی لەو سەردانەی دۆڵی ڕۆست کە بەدیداری ( مامۆستا ) شاد بووم ، گەڕاینەوە هەندێک نامە و شتی وای هاوڕێیانمان هێنابوو تەسلیم بە ماڵەکانم کردن ، چەند ڕۆژێکی پێچوو دووبارە لەگەڵ کاک ( یەحیا ) بە ماتۆڕسیکل سەفەرێکی دیکەم کرد هەر بۆ دیتنی هاوڕێیان ، هەر چەندە باوکم پێی خۆش نەبوو بەڵام دیتنی ئەوان بۆ منی گەنج زۆر خۆش بوو وزەیەکی باشیشی پێدەدام ، لە هەولێرەوە بۆ دۆڵی ڕۆست بە ماتۆڕسیکل جگە لە ناخۆشی ڕێگا و مەترسی نزیکەی چوار سەعات دەبوو بەڵام حەزی دیتنی هاوڕێیان ئەو ناخۆشی و مەترسی و ماندوبونەی دەهێنا بە تایبەت کە من لە جاری پێشو بە دیداری خۆشەویست ترین کەس وەک هاوڕێیان ( بڕیار و داود و مامۆستام ) شاد ببوم .

دوای نیوەڕۆ لە ماڵی کاک ( یەحیا ) لە گوندی ( گردە ڕەشە ) دەرچوین بەبێ وەستان هەتا گوندی ( گویز لینگە ) کە بازگەی هاوڕێیانی لێبوو ، لەوێوە بۆ ( گوندی شێرکاوە ) ، لە دوکانێک کە وەک شوێنی حەوانەوە بوو دانیشتین بەڵام وەک جاری پێشوو نەهاتە بەرچاوم ، جولە و گەرم و گوڕی جاری دیکەی نەبوو پێشمەرگە کەم بوون ، تەنها چەند پێشمەرگەیەک لە دوکانەکە بوون دیاربوو هاوڕێیان بوون ئەوەی لەبیرم مابێت یەک لەو پێشمەرگانە سرنجی ڕاکێشام کە باڵایەکی بەرزی جوانی هەبوو ، بەژن زراف و سمێڵ ڕەشی دەموچاو باریک و شوێنەواری خوریکە ( ئاوڵە )ی پێوە دیار بوو گەنم ڕەنگ و دەم بە

پێکەنین و نەرم دەدوا کەڕکێکی ڕەشی لەبەر دابوو زۆر جوان لێی دەهات بە شێوەزاری ئاخافتنی و بەستنەوەی جەمەدانیکەی زانیم هەولێریە ، هەر زوو چوە دڵمەوە خۆشم ویست حەزم دەکرد بپرسم ناوت چیە بەڵام نازانم شەرم بوو یان شتی دی پرسیارم نەکرد دواتر کە چوینە گوندی ( سمیلان ) هاوڕێیان گوتیان ئەو بەژن زراڤەی باسی دەکەی ( هاوڕی ئەحمەدی کادیر )ە .

لەویٚ زانیمان کە هاوڕێیان بەرەو دیوی ئێران ڕۆیشتون ، ئای ئەو قسەیە بۆ من چەند ناخۆش بوو ، قسەی باوکمم شکاند ( مامۆستا ) و هاوڕێیانیش نابینم !!!!!! چی بکەم ئەو هەموو ماندووبونە بە فیرۆ بچێت ؟؟؟ نەخێر منیش دەچم بۆ دیوی ئێران کە زیاتر لە دوازدە سەعات ڕێگا دوورە و هەورازی ( هەڵگورد ) لەولا بوەستیٚ .

بە ڕیکەوتین بۆ گوندی ( ڕۆست ) لە ڕێگا لەسەرکانیەک دانیشتین بۆ پشو دان کە دوو پێشمەرگەی دیکەی لێبوو دواتر زانیم یەکیان ( د. سەعید )ە ، دوای کەمێک دوو پێشمەرگەی دیکەش هاتن بەڵام بیٚ چەک بوون تۆمەز لە دیوی ئێرانەوە هاتبونەوە بۆ ڕۆیشتن بۆ دەرەوەی وڵات ، ماوەیەک بەیەکەوە دانیشتین و دڵنیایان کردین زەحمەتە بتوانن بیان بینن باشترە نەچین بۆ ئەو دیو ، بەڵام من هەر پێداگریم دەکرد دواتر یەک لەو پێشمەرگانە گوتی زۆر لە هاوڕێیان سەفەری ئێرانیان کردووە بۆ پشوو من چەند ناوێکم هێنا لەوانە ناوی ( مامۆستا کۆچەر ) ئەو هاوڕێیە گوتی ( مامۆستا کۆچەر ) لێرەیە خۆ لەو دیو نیە هەموو هاوڕێیانی محەللی لێرەن تەنها هێزی پێشمەرگە لەو دیون ، کە ئەو قسەی کرد من

زۆر دڵخـۆش بـووم بەڕادەیەک مـادام ( مامۆسـتا ) ببیـنم واتە هەمـوو هاوڕێـیان ، چـونکە لای مـن ( مامۆستا ) تەعبیـر بـوو لە تەواوی حیـزب بۆیە بڕیاری گەڕانەوەمان دا ، هاوڕێکەی دیکە کە باڵا بەرزێکی ڕشتاڵە بـوو زۆر جوان دەدوا بە شێوەیەک هەر حەزت دەکـرد گـوێی لێبگـری ، کە زانـی بـرای ( هـاوڕێ بڕیـار )م نـامەیەکی پێدام بـۆی بهێـنمەوە مـاڵێکی گەڕەکەکەی خۆمانی بۆ دیاری کردم بۆ گەیاندنی نـامەکە کە مـن باشم دەناسین چەنـد مـاڵێکی گوندی ( داربەسـەر ) بـوون هەمـوو شـیوعی بـوون هەرە ناسراوەکەیان لای من ئەو کـات ( هـاوڕی بەکـر جۆلا ) بـوو هـاوڕێی خاوەن نامەکەش ( هاوڕێ ڕەنجبەری ئـامۆزای هـاوڕێ بەکـر) بـوو , شـەو درەنـــگ هـــاتینەوە ( ســـمیلان ) و لەوێ مـــاینەوە.

بەیـانی دوای نـان خـواردن چـوینەوە بارەگـا و کەوتـمە پرسـیاری ( مامۆسـتا ) ، سـەیر لەوەدابـوو هەر یەک قسـەیەکی دەکـرد خەریـک بـوو پەشـیمان بـبمەوە لە گەڕانەوە ، کـاتێکم زانـی هـاوڕێیەک گـوتی ( ئەهـا گەنجۆ ئەوە مامۆستایە ) ، ئای خۆ ئەوە ( مامۆستا کۆچەر ) وا بە پێی خۆی بەرەو ڕومان دێت هەر وەک جاری پێشوو بە بەرگی خاکی و چەک و تفەنگەوە بە ڕۆیشتنی نەرم ، ناتوانم بڵێم چەند بەو دیمەنە دڵخۆش بووم ، خۆم بۆ نەگیرا تا دەگاتە لامان بە چەند هەنگاوێک خۆم گەیاندێ و بەبێ ئەوەی هـیچ قسـە بـکەم لە باوشـم گـرت ، یەکترمـان مـاچ کـرد و دوای چـاک و چـۆنی گەیشـتینەوە لای کـاک ( یەحیـا ) و مـاوەیەکی کـورت دانیشـتین جیـا لـە جـاری پێشـوو ( مامۆسـتا ) زۆر پرسـیاری شـار و سەیتەراتی ڕێگای دەکرد دیـاربوو وەک بڵێی دەیەوێ بگەڕێتەوە شار !!!!

بەهەر حاڵ ماوەی نیو سەعاتێک بەیەکەوە دانیشتین ، دیاربوو ئەو کاری هەبوو دەنا من دامنابوو ئەو شەو لای بمێنینەوە بەدڵی خۆمان یەکتر بدوێنین ، ناچار خوا حافیزیمان لێی کرد و لە جیاتی هەموان ئەومان دیت و گەڕایـــــــــــــــــــنەوە .

شەو نامەی ( هاوڕێ ڕنجبەر ) م گەیاندە ماڵی ( مام حاجی حەمەد ) هەر لەناو حەوشە و لەتاریکای ویستم نامەکە بە دزیەوە بدەمە دەستی خێزانی مام حاجی چونکە میوانیان هەبوو لەو کاتە ئافرەتێکی گەنج لێمان نزیک کەوتەوە من نەمدەناسی بۆیە قسەکانم گۆڕی بەلام ئەو گوتی قسە بکە ئەوە هی خۆمانە دواتر زانیم ( شیرین خانی خێزانی هاوڕێ ڕەنجبەر ) ە حەز دەکات چەندی زووترە هەواڵێکی بزانێت ، دیار بوو لە نامەکە داوی ئەوەی لێکردبوون سەردانی بکەن بۆ خواحافیزی چونکە سەفەری دەرەوە دەکات.

**دیمەنی شەشەم**

لە دوای ئەوە ماوەیەک تێپەڕی و من چەندین جار لەناو شار (مامۆستا ) م دەبینی ئامۆژگاری دەکردم و تەنانەت کاریشی پێدەسپاردم تا ئەو کاتەی لە دوای شەڕی پشت ئاشانی دووەم و هاتنەوەی مەفرەزەکانی هاوڕێیان بۆ دەوروبەری هەولێر و هاتنەوەیان بۆ ناو شار ، ئەو یەکتر دیتنانەی من و ( مامۆستا ) هەبوون ، ئێستا چەندین دیمەنم لەبەر چاون بەڵام هەموویان بەبەرگی مەدەنی و جۆراو جۆر نەک بە بەرگی خاکی تەنانەت هەندێک جار وای لێدەهات ئێمەش نەیناسینەوە ، ئەو وەزعە بەردەوام بـــوو تـــاکو گیرانـــی هاوڕێیـــان و دوای ئەوانـــیش.

له بەهاری ساڵی ( ١٩٨٥ ) لەشار دەرچووبووم و هەتا ڕادەیەک بۆ خۆپاراستنی خۆم له هەولێر دوور بووم ، ڕۆژێک باوکم هاته لام که ماوەیەک بوو نەم دیبوو ، من زۆر دڵخۆش بووم به هاتنی باوکم بەڵام ئەو هیچ دڵخۆشی پێوه دیار نەبوو ، زۆر لام سەیر بوو !!! باوکم دوای ماویەک من ببینێ و هیچ دڵخۆش نەبێت !!!! دیاره شتێک هەیه چەند بیرم کردەوه نەمزانی ، به چپه به خانه خوێیەکەم گوت له باوکم بپرسێ بۆ وا خەمبار دیاره ، چونکه من خۆم زۆر شەرمم لەباوکم دەکرد ، خانه خوێیەکەم پرساری کرد ، باوکم به قوڕگی پڕ گریانەوه ( باوکمم قەت بەو شێوەیه نەدیتبوو تەنانەت بەگیرانی هاوڕێ بڕیاریش وا تێک نەچوو بوو که کوڕی گەورەی بوو ) گوتی ( دوێنێ شەو له گەڕەکی کۆماری مامۆستا کۆچەر شەهید بووه ) ، چی ؟؟؟؟؟؟ چۆن ( مامۆستا ) شەهید بووه ؟؟؟ باوەڕم نەدەکرد ، باوکم گوتی ( بەڵێ دوێنێ شەو دوای ئەوەی خیانەتی لێدەکرێ هێزیکی یەکجار زۆر دەوری دەگرن و دوای شەرێکی قورس به دوا فیشەک خۆی شەهید کردووه ) ، لەلایەک خۆزگەم دەخواست باوکم ئەو سەردانەی نەکردبام و ئەو خەبەرەی بۆ نەهێنابام ( تۆمەز ئەویش هەر لەدڵتەنگی بۆ ئەو دیتنەی من هاتووه ) هەر چەنده له زروفی وەک ئەو کاتی من له دیتنی باوک خۆشتر نیه ، لەلایەک هەستێکی وام لا دروست بوو و دڵی خۆم دەدایەوه بەوەی ( بەڵێ پیاوی ڕۆژی تەنگانه ) ئەوەی لێ دێت چونکه ( مامۆستا ) هەڵۆ ئاسا ژیانی زەلیلی قەبوڵ ناکات هەر به مەردی ژیاوه و هەر به مەردیش دەمرێت

## کۆتایی


ڕەنگە بەلای زۆربەمانەوە بەسەردادان و شەهید بوونی کەسێک هەتا ڕادەیەک ئاسایی بێت چونکە زۆر جار شتی وا لە فەترەی کاری نهێنی و پێشمەرگایەتی ڕووی دابوو ، بەڵام بەسەردادان و شەهید کردنی ( مامۆستا کۆچەر ) لە تەواوی پێش خۆی و دوای خۆی جیابوو ئەوەندەی من بزانم لە تەواوی کوردستان و ناوچەکەش شتی وا ڕوینەداوە ( ئەگەر )؟دوورتر بکەوینەوە لە تەواوی ناوچەکە تەنها دوو ڕوداوی لەو شێوە ڕویان داوە یەکەم لە ساڵی ( ١٩٨٨ ) لە تونس کە لەلایەن ئیسرائیل هێرش کرایە سەر ( ابو جهاد - خلیل الوزیر ) پیاوی دوەمی ڕێخراوی ڕزگاری خوازی فەڵەستین دووەم بەسەردادان و شەهید کردنی ( مامۆستا کۆچەر ) ، چونکە لە هەردوو بەسەر دادانەکە تەواوی هێزی ئەو وڵاتانە بەشدار بوون بە ئەمن و هەواڵگری و هێزی ئاسمانی و زەمینی .

شایانی باسە لە زۆر ڕوو بەسەردادانی ( مامۆستا ) گەورەتر بوو لەبەسەر دادانی ( ابو جیهاد ) یەکەم ( مامۆستا ) لەناو جەرگەی دوژمن بوو ( ابو جیهاد ) لە وڵاتێکی دیکە و لە دووری ( ٣٠٠٠ کم ) بوو ، دووەم مامۆستا خیانەتی لێکرابوو ئەو تەنها بەسەر دادان بوو سێیەم ( مامۆستا ) بەس دەمانچەیەکی لابوو ( ابو جیهاد ) پاسەوانی چەکداری لەدەرگا هەبوو چوارەم ( مامۆستا ) تا دوا فیشەک شەڕی کرد بە داخەوە ئەو خۆی و پاسەوانەکی تەقەیەکیان بۆ نەکرا ، پێنجەم ( مامۆستا )

چەند کەسی لێ کوشتن و بریندار کردن و هەموو نهێنیەکانی سوتاند تەنها جەستەیەکی بێ گیان کەوتە دەست دوژمن ، لە کۆتایی دەڵێم هەزار سڵاو لە گیانی پاکی ( مامۆستا کۆچەر ) وخەبات و بەرخۆدان و فیداکاریەکەی و گیانی پاکی تەواوی شەهیدانی ڕزگاری و سەربەخۆیی بێت..



**شەهید مامۆستا کۆچەرو هاوڕێکانی**


برام دکتۆر چاوەرەشەکانت ماچ دەکەم
خۆشەویستم ئەو جارە دەمرم و هیچ ناترسم لۆیە بە وپەڕی قەناعەتەوە
خۆشەویستەکەم ئەم شتانە دەنووسم چاوی منداڵەکان ماچ دەکەم ئومێدەوارم
لەوە دوا تۆ مام و برا و باوک بیت بۆ منداڵەکان . دەستی دایک و باوکم ماچ
دەکەم ئومێدەوارم خزمەتیان بکەی من تاوانبارم بەرامبەریان هەست بە تاوان
دەکەم بەرامبەر بە هەمووتان هەست بە تاوان دەکەم بەرامبەر منداڵەکانم
کە نەمتوانی ژیانی خۆشیان بۆ دابین بکەم ملی کچی خێزانی بە وەفاو دەستڕەنگین
دایکی ڕزگارم ملی کچی تۆی ماندوو بلیمەت و ڕەنگ زەردم تۆی حگە
لە خەفەتی من و دایک و باوک و منداڵەکان زیاتر هیچمان نەبووە لۆت
بەڵام من سەربەرزم بەوەی خیانەتم لەگەل گەلەکەم نەکردوو شەرەفی شیوعیەتم
پاراست من هیچ ماڵ و سامانێکم بۆیەوە بەجێ نەهێشتووە حگە لە
~~[illegible]~~ خەفەت و فرمێسک بەڵام لە هەمان کات سەربەرزی و پاکیم
بەجێ هێشتوو .
من متاکدم کە ئەوانەی نزیکی منن بۆ تۆ لە شوێنی منن بە تایبەتی مامۆستا
گۆران و هاوڕێ سەفەر ئومێدەوارم منداڵەکان پەروەردە بکەیت و نەهێڵی هەست
بە بێ باوکی بکەن
بۆ ئاگاداری هاوڕێیان من هەموو وەرقەو ناو و پارەم
سووتاند حگە لەو چوار چەکانە ئەگەر بە دەستت گەیشت هیچی ترم ~~[illegible]~~
بەجێ نەهێشتووە
چاوەکانت ماچ دەکەم و کاتژمێریش ٣,١٩ دەقیقەی شەوە لە
٣,٢١ دەقیقە ئاخیر فیشەک بۆ خۆمە ئیتر دووبارە چاوەکانت ماچ دەکەم
کۆچەر
١٩٨٥ | ٥ | ١٨|١٧

نامەی دەستنووسی هاوڕێ کۆچەر چەند خولەکێك پێش شەهیدبوونی

# دەم و چاوە بەریئەکان ( سیما پاکەکان )

پێشکەش بە سیمای پاکی هاوڕێم ( شەهید دکتۆر عادل )

هەرچەندە ڕەنگە ناونیشانەکە یان وەرگێڕانی وشەی (بريء ) بۆ پاک زۆر لەجێی خۆی نەبێت بەڵام واهەست دەکەم مانای تەواوی خۆی دەپێکێ کە لە خوێندنەوی بابەتەکە تەواو ڕوون دەبێتەوە.

دوای ئەوەی لەگەڵ ( د. فاخیر ) هاتیەوە بەستی شرغە و لەگەڵ هاوڕێیان یەکمان گرتەوە و نامە و ڕاسپاردەکانمان گەیاندە دەستیان ، دیاربوو داوای ئەوە کرابوو کە هەندێک چالاکی ئەنجام بدرێ باشە بۆ ئەوەی جەماوەر و دوژمن بزانن کە پێشمەرگە لە ناوچەکە ماوە کە بە نسبەت هەردووک لا کاریگەری هەبوو بۆ جەماوەر وەک هێز و پاڵپشتی مەعنەوی و بۆ دوژمن پێچەوانەکەی .

دیار بوو لای بەرپرسانی مەفرەزە هاوبەشەکەی کە لە خوارەوە مابونەوە ، بڕیار درا چالاکیەک ئەنجام بدرێ .

ئێوارەی ( ٨ یان ٩ /٥ /١٩٨٨ ) بەڕێکەوتین بۆ نزیک شار لە ڕۆژهەڵاتی هەولێر ، تا گەیشتینە سەر خەندەق ( کەچوار دەوری شار

خەندەق لێدرا بووبە قولّی و بەرزی و پانی ۳م ) ، لەسەیارەکان دابەزین لە شوێنی گەڕەکی ( گەلاوێژی ئێستا ) چەند هاوڕێیەک لای سەیارەکان جێمان ، هاتینە سەر خەندەق لەوێش چەند هاوڕێیەک جێمان , ئێمە پەڕیەوە بەرەو قوولایی بۆ ناو شار بەرەو گەڕەکی ( خاتووناوە ) کە ئەو کات تازە خانووی لێدەکرا لەوێش بۆ پاراستنی ڕێگای گەڕانەوە چەند هاوڕیەک بەجێمان، ئێمەش بە نێوان گەڕەکی ( باداوە و شورتاوە ) (هەر جەندە گەڕەکی باداوە جاش وچەکداری ڕژێمی زۆر تێدا بوو ) ، هاتین بۆ ناو گەڕەکی ( حی المعلمین - مامۆستایان ) هەر لە تەنیشت مزگەوتی (خدیجە کبری )ی ئێستا چوینە ناو گەڕەکی مامۆستایان لەو کۆلانەی لێی چوینە ژوورەوە پارچە زەویەکی بەتالّی تێدابوو هێشتا نەکرابوە خانوو ، هاوڕێ ( ملازم هەژار) لەوێ وەک خالّی سەرەکی لەگەلّ چەند هاوڕێیەک مایەوە ،ئەوی دیکە کە ژمارەمان ( ٦ - ٧ ) کەس دەبوو لە(شەقامی چل مەتری ) ەکە هەلّکشاین بەدەستە ڕاست بە ئاراستەی (بازاری لەنگەی ئێستا) و چوینە ئەو (سێڕیان )ەی کە دەچێتەوە بۆ خانووی ( ئەمین عامەکان ) ، لەوێ (سەیتەرە)یەکمان دانا بەسەرپەرشتی هاوڕێم ( دکتۆر عادل ) ئەوەی لەبیرم مابێت هاوڕێیان ( بێستون - کۆسرەت - کاروخ ( وابزانم ) کاوە چاوشین و یەک دوو هاوڕێی دیکە ) دەستمان کرد بەڕاگرتنی سەیارە بەلام خۆمان نەدەساند وەک پێشمەرگە چونکە مەبەستی سەرەتاییمان بەدەست هێنانی سەیارە بوو بۆ ئەوەی زیاتر بچینە قوولایی شار و زەبر بوەشێنین.

چەند سەیارەمان ڕاگرت و هەویەمان وەرگرت بەڵکو پیاوانی ڕژێممان دەست کەوێت و هەر بەسەیارەی ئەوان کاری خۆمان ئەنجام دەین، من زیاتر لە ناوەراستی شەقام بووم زیاتر من هەویەکانم وەردەگرت ،چەند سەیارەیەک هات و خەڵکی ئاسایی بوون بەڕێم کردن ئەوەی پرسیاری بکردایە و بیگوتبایە ئێوە کێن ??? بڕیار بوو بلێین ئێمە ( جەماعەتی کاک فلانین کە فەرماندەی مەفرەزەی ئەمن بوو زۆر خراپیش بوو لەگەڵ خەڵک کەهەردەم لە ناو شار سەیتەرەی دادەنا وخەڵکی دەگرت ) .

سەیارەیەکی ( تویوتا گازی دوو تەنی ) هات کەڕامگرت من ناسیم ئەو منی نەناسی ( کاک خالیدی مام برایمی قوڵتەپە بوو )، بۆ ئەوەی شک نەکات داوای هەویەم لێکرد لەگەڵ دەرهێنانی هەویە پرسیاری کرد ئێوە سەر بە کێن ??? منیش بەدەم تەماشاکردنی هەویەکەوە گوتم (جەماعەتی کاک فلانین ) گوتی (کوا کاک فلان) گوتم (خۆی نەهاتووە بۆ پرسیار دەکەی دەیناسی؟؟) گوتی (بەڵێ خزمین ), ( زۆر حەزم دەکرد سوپاسی بکەم چونکە کاتی خۆی هەر بەو سەیارەیە لەگەڵ برایەکی بە ناوی - کاک یاسین - کە ئەویش سەیارەیەکی وای هەبووماڵی ئێمەیان دەرباز کردبوو بەشەو کە بۆ ئەو کات زۆر مەترسی دار بوو بەڵام لەبەر کارەکەی خۆمان نەم توانی تاکو دوای ڕاپەڕین کە یەکترمان دیتەوە سوپاسم کرد و باسی ئەو شەوەم لەگەڵ کرد ) ، چەند سەیارەی دیکە بەهەمان شێوە هاتن و بەڕێمان کردن .

یەک لە سایەقی سەیارەکان هەمان پرسیاری کرد و بەڵام گوتی( ئێوە سەر بە کام لایەنن ) نەیگوت جەماعەتی کێن !!! پرسیارەکەم لا سەیر

بوو بەڵام خۆم نەهێنا سەر ئەو بارە و بەدەم تەماشا کردنی ناسنامەکەی (گوتم کاک فلان و بە دەستم ئیشارەتی هاوڕێم دکتۆر عادلم کرد وەک ئەوەی ئەوە کاک فلان بێت و کەمێک لە دوورمان وەستابوو ) ، کابرا سەیرێکی هاوڕێ (دکتۆر عادل و بێستون ) ی کرد و دوای سەیری منی کرد و کەمێک کەوتە دالغە و یەکسەر دەستی بۆ هەویەکەی هێنا کە لای من بوو و گوتی ( بێنە بابە بێنە تۆ لەگەڵ کێ قسە دەکەی بە دەستی ئیشارەتی دەم و چاوی (من و هاوڕێ دکتۆر عادل و بێستون )ی کرد وزۆر بە دڵنیایی گوتی ( ئەو دەم وچاوە بەریئانە و جەماعەتی کاک فلان !!!! ئێوە پێشمەرگەن فێڵ لەکێ دەکەن ؟؟؟؟؟؟ ) ؟

زۆر سەیرم بەقسەکەی هات وەک دەڵێن تووشی شۆک بووم ئاوڕم لەبرادەران دایەوە ( زەردە خەنە هەمیشەییەکەی دکتۆر عادل و سیماو قەدو باڵا و جەمەدانیە هەولێریانەییەکەی ئەو و دەم و چاوی خرپن و سور و سپی بێستون )م دیت ڕێک قسەی کابرا و پاک و بەریئیان بە ئاشکرا دیار بوو کە ئەوانە دوورن لە کار و کردەوەی کەسانی خۆ فرۆش و خائینی وەک کاک فلان ئاوڕم دایەوە لای کاکی سایەق ویستم بلێم وەڵلا ڕاست دەکەی بەڵام دانم بەخۆداگرت و هەویەکەم دایەوە دەستی و خوا حافیزیم لێکرد .

کە ئەو ڕۆیشت منیش چومە لای هاوڕێ( دکتۆر عادل) گوتم چاکترە لێرە بڕۆین چونکە شتێکی وا بوو فێڵەکەمان ئاشکرایە و ناتوانین خۆمان لە خەڵک بشارینەوە سیمامان دەربڕی ڕاستیمانە نەک قسە .

باسی کابرام کرد و ئیتر کاتیش درەنگی کردبوو گەڕاینەوە لای هاوڕێیان دیار بوو سەیارەیان دەست کەوتبوو بۆ چالاکی قووڵایی شار ،

هاوڕێیان (کۆسرەت و کاروخ و هاوڕێیەکی دیکە )چوون بۆ لێدانی چەند ئامانجێک بەڵام ڕێکنەکەوت چ کارێکی ئەوتۆ بکەن بە ناچاری بە ( ئار بی جی ) تەقەیان لە ئامانجێکی عەشوائی کرد .

لە گەڕانەوە لەلایەن کەسێکی سەر بەڕژێم تەقەیان لێکراو هاوڕێیان (کۆسرەت و کاروخ) بریندار بوون هاوڕێ ( کۆسرەت کە کوڕێکی زۆر ئازا و بە جەرگ و هەتا بلێی جەربەزەو چونەترس) , بوو هەر بە برینداری سەیارەکەی لێخوڕی بوو تا گەیشتنەوە لای ئێمە ، ئەوانمان بەڕێکرد بۆ دواوە هاوڕی (دکتۆر عادل )یش لەگەڵیان چوو لەوێش هاوڕێ ( هیوای قەرەچوغ ) ئەو هاوڕێیەی کە لای کۆتایی خانووەکان بوو پارستنی ڕێگای گەڕانەوەی لەسەرشان بوو یەکسەر ( گوێدرێژ ) ێکی ئەو ماڵانە وەردەگرێ و برینداەکان بەڕێ دەکات بۆ لای سەیارەکان .

ئێمەش هەوڵمان دا زەبرێک لەو کەسە بدەین کە ئەو کارەی لەگەڵ هاوڕێیان کرد کاتێ لێی نزیک کەوتینەوە بینیمان لە ناو ماڵ منداڵ و ماڵان دایە هەندێک تەقەی هەوایی و هەندێک ( ئارِ بی جی ) مان بەرەو لای تەقاند هەم بۆ ترساندنی ئەو و هەم بۆ دەنگدانەوە کە خۆی لە سەرەتاوە کارەکەمان زیاتر بۆ دەنگ دانەوەی بوونی پێشمەرگە بوو .

ئیتر دەستمان بەگەڕانەوە کرد تاکو ئێمە گەیشتینە لای سەیارەکان هاوڕێ (دکتۆر عادل) برین پێچیەکی سەرەتایی باشی بۆ برینداەکان کردبوو ئیتر دەستمان بەگەڕانەوە کرد و هاتینەوە گووندی ( چاڵە گردەرە ) هاوڕێ (دکتۆر عادل) دەستی کرد بە تەداوی برینداەکان هەردووکیان بەر

قـاچ و ڕانیـان کەوتبـوو برینـی هـاوري ( کۆسـرەت ) زیـاتر بـوو بەڵام بە گشتی باش بوون جێی مەترسی نەگرتبوو لەوێ ماینەوە تا بەیانی .



**شەهید د.عادل**



پۆلێك لە پێشمەرگەکانی بەتالیۆنی پێنج لەناویدا شەهید گیڤارا، شەهید کۆسرەت شەهید ئەبو رەشە



شەهید کۆسرەت چەتۆی بەڕانەتی



پۆلێك لە پێشمەرگەکانی لقی دەشتی هەولێر

# یادێك لە داستانی هێلەوە

بەر لە سی و یەک ( ٣١ ساڵ ) لە ڕۆژی ( ١٣/ ١١/ ١٩٨٦ ) مەفرەزەیەکی هاوبەشی هەرسێ لقەکانی ( قەرەچوغ - بەڕانەتی - دەشتی هەولێر ی بەتالیۆنی پێنج ) کە ژمارەیان نزیکەی ( ٣٥ کەس ) دەبێت ، لەگەڵ ڕۆژهەڵات لەگوندی هیلەوەی دشتی هەولیر ، بەهێزێکی زۆری جاش و سوپا دەور دەدرێن و توشی شەڕێکی نابەرامبەر و زۆر قورس دەبن .

هەرچەندە شەڕەکە زۆر نابەرابەر و کت و پڕ و ناچاری فەرزکراوی سەرهێزەکەی پێشمەرگە بووە بەڵام زۆر ئازایانە و لە خۆبوردوانە ئەو مەفرەزە بچوکە ( لەچاو هێزەکەی دوژمن ) چ لە ڕووی ژمارەی شەڕکەر و چ لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی کەل و پەلی شەڕ و ئالیاتی پێشکەوتوی بەردەستی دوژمن ( فڕۆکەی شەڕکەر کۆپتەر و پیلاتۆس - تانک و زرێپۆش - دۆشکای جۆراوجۆر ..... هتد ) ، تەنانەت هەڵبژاردنی شوێنی شەڕەکەش هەر ناچاری و بە پەلە پڕوزێ بووە ، بە دەلیلی ئەوەی شوێنی گوندەکە زۆر نزمە لە چاو دەور و بەرەکەی بەتایبەت لای باشوری گوند و باشوری ڕۆژئاوای ، هەروەها بونی گردێکی بەرز لەلای ڕۆژئاوی گوند

کە بەتەواوی بەسەر گوندەکە دادەڕوانێ و گوند بەگشتی لەژێر کۆنترۆڵی ئەو گردەیە .

بەهەرحاڵ شەڕێکی دە سەعاتی زۆر قورس و پڕ لە فیداکاری و بەرخودان و وەڵام دانەوەیەک و سەلمێنەری ئەوەی کە بیروباوەڕ و ئامادەیی فیداکاری نەک هەر توانای خۆڕاگری هەیە بەڵکو دەکرێ چەکی بیروباوەڕ هەرەس بە گەورەترین هێزیش بهێنێ ، هەموو ئەو هاوکێشانەی لە زانستی سەربازی دەخوێنرێن ئاوژوو بکاتەوە .

داستانی ( هێلەوە) ئەگەر گەورەتر و کاریگەرتر نەبووبێت لە داستانەکانی (هندرێن)و ئەوانی دیکە ، ئەوا کەمتر نیە ، ئەگەر ئەوێ ڕۆژێ لە ناو شاخ و پەنا لوتکەی شاخ ئەو داستانە پڕ سەروەری و ناودارە تۆمار کرا ، ئەوا ئەوڕۆ لەو دەشتی کاکی بەکاکی دەشتی هەولێرە ، هەڵگرانی هەمان بیر و باوەڕ و بە هەمان ورەی پۆڵاین ، تەنها بە چەکی سوک ڕوبەڕوی گەورەترین و پڕچەکترین و دڕندەترین هێز دەبنەوە کە شارەزاییەکی بێ وێنەیان لەشەڕ هەیە

کوڕانی ( هەڵۆکانی هەندرێن) بە خوێنی گەشیان ئەو داستانە تۆمار دەکەن و بۆ دۆست و دوژمنی دەسەلمێنن کە هەڵۆکانی هەندرێن ( مام خدر کاکیل و هاوڕێکانی ) وەجاخیان کوێر نیە ، لەهەر شوێنێک و هەر ناوچەیەکی کوردستان ئامادەی گیانبازین لە پێناو ئەو بیروباوەڕە چینایەتی و نەتەوایەتیەی پێی گۆش کراون ، ( سەرکەوت و هاوڕێیانی ) بانگ لە (هەڵۆکانی هەندرێن ) دەکەن و دەڵێن ( ئەوەتا کوڕ و هاوڕێ و شاگردانتان

) هەمان دەرس و پەندی تێکشکان بە دوژمن دەدەن و دەرسی سەرکەوتن و خۆڕاگری بۆ خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان دەڵێنەوە.

لە گوندی ( هێلەوە ) ی دەشتی شەمامک داستانێکی بێ وێنە و پڕ سەروەری بە خوێنی چوار لاوی خوێن گەرم و فیداکار ( عادل شەبەک و سەرکەوت و پێشڕەو و دکتۆر سمکۆ ) تۆمار دەکەن و نەبەردیەکی دیکە دەخەنە سەر خەرمانەی نەبەردیەکانی دیکەی ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی و سەربەخۆیی و بۆ دۆست و دوژمنی دەسەلمێننەوە ، هەڵگرانی بیری چەپ و یەکسانیخواز لە هەر کوێیەک و هەر کات و شوێنێک هەمان کێوی بەرزن بە هیچ هێزێک هەڵناتەکێنرێن .

سڵاو لە ڕوحی پاکتان ، ڕوحتان شاد هاوڕێیان ( عادل - سەرکەوت - پێشڕەو -دکتۆر سمکۆ ) لە یادمانن 2017 \11 \13



شەهید پێشڕەو



شەهید عادل بەڕانەتی



شەهید سەرکەوت



شەهید سمکۆ



هاوڕێ ملازم کەریم - چەتۆی بەڕانەتی



ئارامگای شەهید سمکۆ

# سەربوردەی وێنەیەك



ئەو وێنەیە هی ئەو مەفرەزەیە کە بەو ئەرکە پیرۆزە هەستا ، وێنەکەش بەر لە دەرچونی مەفرەزەکە بە چەند خولەکێک لەلایەن هاوڕێ ( ابو میلاد ) گیراوە

ڕۆژی ( ١٤/ ١١/ ١٩٨٦ ) ڕۆژی دوای شەڕی هێلەوە ، نازانم لە کام گوندی دەم ( بەستی شرغە ) بووین ، بەڵام باش لە بیرمە کەش و هەوا خۆش بوو ڕۆژ بەدەرەوە بوو ، وەک ڕۆژانی ئاسایی دوای نیوەڕۆ هاتینە خوار بەرەو جادەی ( بیستانە ) ، هەرکە گەیشتینە گوندی ( سەرمەزرا ) دیاربوو مزگەوت و ماڵەکان هەتا ڕادەیەک خەڵکی زۆری لێبوو ، کە نزیک کەوتینەوە زانیمان هاوڕێیانی خۆمانن و لە دوای دەرچونیان لە شەڕی ( هێلەوە ) هەرچۆنێک بێت گەیشتونەتە ئێرە و شەو لەو دێیە ماونەتەوە.

دوای سڵاو و چاک و چۆنی باسی شەڕەکە و چۆنیەتی دەرچون و گەیشتنیان بۆ ئێرە و زەرەر و زیانیان لە شەڕەکە پێیان ڕاگەیاندین کە چوار هاوڕێمان شەهید بووە و چەند برینداریکمان هەیە ، بە ڕاستی لەگەڵ بیستنی ئەو هەواڵە زۆر دڵتەنگ و خەفەتبار بووم بە شەهید بوونی ئەو هاوڕێیانە بە تایبەت کە لەگەڵ هەموویان جگە لە هاوڕێیەتی ، زۆریش لێک نزیک بووین و چوار کوڕی زۆر ئازا و گورج و گۆڵ و دەستەبژێری ( لقی بەڕانەتی ) بوون ، هاوڕێیان ( عادل شەبەک ، سەرکەوت ، پێشڕەو ، د. سمکۆ ( وەک باسیان کرد سێ لە شەهیدەکانیان هەر لە ناو گوند بە شێوەی کاتی شاردۆتەوە و هاوڕێ ( سەرکەوت ) یش کە یەکێک بووە لە بریندارە سەختەکان و هەتا شوێنێکی سەلامەت هێناویانە ، بەڵام لە ڕێگا بە هۆی سەختی برینەکەیەوە گیان لەدەست دەدات و لە ماڵە دۆستێکی خۆمان بە شاردراوەیی و کەس نەزانی بەجێی دەهێڵن ، بۆ ئەوەی لە کاتی گونجاو بێنەوە دوای و بیگەیەنە دوا مەنزلگای.

دوای ڕێکەوتن مەفرەزەیەک بەسەرپەرشتی هاوڕێ ( ملازم هەژار و هەر یەک لە هاوڕێیان خاڵە خولە ، شێخە ، کاوەچاوشین ، ابوجاسم ، ابوڕەشا ، کەریم ، بەندە ، وە هاوڕێ زیرەکەشەلیش بە کاری تایبەتی خۆی لەگاڵمان هات ) , پێک هێنرا و بەڕێکەوت بۆ هێنانەوەی تەرمی هاوڕێ ( سەرکەوت ) کە لە گوندی ( دوکەڵە ) و لە ماڵی دایکی ( شەهید وەیسی ) شاردرابوەوە .

دوای تاریک داهاتن بە ڕێگای ( گردەڕەشە ) لە جادەی ( کەرکوک - هەولێر ) پەڕینەوە بەرەو شوێنی مەبەست ڕۆیشتین ، دەوری سەعات ( ٨.٥ - ٩ ی شەو ) گەیشتینە شوێنی مەبەست ، دیاربوو کەسێکی ماڵەکە لەسەر بان چاوەڕێی ئێمە بوو ، دوای کەمێک دانیشتن تەرمی پیرۆزی شەهیدمان بە شێوەیەکی جوان و ڕێک و پێک و شایستە لە سەیارەکەی خۆمان بارکرد و بەرەو پشت ڕێ گەڕاینەوە.

دوای زیاتر لە سەعاتێک ڕێڕۆیشتن گەیشتینە گوندی ( هەرەجە ) و تەرمی شەهیدمان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لە مزگەوتی گوند لەسەر تەختی شۆردن دانا ، دیاربوو کەسێکی وا بۆ شوشتن و کفن کردن دەست نەکەوت ، هاوڕێ ( خاڵە خولە ) و یەک دوو هاوڕێ هاتنەوە گوندی ( میرزاغا ) و تەکلیفیان لە مام ( فەقێ عەلی ) کرد کە ڕیش سپی و پیاوێکی خواناس و ناسراوی گوندەکە و ناوچەکەش بوو ، بە کاری شوشتن و کفن کردن هەستێ ، ئەو پیاوە بەو شەوە و هەتا ڕادەیەکیش ئەو کارە جێی ترس بوو بەڵام زۆر بە ڕێک و پێکی کاری خۆی بەجێهێنا و

وەک پێویست شوشتن و کفن کردنەکەی جێبەجێ کرد و گەڕێندرایەوە ماڵی خۆی .

دوای ئەوە تەرمی شەهیدمان خستە ناو سەیارە و هاتینە گوندی ( لاجان ) و دایکی هاوڕێ ( شاخەوانەسور ) تەکلیف کرا بەیانی بچێتە هەولێر و دایک و کەس و کاری شەهید لەگەڵ خۆی بهێنێ بۆ دوا دیدار و ئامادەبوون لە شاردنەوەی ، بەڵام بە ناوی ئەوەی هاوڕێ ( سەرکەوت ) بریندارە نەک شەهید بووە.

شایانی باسە دەبوو تاکو سبەی دوای عەسر ، هەتا سەیارەی گوند دەگەڕێتەوە و ئەوان دێن ، ئێمە هەر چاودێرو پارێزەری تەرمی شەهید بین ، ناچار شەو چوینە کاولە گوندی ( بیستانەی گەورە ) و تەرمی شەهیدمان لە ناو خانوێکی پاک و خاوێن دانا و بە ئێشکگریەوە تا بەیانیماینەوە .

# بەخاك سپاردن

دوای ئەوەی تەرمــی پیــرۆزی شــەهید ( ســەرکەوت ) مــان لە گوندی ( هەرەجە ) بە هاوکاری خەڵکی گوند و دۆستان شوشت و کفن کرا بۆ حەسانەوەی خۆمـان و پاراستن پارێزگاری لێکردن ، ڕۆیشتین بۆ کاولە گوندی ( بیستانەی گەورە ) ، شەو بە ئێشکگری و لە شوێنێکی پاک دامانـنا ، بەو نیـازەی هەتـا بەیـانی دایـک و کەس و کـاری دێـن ، ئەوســا بە ئامــادە بــوونی ئەوان مەراســیمی ناشــتنەکە ئەنجــام دەدەیــن .

ئەوەبوو ڕۆژی ( ١٥/ ١١/ ١٩٨٦ )هەتا دوای عەسر هەر بەو شێوەیە مــاینەوە ، لەوە بەدوا کەوتیــنە خــۆ و تەرمــی پیــرۆزی شــەهیدمان خســتە سەیارەکەی خۆمـان و بە شێوەیەکی شایستە چەند هاوڕێیەک لەودیـوو و ئەودیوی تەرمەک سوار بووین و بەرەو گوندی ( ئۆمەرەسۆر ) بەڕێکەوتین ، دیار بوو هەندێک خزم و دۆست زووتر ئاگادار کرابوونەوە بۆ ئامادەکردنی گۆڕ ، سەرەتا تەرمەکەمـان بردە مـزگەوت بـۆ نـوێژ لەسـەر کـردن و دواتـر هێنامـانەوە سـەر گۆڕسـتان و چاوەڕێی هـاتنی کەس و کـاری شـەهیدمان کرد .

## دیمەنی دایکی شەهید

دوای کەمێک سەیارەیەکی ( شۆفرلێت - سور ) دیاربوو ئەوانی لەشار هێنابوو گەیشت ، هەر لەگەڵ گەیشتنی سەیارەکە و دایکی شەهید چاوی بە سەر گۆڕستان و تەرمی شەهید کەوت ، دڵنیا بوو لە شەهید بوونی جگەر گۆشەکەی ، یەکسەر بە سۆزێکی ئێجگار بەهێزی دایکانە هاواری لە شەهید ( مام خدر کاکیل ) کرد و گوتی ( هۆ هۆ خدری کاکیلی لەکێی بێی بە دەستی خۆت کوڕی زەرد و تەنکم لۆ شۆڕکەیەوە قەبری تەنگ ، هۆ وستا خدر لە کێی بێی بەدەستی خۆت ئەلحەدی لۆ هەربەستی .... هتد) ، بە گریان و هاوار و زریکە و پێداهەڵگوتنی شەهید و لە خۆدان ، بەڕاستی بە شێوەیەک بوو قەت نایەتە وەسف کردن ، هەر لەگەڵ دابەزین لەسەیارەکە کەوتە خوار و دەستی کرد بە خۆڵ بەسەر خۆداکردن بە شێوەیەک لەگەڵ گریان و فیغان و لە خۆدان وا هەڵبەز و دابەزی دەکرد مەگەر هەر خۆی بزانێ چۆن بوو ، وەک ( کەروێشکی نیوە سەربڕاو هاتە بەر چاوم ) ، بەڕاستی من لە ژیانم تەنها یەک جاری دیکە شتی وام دیتبوو ، ژنێک بەو سۆزە کوڕ و کەسی شەهیدی خۆی بلاوێنێتەوە ، ئەویش دیمەنی دایک و خوشکی شەهید ( جەمیل ڕەنجبەر ) لە کاتی هاتنەوەی تەرمی شەهید ( یاسین ) ی کوڕیان لە ساڵی (١٩٦٨ ) ، کە بە هەمان سۆز شیوەنی کوڕی خۆیان دەکرد ، من هاتە ئێستاش قەت دیمەنی ئەو دوو شێرە ژنە جەرگ سوتاوە ( پلە حەلیم و پلە ئاسک )

م لەبیر ناچێت کە چۆن و بە چ شێوەیەک شینی ڕۆڵەکانیان دەکرد !!! دیمەنەکە ئەوەندە کاریگەر بوو نەمتوانی زیاتر بەدیاری بوەستم ، دوور کەوتمەوە هەرچەند کردم خۆم بۆ نەگیرا دەستم کرد بەگریان ، چونکە بە بڕوای ئەوکاتی من شورەیی بوو پێشمەرگە بگرییێت ، لەو کاتە دایکی خۆم و هەموو دایکە شەهیدەکانی دیکەم هاتەوە یاد ، کە ڕەنگە ئێستا لە کونجی ژوورەکانیان بە دزی شیوەن بۆ کوڕ و کەس و کاریان بکەن .

شایانی باسە دوای تەواو بوون لە مەراسیمی ناشتن لەلایەن ( مام ئەبوبەکری هەرەجە ) تەلقین درا و هاوڕێیانیش وتاری حیزب و پێشمەرگەیان خوێندەوە ، ئیتر وردە وردە کەسەکان بەڕێکران و سەر گۆڕستان بەرەو چۆلی دەرۆیشت ، تەنها ئێمە چەند هاوڕێیەک لەسەر گۆڕەکە مابووینەوە وەک کەسی نزیکی شەهید ( نەریتێکی باوە کەسی مردوو تا ماوەیەک دوای خەڵک بە دیار گۆڕەکە دەمێنێتەوە ) ، لەو کاتە هەستم کرد هاوڕێ ( حاکم سیروان ) شتێکی لە گیرفانی دەرکرد و بە کێلی گۆڕەکەی وەکرد ، نزیک کەوتمەوە بینیم ئەوە خەناوکەیەکە تەنها لە زنجیر و گوللەیەک پێکدێت ، زانیم ئەوە ئەو خەناوکەیە کە هاوڕێی شەهید چەندین ساڵە وەک یادگاری پاراستویەتی چونکە ئەو گوللەیەی کە لە شەڕی ( جەمەسۆر ) پێی بریندار بووە و وەک یادگاریەک هەر پاراستویەتی ، وام بە خەیاڵ داهات چاکترە من ئەو خەناوکەیە لای خۆم وەک یادگاری بپارێزم چونکە دووجار بەخوێنی شەهید سورە ، شەو بە خەیاڵم داهات خەناوکەکە بدەمە کاک ( عومەری برای شەهید ) بەڵام لەبەر ئەوەی هێشتا خوێنی شەهیدی پێوە دیار بوو پەشیمان بوومەوە و هە تا

دوای ئەنفالەکانیش وەک شێکی بەبەها لای خۆم پاراستم بە نیازی ئەوەی ڕۆژێک بێت لە مۆزەخانەی شەهیدان دایبنێم یان بدەمەوە کەس و کاری ، بەڵام بەداخەوە لە کاتی چونەدەرەوەم لە گەڵ پشت بەست ( نیطاق ) ە بە خوێنەکەی شەهید ( ئەحمەدی کادر ) و چەند شتێکی دیکەی خۆم ، لە ناوزەنگ لای هاوڕێیان بەجێم هێشت ، دواتر هەر چەند پرسیارم کرد هیچ ئەسەریان نەبوو ، وەک چەندین شتی دیکە فەوتان .

شایانی باسە ڕۆژی دواتر ( ١٦/ ١١ ) وەک ڕێز لێنانێک چویتەوە سەر گۆڕەکەی مەراسیمێکی دیکی بچوکمان بۆ سازدا و تێیدا وتاری حیزب و وتاری لقی بەڕانەتی خوێدرانەوە و بە درێژی باس لە ژیاننامەی شەهید کرا و چەند وێنەیەکیش بۆ یادگاری لە سەر گلکۆی پیرۆزی شەهید گیرا .



**هەندرێن رواندزی　　شەهید سەرکەوت　　کاوە چاوشین　　پیرس**



**پۆلێك له پێشمەرگەکان له رۆژی بە خاك سپاردن**

**پلکە ئـاسك**






## پلکە حەلیم

# دایکی هەمووومان ( عایشە گورون )

هاتەوە بیرم ئەوڕۆ ( ٢٨ ) هەمین ساڵیادی شەهیدبوونی شێرەژنی شاری کۆیە و دایکی شەهیدان ( حەمەی حەلاق و بەشدار ) ە کە هەرسێکیان بەغەدر و ترسنۆکانە و نامەردانە شەهید کران.

لە هاوینی ( ١٩٨٣ ) لە (دۆڵی ڕۆست ) لە گوندی ( سمیلان ) , کە چوبومە سەردان و سۆراخی هاوڕێیان , دیاربوو زۆربەی هێزەکانی حیزب ڕۆیشتبونە ئەودیوی سنور بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ شەڕی ( پشت ئاشانی دووەم ) ، تەنها هاوڕێیانی محەللی و هاوڕێیانی ڕێخستن لەو ناوچەیە مابوون .

دوای عەسر بوو گەیشتینە ئەوێ لامانادایە لای کەپرێک هەر لەسەر ئاوەکەی( سمیلان) دیاربوو کەسێکی خەڵکی لای ( ڕانیە ) کە لەوێ دەژیا وابزانم لە پێشمەرگایەتی دانیشتبوو پیاوێکی قسە خۆش و ڕۆشنبیر بوو ، بەگەرمی بەخێرهاتنیان لێکردین میوانیشی هەبوو کە (ئافرەتێک و گەنجێک) بوون ( وەک دەڵێن ) ماشەڵڵایان لێبێت هەر لە گفت و گۆ و هەڵس و کەوت سرنجی خەڵکیان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشا ، حەزم دەکرد

پرسیار بکەم ئێوە کێن و خەڵکی کوێن , بەڵام نازانم شەرم بوو لەو ژنە بەڕێزە یان شتی دیکە پرسیارم نەکرد , بەڵام وەک دەڵێن ڕوخسار و هەڵس و کەوتیان لە مێشک و دڵم نەقشی بەست و بە شێوەیەک هەر حەزم دەکرد جارێکی دیکە بیانبینمەوە ، دیار بوو ئافرەتەکە وەک ئێمە لەشار هاتبووە لای کوڕە گەنجەکە کە پێشمەرگە بوو .

دوای دانیشتن و گفت و گۆ کردن زیاتر سرنجیان ڕاکێشام بە شێوەیەک سۆراخ کردنی کەس و کاری خۆم لەبیر کرد و وا لەگەڵیان کەوتبومە گفت و گۆ وەک ئەوەی بۆ لای ئەوان هاتبم و کەس و کاری خۆم بن .

دیاربوو دایک و کوڕ بوون (دایکە باڵا بەرز و سور و سپی و قسە خۆش و بە ڕێزەکە هاتبووە لای کوڕە باڵا بەرز و ڕوخۆش و دەم بەخەندەکە هەردوکیان یەک لەیەک جوانتر و قۆزتر و ڕێک و پێکتر و بەڕێزتر بوون هەر بە سەیرکردنی چاوەگەش و جوانەکانیان ڕومەتە سپی و سۆرەکانیان دەتزانی دایک و کوڕن) .

دوای ماوەیەک کە هاوڕێیان لە شەڕ گەڕانەوە و هاتنە دەور و بەری هەولێر و هاتنە ناو شار ، شەوێک لە ماڵی خۆمان لە دانیشتنێکی ئاسایی ئەو دیمەنی دایک و کوڕەم لە هاوڕێ ( داود ) پرسی و بە درێژی باسی ئەو دانیشتنەم کرد باسی ئەوەم کرد کە ئەو دایک کوڕە چەند چونەتە دڵم و زۆر حەزدەکەم بە دیداریان شاد ببمەوە ، کە وەسفم کردن هاوڕێ ( داود ) یەکسەر گوتی ئەوە هاوڕێ ( محەمەد حەللاق و ئایشە گوروکی دایکی )نە .

لە مانگی ( ١٠/ ١٩٨٦ ) لە پێشمەرگایەتی بە دیداری هاوڕێ ( محەمەد حەللاق ) شادبوومەوە و باسی ئەو ڕۆژەم لەگەڵ کرد و چەند جار و لە چەند چالاکی پێشمەرگایەتی لەگەڵی بەشدار بووم بۆم دەرکەوت لە دانیشتن و گفت و گۆ چەند زوو دەچێتە دڵی خەڵک لە چالاکی و ئەرکـــــی پێشـــــمەرگایەتی ســـــەد ئەوەنـــــدە .

ئێوارەیەکی مانگی ( ٢/ ١٩٨٧ ) چوینە گوندی ( شاخە پیسکە ) دیاربوو لە ماڵی مام ( حەمید جۆڵا ) نانێکی باش حازر کرابوو پێدەچوو هەم چوونمان بۆ ئەو گوندە هەم خواردن حازر کردنەکە ئامادە کاری بۆ کرابوو بە سود فە نەبوو .

بەهەرحال دوای دانیشتن کە دونیا کەمێک تاریک داهاتبوو بە خێـر هـاتن کـراین یەک لەوانەی بە خێرهـاتنی کـردین ئافرەتێـک بـوو هەرچەندە سەرەتا سیمایم نەدیت یان هەر بە ئاسایی وەڵامی بەخێر هاتنەکانم دەدایەوە ، بەڵام بەو دەنگە ئاشنابووم ، کە هاتە پێش دیتم ئەو ژنە هەمان ژنە شۆخ و شەنگ و ڕوخۆش و بە سۆزەیە کە لە (دۆڵی ڕۆست ) دیتم و دواتر گوتیان ئەوە ( عایشەگورکی دایکی هاوڕێ حەمەی حەللاق ) ە ، بەڕاستی زۆر دڵخۆش بووم بەدیتنی چونکە ماوەیەکی زۆر بوو حەزم دەکرد بەخزمەت ئەو ژنە سەلار و بەسۆزە بگەمەوە بە تایبەت کە لە نزیکەوە ( هاوڕێ حەمە ) شم ناسی و ئاشنابووم بە جوامێری و ئازایەتی و خۆڕاگری کە دیارە نەقشی ئەو شێرە ژنەی بەسەرەوە بوو زیاتر خۆشم ویست و زیاتر حەزم دەکرد بە خزمەتی بگەم ، دیقەتم دا لەگەڵ بەخێرهاتنمان یەکە یەکە هەموانی لە باوەش دەگرت و بە سۆزێکی دایکانە ماچی دەکردن ، من لە

دوایـن ئەو هاوڕێیـانە بـووم کە ئەو شـێرەژنە وەک کـوڕ و دایـک لەباوەشـی گـرتم و لەگەڵ مـاچ کـردن بۆنی دەکـردم ڕێک وەک ئەوەی کە دایکـی خۆم دەهاتە لام , هەستم کرد بە هەمـان هەست و سۆز بە هەمـان لە بـاوەش گـرتن هەمـان مـاچ کـردن هەمـان بـۆن پێـوەکردن بـوو , بەڕادەیەک تاچەنـد چرکەیەک هەستی ئەوەم لادروست بوو وادایکم هـاتووە و باوەشم پێدادەکات و بەهەست و سۆزی دایکانەی خۆی مـاچم دەکات و بـۆنم پێوەدەکـات ، کە گـوتی ( هــاوڕێ چــۆنی ) ئەوجـا هــاتمەوە ســەرخۆ و زانــیم بەخەیــاڵ ڕۆیشـتومە باوەشـی دایکـی خـۆم ، سـەیر لەوەدابـوو هەمـان هەسـت و سـۆز تەنـــــانەت هەمـــــان بـــــۆنی دایکـــــی خـــــۆمی دەدا.

دیسان لە کاتی نان خواردن هەستم کرد بە هەمان سۆزی دایکـایەتی بەدەورمانەوەیە و خەریکی خزمەت کردنە وەک چۆن دایـک تا منـداڵەکانی تێر نەکات خۆی نـان نـاخوات و ئیسـراحەت ناکـات بەو شێوەیە هەتـا هەمـوو نانمان خوارد ئەوشێرە ژنە هەر بە پێوە بـوو و شـتی دەهێنـا و دەبرد ئەوەی تـا ئێســتاش زۆر جــوان لەبەرچــاومە و لە گــوێم دەزرینگێــتەوە ئەوەبــو کە بە کەوگیرەکەی دەستی بنکڕی برنجی بۆ هێنام بە شێوەزاری کۆییانە گـوتی ( هـاوڕێ بـن کـڕێ نـاخۆی ) وەک ئەوەی بزانـی مـن حەزم لە بنکـڕی بـرنجە و شـەرم دەکەم داوا بـکەم ، ئـای کە چەنـد کەیفـم هـات !!!! هەم بە سۆز و گرنگـی پێدانم لە لایەن ئەو ژنە میهرەبـانە هەم بەو بنکـڕە خۆشـەی کە بەدەستی ئەو و خوشکی بەڕێزمان ( شیرین خان ) ی خێزانی شـەهید ( مــلازم ڕەنجــبەر ) ئامــادەکرا بــوو کە ( شــیرین خــان )یــش لە کابـانی و ڕێــزداری و خۆشەویســتی بــۆ هاوڕێیــان جــێ پەنــجەی دیــار بــوو.

لە تەواوی دانیشتنەکە هەستم کرد ( شێرە ژن دایکی هەمومان ) زۆر چاوی لەسەر منە زۆر خۆش بە هاوڕێ هاوڕێ قسەم لەگەڵ دەکات سەرەتا لام سەیر بوو دواتر زانیم مەسەلە ئەوەیە یەکەم ( هاوڕێ حەمە ) کوڕی لەگەڵمان نیە و سۆزی ئەومان پێدەدا و دوەمیش من کەمێک لەشکل و ڕوخسار بە ( هاوڕێ حەمە ) دەچم کە ڕەنگە گرنگی دانی زیاتری بە من لە بەر ئەوە بێت ، دواتریش زانیم هۆکاری ئەوەی بەدەستی خۆی بنکرِی بۆ هێنام ئەوەیە ( هاوڕێ حەمە ) ش وەک من حەزی بە بنکرِێ برنج هەیە.

ئەوجارە و چەند جاری دیکەش شەرەفی ئەوەم بەر کەوت بە دیداری ئەو شێرە ژنە شاد بم ، بەبێ موبالەغە هەموو جارەکان هەمان هەست و سۆزی دایکایەتیم لێبەدی دەکرد نەک تەنها من بەڵکوو هەموو هاوڕێیانیش هەروا ئەو چۆن هەموانی بە جگەرگۆشەکانی حیساب دەکرد وەک دایکێکی دڵسۆز لە باوەشی دەگرتین و بۆنی ڕۆڵەکانی خۆی لێدەکردین ئێمەش هەروا وەک دایکی خۆمان ئەو هەست و سۆزەمان لێی دەکرد و ڕۆڵە و دایک بووین بۆ یەکتر و بەڕاستی ( دایکی هەموومان ) بوو

هاوینی 2017



شەهید ئایشە گوروك



بەیان کۆچکردوو رۆستەم حەلاق شەهید ئایشە گوروك

# کامەرانی خاکی

ساڵی ( ١٩٨٧) بەمەبەستی دابڕانی پێشمەرگە و جەماوەر بڕیاری تێکدانی گوندەکان لەلایەن ڕژێمەوە دەرچوو و دست کرا بە تێکدانی گوندەکان و سوتاندنی پاشماوە و شوێنەوار و هەرچی پێشمەرگە کەڵکی لێوەرگرتایە ، ئەوەبوو زۆربەی خەڵکەکە بەناچاری بەرەو ئۆردوگا زۆرەملێکان و ناو شار چوون کە بێگومان بۆ گەنج و پیاوانی تەمەن بچوک و مام ناوەند زۆر زەحمەت بوو , چونکە بەناچاری دەبوو ببنە چەکداری ڕژێم یان نەچنە شار و پەیوەندی بکەن بە هێزی پێشمەرگە ، ئەوەبوو گەنجێکی زۆر هاتنە ڕیزی پێشمەرگە هەر یەک کە لێت دەپرسی بۆ پێشمەرگایەتیت هەڵبژارد بە گوێرەی ئاستی ڕۆشنبیری و هەستی خۆی وەڵامی دەدایەوە .

ئەوە باسی یەک لەو گەنجانەیە کە بڕیاری دابوو ببێتە پێشمەرگە و ڕەتی کردەوە بچێتە شار و چەک بۆ ڕژێم هەڵگرێ.

وابزانم لە مانگی ( ٦ یان ٧ / ١٩٨٧) بوو هێزێکی زۆری ڕژێم هاتنە ناوچەی (مرکیەی دەشتی هەولێر) چەند گوندێکیان تێکدا و خەڵکەکەیان ڕاگواست بۆ ئۆردوگاکان یەک لەو گوندانە گوندی (

سۆربەشـــی خـــدر ) ی پـــێ دەگـــوترێ بەر ئەو شـــاڵاوە کەوت و زۆربەی خەڵـــــــکەکەی چـــــــوونە شـــــــار و ئۆردوگاکـــــــان.

ئێـوارەکەی دوای خۆرئـاوبوون مەفرەزەیەکـی پێشـمەرگەکانی ئـێمە دەچنە ئەو گوندە بۆ ئەوەی لە وەزعەکە ئاگاداربن کە چی کراوە و چی ماوە .

دیـارە هەر لەگەڵ گەیشـتنیان گەنجێـک بەرەو ڕوویـان دێـت و بـێ ئەوەی پرسیار بکات ئێوە کام حیزبن دەڵێ (مـن دەمەوێ ببمە پێشـمەرگە ) هاوڕێیـــان پێـــی دەڵـــێن (دەزانـــێ ئـــێمە ســـەر بە چ حیـــزبێکین یـــان چ جەمـــاعەتێکین ؟؟؟) ئەو دەڵـــێ (گرنـــگ ئێـــوە پێشـــمەرگەن و دژی ئەو ڕژێـمەن کە ئەوڕۆ ئەو گونـدەی ئـێمەی کـاول کـرد )و یەکسـەر خـۆی هەڵدەداتە ناو سەیارەکەو (گۆچان )ەکەی دەستی( چونکە تا ئەو ڕۆژە هەر شوان بوو ) فڕێ دەدات و داوای چەک دەکات و هەر لەخۆیەوە بەدەنگی بەرز دەڵـێ ( چـۆن دەبـمە جاشـی ئەو ڕژێـمەی ئەوڕۆ ئەو هەمـوو گونـدە جوانەی کـاول کـرد ) , بە گـۆتەی خـۆی دیـارە لەلایەن خەڵـک و خـاوەن مەڕەکانی زۆر هەوڵی لەگەڵ دراوە کە وەک خەڵکانی دیکە بچێتە شار و ببێتە چەکداری ڕژێم بەڵام ئەو ڕەتـی کـردۆتەوە و بڕیـاری داوە پەیوەنـدی بەیەکەم مەفرەزە پێشمەرگەوە بکات کە دەچێتە گوندەکەیان جا هەر حیـزب و لایەنێـک بێـت لە بەختـی ئەو یەکەم مەفـرەزە هاوڕێیـانی ئـێمە بـوون.

بەیانیەکەی دوای نیـوەڕۆ چوومەوە بارەگا دیـتم کۆمەڵێـک گەنـج هـاتوون بۆ پێشـمەرگایەتی دیـاربوو هەمـوو جلـی تـازە و خاکییـان لەبەر بـوو تەنها یەکێک (لەوان نەبێت کەجلی کـۆن و شڕ بەڵام پـاک و خـاوێن دیـار

بـوو , تـازە خۆی و جلەکـانی شوشـتبوو و ڕیشـی تاشـی بـوو وەک ئەوەی بچێ بۆ ئاهەنـگ گەنجێکـی بـاڵا مـام ناوەنـد و تـاڕادەیەک سوروسپی و ڕوح سوک هەر بە دیتنی هەستت دەکرد کە کەسێکی بەسیت و خاکیە بە قسە و هەڵس و کەوت و جل و بەرگی هەستت دەکرد کە تازە گۆچانی فڕێداوە و دەستی داوەتە چەک )، دیار بوو هاوڕێیان چەکێکی جۆری ( ڕەشاش دیکتاریۆف )یان دابوویە کە هەتاڕادەیەک قورس و بەکارهێنانی زەحمەت بوو بەڵام ئەو چونکە (جسمێکی پتەو وتا ڕادەیەک بە هێزی هەبوو بەلای ئاسایی بوو هەر وەک گۆچانەکەی پێشووی ئەو تفەنگە قورسەی بەدەستەوە گرتبوو) .

لەبارەی زۆربەی ئەوانەی پەیوەندیان کردبوو پرسیارم کرد ، چۆنیەتی هاتن و سیما و جل و بەرگی ئەو گەنجە سرنجی ڕاکێشام بۆیە حەزم کرد بیدوێنم ، لێی چوومە پێش و چاک و چۆنیم لەگەڵ کرد و پرسیاری زۆرم لێکرد ئەوەی لە هەمووی زیاتر پێی سەرسام بووم ئەو هەڵوێستە جوانەی بووم کە زۆر دووبارەی دەکردەوە و بە شێوەزاری دەشتەکیانەی دەشتی هەولێر دەیگوت ( کورە بەمنیان دەگۆت وەرە بچینە شاری و لۆخۆت چەک لۆ حوکمەتی هەرگرە و ببە جاش ، ئاخر ئەمن کو ببمە جاشی ئەو حوکمەتەی گوندەکەی تێکدام و لە دەشت و مەڕی دابڕیم وەڵڵا وەڵلا هەتامابم ئەو چەکەی دانانێم و هەر پێشمەرگە دەبم ) .

چۆنیەتی هاتن و گۆچان فڕێدان و ڕێکەوتی لەگەڵ هاوڕێیان و .....هتد هەمووی بۆ باس کردم ، لە قسە و شێوەی جولەی دەستی و دەنگی بەتەواوی بە دیار دەکەوت کە چەند ڕق ئەستور و داخ لە دڵ و

خەمباری تێک چوونی گوندەکەی و دابڕانە لە مەڕەکانی و سروشتی ژیانی دێهاتی خۆی ، لەناو قسەکانی زۆر وشەی ( کورەی) بەکار دەهێنا پێیم گوت (لەجیاتی ئەو وشەیە چاکترە بڵێی هاوڕێ ) , دیاربوو هیچیشی لە چەک نەدەزانی , لە بارەی چەکەکەی هەندێک شتم فێرکرد زۆر کەیفی پێهات بەتایبەت لەسەر خەتەری چەکەکەی (چونکە ئەو جۆرە چەکە بۆ کەسی نەشارەزا خەتەرە و ڕەنگە لەدەستی دەرچێ )هەر دەیگوت ( وەڵلا ئەتو نەبای ڕەنگ بوو توشی کارەسات ببم

ماوەیەک ڕابوورد و ( هاوڕێ کامەران ) لەگەڵ ژیانی پێشمەرگایەتی ڕاهات و وشەی ( هاوڕێ گیان ) بووە جوانترین وشەی سەر زاری و هەموو ئەو ئەرکانەی پیێ دەسپێردرا بەڕێکی جێ بەجێی دەکرد و زۆر کەیفی بەچەکەکەی دەهات و فێر بوو خۆی چەکەکەی بکاتەوە و خاوێنی بکاتەوە ئێواران کە دەچوینە سەر شاخە تەختەکانی سەر بارەگا بۆ خەوتن و ئیسراحەت (هاوڕێ کامەران) ( ڕەشاش دیکتاریۆف) ەکەی لە نزیک سەری خۆی لەسەر چەتاڵەکەی دادەنا و خۆشی لەسەر زگ ڕادەکشا و هەردوو دەستی دەخستە ژێر چەناگەی بەرامبەر تفەنگەکەی و سەیری دەکرد وەک ئەوەی تەماشای خۆشەویستەکەی بکات ، من واهەستم دەکرد کە زۆر بە تاسەوەیە کەی دێت چەکەکەی بۆ ئامانجە پیرۆزەکەی بەکاربهێنێت کە تۆڵەی گوند و دەشت و دەر و مەڕەکانیەتی

ڕۆژی (٦/١٠/١٩٨٧) مەفرەزەیەکمان بەڕێکەوت بۆ (دەشتی شەمامک) بڕیار بوو منیش بەشداری ئەو مەفرەزەیە بم بەڵام لە شتێک دڵگران بووم و نەچووم ، (هاوڕێ کامەران) یەک لەو هاوڕێیانە بوو کە

دەست نیشان کرابوو بۆ بەشداری ئەو مەفرەزەیە ، زۆر کەیف ساز و دڵخۆش بوو خۆی و تفەنگەکەی جوان ئامادە کردبوو لەبەر چاومە کە سەیارەکان جولەیان کرد و ڕۆیشتن بە زەردەخەنەیەکی جوان خواحافیزی لێکردین.

بەیانی ( ٧/١٠/١٩٨٧) دوای عەسر هاوڕێ (هەژار) هاتە بارەگای ئێمە و داوای من و هاوڕێ (هەڵمەت )ی کرد کە لەگەڵی بچین بۆ ناوچەی (شەمامک) وگوتی هاوڕێیان توشی شەڕهاتوون و شەهید و بریندارمان هەیە .

بەهەر حاڵ ڕۆیشتین و دوای بڕینی ڕێگای کەرکوک و ڕێگای مەخمور چووینە گوندی ( یەدی قزلر ) لەوێ تەواو پێکەوتین کە هاوڕێیانمان توشی شەڕێکی نابەرابەر هاتوون و لە مەفرەزەیەکی بیست کەسی حەوت شەهید و یازدە بریندارمان هەیە ( لە بەشی شەڕی شیوەسۆر بەدرێژی باسم کردووە ).

بەهەر حاڵ دەست کرا بە شوشتن و کفن کردن وشاردنەوەی شەهیدەکان کە هاوڕێ( کامەران) یەک لەشەهیدەکان بوو .

( نازانم و هاوڕێیانیش باسیان نەکرد چۆن شەهید بووە ئایا توانیویەتی ڕقی پیرۆزی دامرکێنێتەوە یان نا ، کەڵکی لە چەکەکەی وەگرت یان نا ؟؟؟؟؟ بەڵام من دەزانم پەیمانەکەی کە گوتی ( تامردن هەر پێشمەرگە و چەک لە دەست دەبم لە دژی ئەو ڕژێمەی گوندەکەی کاول کردم ) ڕاست گۆیانە گەیاندیە سەر ) .

تەرمەکەیم لەسەر تاتەشۆر دیت گوللەیەکی دۆشکەی تەیارەی بەر زگی کەوتبوو دیار بوو لە ڕووبەڕوو پێکرابوو برینی پشتی زۆر گەورەبوو

هەر ئەو برینەی هەبوو دەم و چاوی هەر وەک خەوی لێکەوتبێ وابوو ، لەگەڵ هاوڕێیان لە قەبرستانی گوندی (ئیدی قزلر )شاردمانەوە .

(هاوڕێ کامەران) تەمەنی پێشمەرگایەتی زۆر کورت بوو هیچ وێنەیەکی پێشمەرگایەتیشی نەبوو تەنانەت وێنەی ئاساییم دەست نەکەوت ناچار وێنەی گۆڕە بێنازەکەییم دانا .



**چەتۆی بەڕانەتی لەسەر گلکۆی پیرۆزی شەهید کامەران**

# دێـــــدەوان

ئەو ناوە دوو پێناسە یان مانا هەڵدەگرێ لە دەشتی هەولێر و دەورووبەری بەتایبەت بۆ شیوعیەکان , کە یەکیان چیای ( دێدەوان )ی دەوبەستی شرغەیە و زیاتر بە ( دێدەوانی مەنتکان ) مەشوورە چونکە زۆربەی زۆری دانیشتوانی دەوروبەری لەعەشیرەتی ( مەنتک )ن ئەوی دیکەیان ناوی پێشمەرگەیەکی گیان لەسەر دەستی قسە خۆش و چوست و چالاکی لقی دەشتی هەولێری بەتالیۆنێ پێنجە.

هەموو دەم وا ڕاهاتووین کە پێشمەرگەیەک یان هەر کەسێک دوای نەمانی باسی بکرێت یان شتێک لەسەری بنوسرێت کە شایانی بێت وەک یادکردنەوە یان وەفاداریەک یان ڕێز لێنانێک ......هتد ، لەمێژە بیر لەوە دەکەمەوە کە حەق وایە سەربازە ونەکان بەتایبەت ئەوانەی لەژاندا ماون و دوورن لە مەرکەزی دەسەڵاتی حیزب یان گروپەکانی خۆیان و تا ڕادەیەک لەبیر کراون بەهەر هۆیەک بێت پێویستە بهێنرێنەوە بەرچاو و بە خەڵکی ئێستا بناسرێن کە ( دێدەوان یان دێدۆ ) یەک لەوانەیە .

لە هاوینی ( ١٩٨٦ ) لە ڕۆژێکی گەرمی تاقەت پڕوکێنی دەشتی هەولێر وەک ڕۆژانی ئاسایی و بۆ جەولە کردن چوینە گوندی ( عەوێنە ) کە ( یەک لەگوندە گەورە و ناسراوەکانی ناوچەی ( شەمامک

)ە و هەر لە سەرەتای پەیدابوونی شوعیەت لە کوردستان ئەو گوندە ئاشنایەتی هەبووە بە شوعیەت و خەڵکی شیوعی تێدا پەیدا بووە ) دەمەو عەسر بوو بە ماڵە دۆست و ناو گوند و دوکان و..... هتد, پەرت بووین تا ئێوارە کە کاتی دابەش بوون ( توزیع ) هات کۆبووینەوە بۆ وەرگرتنی وشەی نهێنی لەو کاتە تێبینیم کرد کەسێکی کەمێک نامۆ و هەتا ڕادەیەکیش ( نابووت و شڕو قڑن ) لە ناومان وەستاوە پرسیارم کرد ئەوە کێیە ؟؟؟ وتیان ( ئیلتیحاقە ) واتە دەبێتە پێشمەرگە و ناسیاری فەرماندکەمان ( ملازم هەژار )ە واتە ئەوە دڵنیایی بوو بۆ ئێمە کە جێی ترس نیە ، بەهەر حاڵ تەوزیع بووین و دوای نان خواردن گەڕاینەوە گۆڕەپانی گووند و سواری سەیارەکان بووین بۆ شوێنی حەسانەوە کە زۆربەی ناو شینابیەکانی ئەو گوندانەی شەمامک بوو وەک هەر شەوێکی دیکەی ئاسایی .

بەیانی بەتایبەت کە خۆمان ئامادەی جەولە کردن کرد گوێم لێبوو بە ( هاوڕێ دێدەوان ) بانگ دەکرا و وەک کەسێکی نەک تازە ( ئیلتحاق ) هەڵس و کەوتی دەکرد و هەڵس و کەوتی لەگەڵ دەکرا و شارەزایی باشی لە ناوچەکە هەبوو بۆ ڕێگاوبان کەڵکی لێوەردەگیرا سەرەڕای وەک گوتم نابوودی و شڕۆڵی( لە جل و بەرگ ) زۆر قسە خۆش و گورج و گۆڵ بوو بە دیتنی یەکەم کەوتە بەردڵی من و هاوڕێیانی دیکەش .

لەو کاتە تەنها خەریکی جەولەی ناو گوندەکان و بەسەرکردنەوەی جەماوەر بووین دەچوینە هەر گوندێک (دێدەوان —دیدۆ ) خەڵکی دەناسی و

دەیانناسی گاڵتەوگەپ و سوحبەتی خۆشی لەگەڵ دەکرا ,شارەزایی باشی ڕێگاوبـان بـوو بەتـایبەت شـەوان کە بـۆ ئـێمە زۆر گرنـگ بـوو ، لەگەڵ هەوڵدان بۆ هـاتنە نـاو شـار بـۆ دەست وەشـاندن لە پـێگە و پیـاوانی ڕژێم و بەدەست هێنـانی سـەیارە کە بۆ ئەو کـاتەی ئـێمە زۆر پێویست بـوو کـاک (دێدەوان ) لەوەش ئامـادەیی هەبوو چ وەک شـارەزا و چ وەک شـوفێری ( کە بـــــــۆ ئەو کـــــــاتی ئـــــــێمە گرنـــــــگ بـــــــوو.

ڕۆژ هات وڕۆیی ( دێدەوان ) لەناو هاوێیان و لە خۆشەویستی بـوو بە ( دێدۆ ) و لەناو خەلک خۆشەویست تر بوو بەڕادەیەک لە زۆر کـات و زۆر شوێن پێویستمان پێی دەبوو لەهەر هاوڕێیەکی دیکە زیاتر بە تـایبەت بە دەســـت پێشـــخەریەکانی خـــۆی لە هەمـــوو بارێـــک بەشـــداری زۆربەی چالاکیەکانی ناو شاری دەکرد و زۆر جار بـۆ زانیـاری کـۆکردنەوە دەچـووە شــار و ســەرکەووتوانە دەگەڕایەوە بـۆ ( سوســەکردن - اسـتطلاع ) دەچـووە شوێنی پێویست و بە زانیاری گرنگ دەگەڕایەوە ، بەکورتی هەر ئەرکێکی پـی سـپاردرابایە سـەرکەوتوانە ئەنجـامی دەدا ، پـێم شـک نـایە کـارێکی بەڕێـــــــک و پێکـــــــی ئەنجـــــــام نەدابێـــــــت.

لە کۆتـایی بەهـاری ( ١٩٨٧ ) ڕژێـم دەسـی کـرد بە تێکـدانی گوونـدەکان و ژیـان و کـار و جـولەی پێشـمەرگە گرانتـر بـوو دەبـوو ڕۆژانە بەشـێوەی خۆشـاردنەوە ( اختفـاء ) لە نـاوچەی( شـەمامک و مـرکیە ) بمێنینەوە دوای عەسر دەرکەوین و بچینە سەر جادەکـان و دەست لە پیـاوانی ڕژێـم و ڕبایەکانیـان بوەشـێنین جـار جـارە بەیانیـانیش کـاری وامـان دەکـرد تـاوای لێهـات ئیتـر کـار گەیشـتە ئەوەی بەیـانی وعەسـر وشـەو نەمـا هەر

کاتێک بمانتوانیبووایە دەچوین بۆ چالاکی چ لە ناوشار یان سەر جادەکان بە شێوەیەک وای لێهات کۆنترۆلی تەواومان هەبوو بەتایبەت لەسەر جادەکان جاری واهەبوو لە نێوان دوو ڕەبیەی جاش سەیتەرەمان دادەنا و...... هتد ,کە هاوڕێ (دێدەوان )ی ڕوح سوک و قارەمان دەوری تێدا هەبوو , باوڕ بکەن کار و چالاکی ئەوەندە ئازایانە و سەیری ئەنجام دەدا ئەگەر ئێستا بینوسم ڕەنگە بڵێن ( ئەوە فلیمی هیندیە ) نەک چالاکی

دیارە ڕۆژێک (دێدەوان) و چەند هاوڕێیەک لەسەر ڕێگای ( گوێڕ ) دەبن سەیارەیەک لەدوورەوە دێت (دێدەوان) دەڵی هیچ مەکەن ئەوە سەیارەی مەمۆستایانە دەچنە ئەو گوندانە ، کەدەگەنە ناو سەیتەرەکە دەوەستن هاوڕێ (دێدەوان) تفەنگەکەی دەکاتە شان و دەچێتە لایان بەحیساب سەیارەی مامۆستایانە کەدەگاتە لایان یەکسەر تەقەی لێدەکرێ و دەکەوێ هاوڕێیانیش لەولاتر تەقە لەسەیارەکە دەکەن بەڵام سەیارەکە دەردەچێت بۆلای ڕەبیەی جاشەکان هاوڕێیانیش (دێدەوان) دەهێننەوە کە کوللەیەک بەر شانی کەوتووە و برینێکی سەختی لێکردووە.

دواماوەیەک لەچارەسەری دەستی ڕاستەی سەقەت بوو من کە بەو شێوەیە ئەو کوڕە ئازاو چاو نەترسەم دەبینی زۆر دڵ گرا دەبووم خەمم لێی دەخوارد ماوەیەک بەو شێوەیە مایەوە ئەو کاتەش ڕێگای چونە دەرەوە هەبوو بۆیە بیرم کردەوە کە باشترە ئەو کوڕە چارەیەکی لێ بکرێ و دواتر لە دانیشتنی حیزبی من داوام کرد کە بۆ عیلاج ڕوانەی دەرەوە بکرێ باش بوو داواکەم جێی گرت و لەلایەن برادەرانیش دەست خۆشیم لێکرا ، سەرەتا

ڕەوانەی ئێران کرا و دواتر بۆ سوریا و دواتر بۆ سوید لەو شوێنانە چارەسەری بۆ کرا و ئێستاش لەوێ ژیان بەسەر دەبات.



چەتۆی بەڕانەتی          دێدەوان



چەتۆی بەڕانەتی شێخە سەلام

# ژیانی پێشمەرگایەتی

ڕەنگە زۆرێک لە ئێمەی کورد بە حوکمی بارودۆخی سیاسی کوردستان و داگیرکـــردن و دابەش کردنـــی کوردســـتان لەلایەن دەوڵەتە زلهێـــز و داگیرکەرەکـانی نـاوچەکە ، لە فەتـرەیەک لە فەترەکـان پێشـمەرگایەتیمان کردبێ ، جا چ وەک هەست کردنێک بە ئەرکی نەتەوەیی ، چینـایەتی .....هتـــد ,یـــان بەســـەرمان فەرز بووبێـــت وەک بەرەنگـــاری.

لەبەر هەندێ زۆربەی گەلی کوردستان شارەزاییەکیان هەیە لە ژیـانی پێشـمەرگایەتی ، جـا چ خۆیـان بەشـداری کـارا بـووبن یـان بە حـوکمی تـێکەڵاوی کەس و کـار و گونـد نشـینەکان بەگشـتی ، بەتـایبەت نەوەی سالانی هەشتایەکان و پێشتر.

ئەوەی لێرە مەبەستمە بە چەند زنجیرەیەک بینوسم ، ئەوەیە کە نەوەی ئێستای دوای ڕاپەڕین بە ژیـانی پێشـمەرگایەتی شـارەزا بـکەم ، بە تـایبەت لایەنە نـاخۆش و پـڕ زەحمەتەکـانی پێشـمەرگایەتی، کە بە بـڕوای مـن لە هەمـوو ئەو بابەتـانەی لەسـەر پێشـمەرگایەتی نوسراون ، جا چ لە بیرەوەریە کەسیەکان بن یان لە گێڕانەوە و تۆمارکردنی داستانەکان بووبێت ، کەمتـر یـان هەر لایـان لـێ نەکـردیتەوە ، بە بـڕوای مـن ئەو زەحمەتـی ناخۆشـیانەی لێرەوە باسیان دەکەم ، زۆر لە ئەرک و چالاکی و شەڕوشۆڕ زەحمەت تـر و

قورستر بووە ، بەتایبەت بۆ گەنجانی ڕاکردووی دەستی دوژمنانی گەلی کوردستان لەڕوی نەتەوایەتی و چینایەتی ، بەتایبەت گەنجانی شار کە زۆربەیان قوتابی خوێندکار بوون ، لە بەهاری تەمەن بوون ، دەبوو لەوپەڕی ناز و نیعمەت و سانەوەبان و باشترین ژیانیان بۆ فەراهەم بکرابایە لە هەموو بوارەکان وەک خوێندن و شوێنی نیشتە جێ بوون هەموو بوارەکانی دیکەی خۆشگوزەرانی ، کەچی ناچاری ژیانی پێشمەرگایەتی دەکران و دەکەوتنە ئەوپەڕی ناخۆشی گوزەران ، کە بەڕاستی بۆ گەنجانی ئەوکات و ئێستاش هەر زۆر زەحمەتە .

وەک گوتم مەبەستم لەو نوسینە ئاشنا کردنی نەوەی ئێستایە بە ژیانی پێشمەرگایەتی ئەوکات ( بەرلە ڕاپەڕین ) نەک ئەو (چەکدار ) یەی ئێستا کە بەهۆی بە حیزبی کردن و بە بنەماڵیی کردن و تەنانەت بە کەسی کردن ( بەداخەوە ) بووە بە نەنگی بۆ ناوی پیرۆزی ( پێشمەرگە ) ، جا چ بە هۆی بیرکردنەوەی سەقەتی حیزبە دەسلاَت دارەکان بێت یان بەهۆی بیرکردنەوەی گەندەڵکارانەی ( بەناو بەرپرسە نا بەرپرسەکان ) بێت یان هەر شتێکی دیکە .

بۆ ئەوەی نەوەی نوێ بزانن ( پێشمەرگە ) کێیە و چۆن بووە و چەند پیرۆزە ، جیابکرێنەوە لە چەکداری حیزبی و بنەماڵەیی و کەسی ، ببنەوە خۆشەویستی جەماوەر و نەوەی نوێی پێ ئاشنا بێت و بزانێ ئەوانەی لەبەر دەرگای ماڵە ( بەناو بەرپرس ) و بەر دەرگای باڵەخانەکانن ، ئەوانەی لە پشتی سەیارە سوار دەبن و بە تیژڕەوی خەڵک بێزار دەکەن ، ئەوانەی لە ( ترافیک لایت ) ەکان ڕاناوەستن و ڕێز لە یاسا ناگرن ، ئەوانەی لە

فەرمانگـا و شـوێنە فەرمیەکـان نـۆرەبڕی لە هـاولاتی دەکەن و ......هتـد ئەگەر ئێستا ناویشیان ( پێشـمەرگە ) بێت جیاوازن لەوانەی لە ڕۆژانێک ئامادەبوون گیانی خۆیان بکەنە قوربانی هەر تاکێکی خەڵکی کوردستان .

لێـرە وەک گـوتم بە چەنـد زنجیـرەیەک بـاس لە چەنـد لایەنێکـی ( پێشـمەرگایەتی ) دەکەم وەک ( ژیـانی ڕۆژانەی ئاسایی ، دابەش بـوون ، خـواردن ، خەوتـن ، پـاک و خـاوێنی ، دۆسـت ئاشـنایەتی لەگەڵ خەڵـک ، یارمەتی دان و بەهاناوە هـاتنی هەردوولا جەمـاوەر و پێشـمەرگە بـۆ یەکتـر و ..... هتد ) بە هیوام بتوانم هەر هیچ نەبێت ئاشنایەتیەک بۆ( پێشـمەرگە) پەیـدا بـکەم بەتـایبەت لەلایەن نەوەی نـوێی دوای ڕاپەڕیـن ، کە ڕەنـگە بە حـوکمی بیست وحەوت سـاڵەی ناشـیرینی دەسـەلاتی ( بە نـاو حـوکمەتی کوردستان ) وێنایەکی ناشیرین بۆ ( پێشمەرگە ) نیشاندرابێ



**پۆلێك لە پێشمەرگەکان لە ناویاندا چەتۆی بەڕانەتی و شەهید د.عادل**

## ژیانی پێشمەرگایەتی ( ١ )

ژیانی پێشمەرگایەتی بە گشتی دوو جۆر یان دوو شێوە ژیان بوو ، یەکەم ؛ کاتی مەفرەزە و گەڕان یان جەولە کردن لە ناو دێهاتەکان و جەماوەر بەگشتی .
دووەم؛ ژیان لە بارەگاکان .

که هەردووکیان خۆشی و ناخۆشی و زەحمەتی خۆیان هەبوو ، زۆرێک لەو خۆشی و ناخۆشیانەی هەردوو ژیانەکە جیابوون لەیەک ، هەندێک هاوبەشیشی هەبوو ، بە گشتی دووری لەخزم و کەسوکار دیارترین هاوبەشەکەیان بوو . سەرەتا پێم باشە بەگشتی باسی مەفرەزە و جەولە کردن بکەم و بچمە ناو وردەکاریەکانی .

مەفرەزە و جەولە کردن بەگشتی مەفرەزە و جەولە کردن لە ناو گوندەکان بوو ، زیاتر بە مەبەستی خۆناساندن و ناسینی خەڵک و سەلماندنی بوونی هێزی پێشمەرگە ( إثبات وجود ) بوو ، هەروەها گێڕانی کۆڕ و کۆبونەوە بۆ خەڵک و ناساندنی سیاسەتی ئەو حیزب و هێزە بوو بە خەڵک و لەگەڵ ناساندنی ئەرک و کاری شۆڕش و حیزب بە خەڵک ، وە ڕیسواکردنی سیاسەت و پلانی دوژمن و .....هتد .

بێگومان لەو حالەتە مەفرەزە هەبوو کاتێکی زۆر دەمایەوە ، دێهات و دێهات ناوچە و ناوچە دەگەڕا و دەسوڕا چەندین شەو ڕۆژی پێدەچوو ، بە شێوەیەک مەفرەزە هەبوو چەند مانگی پێویست دەبوو لە زستانی سەخت و باران و بەفر و سەرما و سۆڵە تا گەرمای هاوین و تۆز و خۆڵی دەشتە کاکی بە کاکیەکان تا کارەکانی تەواو دەکرد ، چەندین شەو و چەندین ڕۆژی بە پێیان بە برسیەتی و تینوەتی بەڕێ دەکرد ، جاری وا هەبوە ماوەی ڕۆژێک یان زیاتر لە ناو کەلێنە شاخ یان ژێر پوش و گیاوگۆڵ خۆیان حەشار داوە ، تەنانەت بۆ (میزکردن ) ێک نەیانتوانیوە دەرچن لە ترسی ئاشکرا بون و بونە نێچیر بۆ خۆفرۆشان و دوژمن ، جاری وا بووە هەر لە پاڵەوە لە بن گژوگیا و پوش و پەڵاش ، (میزکردن) یان

(سەردەستاو) یشیان جێ بەجێ کردووە ، بێنە بەرچاوت دوو یان سێ هاوڕێ لەبن قۆپەنی گژوگیا یان لەبن کۆمەڵێک قەسەر و و پووش بن و یەک لەوان تەنگاو بیت و بە ناچاری بەبەر چاوی هاوڕێکانی و لەسەر تەنیشت خۆی خاڵی کاتەوە ، چ دیمەنێک دروست دەکات ، هاوڕێی کۆچ کردوو ( مەحمود مەجید کە بە کاکەڕەشیش دەناسرا شتێکی وای بۆ من گێڕایەوە ) ، ئەوە پیسی و پۆخڵی ئەو شوێنی حەشاردانانە هەر باس ناکرێ ، ڕەنگە ئەگەر هەموو شتێک لەو بارەوە بنوسرێ نەبێتە جێی باوەڕ و زیاتر بە گرتەی ناو فلیمە هیندیەکان بچێت .

من لێرە بەگشتی باسی ڕۆژانی هەتا ڕادەیەک ئیسراحەت و خۆشی دەکەم نەک ڕۆژانی تەنگانە و مەفرەزە سەرەتاییەکان , یەکەم لەبەر ئەوەی خۆم کەمتر لەوان کاتان ژیاوم یان بەشداریم بووە دووەمیش وەک گوتم ڕەنگە باوەڕ پێکردنیان لەلایەن نەوەی نوێ زۆر جێگەی باوەڕ نەبێت ، کە مەبەستی من زیاتر ئاشنا کردنی ئەوانە واتە نەوەی نوێیە بە تایبەت نەوەی دوای ڕاپەڕین .

**دابەش بوون ( توزیع )**

سەرەڕای هەموو ئەو ناخۆشیانەی کە بەکورتی باسم کردن ، بۆ من ناخۆشترین و پڕ شەرمترین شت لە ژیانی پێشمەرگایەتی (تەوزیع ) بوون بوو، کە ڕۆژانە بە ناچاری دەبوو ڕۆژی سێ جار دەرگای ماڵان بکوتین بۆ پاروە نانێک ، بەڕادەیەک ئێستاش کە بەبیرم دێتەوە شەرم دامدەگری ، بێنە بەرچاوت گەنجێکی شاری دوور لە خزم و کەس و نازو نیعمەتی شار و ماڵی خۆی لە برسان وەک دەرۆزەکارێک دەرگای ئەو ماڵ و ئەو ماڵ

دەکوتیێ بۆ ئەوەی پاروە نانێکی بدەنێ زگی تێر بکات ، وەک گوتم ئەوە ڕۆژی سێ جاریش دووبارە ببێتەوە .

ڕەنگە ئێستا هەندێ نمونە بهێنمەوە لای خوێنەر سەیر بێت ، چۆن دەکرێ پێشمەرگەیەک کە ئامادەیە گیانی خۆی بکاتە قوربانی گەلەکەی دەرگای چەند ماڵ دەکوتیێ پاروە نانێکی دەست ناکەوێ ، چەند نمونەیەک ؛

**پیاوەمان لە ماڵ نیە**

پایزی ١٩٨٦ نیوەڕۆیەک لە گەندی (بانیمارانی دەشتی کۆیە) لەگەڵ هاوڕێیەک دەرگای (شەش یان حەوت) ماڵمان کوتا بە پاساوی ئەوەی ( پیاومان لەماڵ نیە ) کە زۆر جاران بە درۆ ئەو پاساوە بەکار دەهات ، نانیان نەداینێ ، بە ناچاری چوینە دوکانی گوندەکە هەندێک پسکویت و شتی وامان خوارد .

**تۆرکەی زەردکراو ( تۆڵەکە )**

جارێکی دیکە هەر لەو ناوچەیە لە گوندی ( ئاخوڕە ) ی دەو ( بەستی شرغە ) توشی حالەتێکی دیکەی زۆر ناخۆش بووین وابزانم سەرەتای (بە هاری ١٩٨٧ یان کۆتایی زستان ) بوو ، بەر لە نیوەڕۆ تێبینیم کرد بوکی مالی مام ( ........) خەریکی تۆڵەکە یان تۆرکە کردنە لە نزیک مالان ، بێگومان ئەو کاتەی ساڵ کە تۆڵەکە ناسکە و تازە پێدەگات ، زۆر خۆشە بەتایبەت ئەگەر زەرد بکرێ ( زەرد کردن شێوازە ئامادە کردنێکە تۆڵەکەی ناسک لەسەر سێڵ یان ساج دەبرژێنن )

هەرچەندە خواردنێکی زۆر ساکارە و هیچ مەسرەفی نیە بەڵام زۆر خۆشە یان مـن زۆر لام خۆشە ، زۆر جار بەهاران دایکم دروستی دەکرد زۆر لام خۆش بوو ، هەر بەو هیوایە و بەو حەزەوە بڕیارم دا بۆ نیوەڕۆ لە تەوزیع بوون بچمە ئەو ماڵە .

ئیدی کاتی تەوزیع بوون هات ، گوتمە هاوڕێ ( دکتۆر ئازاد ) با بچینە ماڵی فلان ئەو خوادنەیان هەیە ، کە ئەو کات زۆر بەیەکەوە تەوزیع دەبووین ، دیار بوو ئەویش حەزی بەو خواردنە هەبوو، ئیتر چونە ماڵی دیاری کراو ، کە چوینە حەوشە ژنی ماڵەکە ، ( واتە خەسوی ئەو ئافرەتەی خەریکی تۆڵەکە کردن بوو ) لەبەر ڕۆژ دانیشتبوو سەری منداڵێکی چوار پێنج ساڵانی دەڕۆنی ( دەدۆزی ) واتە خەریکی ئەسپێ کوشتن بوو ، بە شێوەیەک پیسی و خوێنی ئەسپی بەدەستیەوە دیار بوو ، بەڵام لە حەزی تۆڵەکەی زەرد کراو ، گوێمان بەو دیمەنە قێزەونە نەدا و چوینە ژوورەوە دانیشتین و چاوەڕێی تۆڵەکەی زەردکراومان کرد .

دوای کەمێک ژنەی ئەسپێ کوژ هاتە ژووەرەوە و چاپیەست و قۆری بەدەستەوە بوو ، (ئەوە نیشانەی ئەوەیە چێشت نیە بەڵکو زیاتر نان و ماست یان ( ژاژی = TNT ) یە ، ڕێک وا دەرچوو هەندێک ماستیان بە چایەوە بۆ دانایین !!!!! ئەو تۆلەکە زەردکراوەی کە دیمەنی قێزەونی ئەسپێ کوشتنیشمان لە پێناوی قەبوڵ کرد ، پێیان ڕەوا نەدیتین و ماستی سارد و سڕیان لە پێش دانایین .

من بە سروشتی خۆم ئێستاش هەروام چیم لە پێش دانرێ دەیخۆم وەک دەڵێن ( هەر لەبەرد نەرمتر بیت ) کێشەم نیە ، بەڵام زۆر دڵگرانیش

بووم ، کەسێک ئامادە بێت خۆشی ناز و نیعمەتی شار و کەس و کار بەجێبهێلێ ، تۆڵەکەشی پێ ڕەوا نەبینرێ !!!!؟؟؟ ، بەڵام چار چیە ئەو گوندە دوکانیشی نەبوو بچین پسکویت و شتی وا بخۆین ، من خەریک بوو دەست بە نان و ماست خواردن بکەم ، هاوڕێ ( دکتۆر ئازاد ) بانگی منداڵە سەر بە ئەسپێیەکەی کرد و بڕی ( ٢٥٠ فلس ڕوبعە دینارێک ) ی دایە و گوتی ( بزانە بای ئەو پارەیە هێلکەمان بۆ ناکڕی مەعیدەم تەواو نیە ناتوانم ماست بخۆم ) هەر بۆ ئەوەی لە ماست خواردن دەرباز بێت دەنا هیچ نەخۆشی نەبوو ، منداڵەکە چوە لای داپیرەی کە پێش ئێستا ئەسپێی سەری دەکوشت ، چوار هێلکەی هێنا لەگەڵ قاپێکی پیس و کەمێک ڕوون ، دیار بوو ڕوونەکەشی لەسەر حیساب کردبووین دەنا پارەکە نزیکەی هەشت هێلکەی پێدەهات ، بە ناچاری هەر لەسەر ئاگری سۆبەکە کردمە هێلکە و ڕون ، لە کاتی دروست کردنی هەندێک شتی ڕەش و پیسی بنمیچەکە کەوتە ناو قاپەکە ، بە ناچاری شتە پیسەکەم کەمێک دەرهێنا و دەستمان بە خوارنی هێلکەوڕوون کرد ، ناوە ناوە پیسی بن میچەکە کە لە ناو قاپەکە مابوو دەکەوتە بەر ددانمان ، بەڵام لە ترسی ئەوەی نەوەک دیسان پارەمان لێوەرگرنەوە بە ناچاری خواردمان و خواحافیزی مان کرد .



**پۆلێك لە پێشمەرگەکانی بەتالیۆنی پێنج لەناویاندا**
**شەهید ئارام شاهین ، شەهید گیڤارا ، شەهید کۆسرەت، شەهید تانیاز**

## ژیانی پێشمەرگایەتی (2)

لە کاتی جەولە و گەڕان و سوڕان لە ناو دێهاتەکان بە مەبەستی خۆناساندن و یەکتر ناسین و سەلماندنی بوونی هێزی پێشمەرگە ، زۆر جار توشی تەنگ و چەڵەمە و کێشەی لابەلا دەهاتین ، کە هەریەکیان بۆخۆی مەسەلەیەک و کێشەیەک بوو ، دەبووە هۆی پەک خستن یان دواکەوتن لە کار و بەرنامەی داڕێژراو ، بەتایبەت بوونی ( کۆپتەر و تەیارەی پیلاتۆز ) کە زۆر جار جگە لەوەی لە ئەرک و کار دوای دەخستین ، جار هەبوو زەرەریشی لێدەداین ، هەر لەسەیارە سوتان تا دەگاتە بریندار و شەهید بوون .

### گوندی ماستاوە

لە هاوینی ساڵی ١٩٨٦ لە گوندی ( ماستاوە ) ی دەشتی هەولێر بووین ، وەک هەر ڕۆژێکی ئاسایی بەماڵەکاندا تەوزیع ببووین ، دەمەو عەسر بەدەنگی کۆپتەر بە ئاگاهاتین ، من لەگەڵ یەک دوو هاوڕێی دیکە لە ماڵی ( مام حاجی ئەحمەد و پلکە پەریّ ) بووین کە هەورەبان ( بەیتونە ) یان هەبوو ماڵەکەشیان دیڕوانیە سەررێگای هەولێر ، بۆ چاوەدێری گونجاو بوو ، کە گوێم لە دەنگی کۆپتەر بوو زوو خۆم گەیاندە

سـەربان و لە نـاو هەورەبـانەکە بینـیم ( سـێ کـۆپتەر ) لەسـە ئاسـمانی گونـدەکەن ، ( وەک ئەوەی زانیبیـان گونـد پێشـمەرگەی لێـیە ، بە بـڕوام زانیاریان هەبوو) ئێمە ژمارەمان لە سەروی ( ٤٠ چل پێشمەرگە ) دەبوو ، چەند سەیارەیەکیشمان پێبوو لە پەنای دیوار یان ماڵەکان ( هەتا ڕادەیەک بە ئیهمـالی ) ڕاگیرابـوون ، بەتەیـبەت سـەیارە دەبـڵ قەمەرە ( سـتاوت ) ەکەی لقـی ئـێمە کە بەدەست هـاوڕێ ( گیڤارا ) وە بـوو ، هەر لە نزیـک ئێمە لە پاڵ خانوێک زۆر بە مەکشوفی ڕاگیرابوو ( ڕەنگە هەموو ئەوانـی دیـکەش بە هەمـان شـێوە ڕاگیرابـوون لە نـاو ماڵەکـان ) ئیـدی ئەوە بـووە باشـــترین بەڵـــگە کە پێشـــمەرگە لە نـــاو گونـــد هەیە .

بەبـڕوای مـن سـەیارەکان بـوونە هۆکـار بـۆ ئەوەی کۆپتەرەکـان ئەو گوندە بەجێ نەهێلن و دەست بکەن بە تەقەکردن و لێدانی هەرچی دەیانبینی لە سـەیارە و تراکتـۆر و تەنـانەت ئـاژەڵ و گوێـدرێژ و .......هتـد ، کە بەڕاستی شپرزەیی و وەزعێکی زۆر خراپی دروست کرد ، چونکە گوندەکە زیاتر لە ( حەفتا مـاڵ ) دەبوو خەڵکێکی زۆری تێدابوو ، چەنـد سـەیارە و ترکتۆر و چەندین سەر مەڕومالات و ئاژەڵی هەبوو لەگەڵ بـوونی نـزیکەی ( چـل پێشـمەرگە ) ، کە ئەگەر وەلامـی هێرشـی کۆپتەرەکـان لەلایەن پێشمەرگەکان بدرابایەوە ( کە زۆر نزیـک بـوو ) ئەوە بێشـک کارەساتێک بەسـەر گونـد و خەڵـکەکەی و ( ڕەنـگە پێشـمەرگە ) ش بهاتابـایە ، لە پێشبینی ( توقع ) کەس دانەبایە ، بە تـایبەت کە ئەو گوندە هەر ( ٢٥ - ٣٠ کـم ) لە هەولێـر دوور بـوو ئەو کـاتیش هێزێکـی ئامـادە لە سـەربازگەی هەولێـر هەبـوو بۆ ئەو جۆرە شەڕ و پێویسـتیانە کە زۆر بە ئاسـانی دەتـوانرا

بگەیەنـرێتە شـوێنەکە ، کە دەشـتاییەکی ڕووت بـوو ، زۆرنزیـک بـوو لە شـەقامی سـەرەکی ڕێگـای ( هەولێـر - مەخمـور ) لە هەمـان کـات هێـزی ئامادە لە ( دیبەگە - مەخمور - گوێڕ - کەلەک ) هەبوو ، ئەوە جگە لە هێزی ( عەشیرەتە عەرەبەکانی ناوچەکە ، کە زۆر بە دژایەتـی و دڕنـدەیی بەرامـبەر کـورد بەگشـتی و پێشـمەرگە بە تـایبەتی ناسـرابوون , کە لە شەڕێکی هاوینی ١٩٨٧ بە شەڕی شیوەسور بە ناوبانگە کـارگەری زۆریـان هەبوو ) ، تەنها خاڵی کە لە بەرژەوەندی ئێمە بـوو بۆ شـەڕ ، کـات وەختـی عەسر بوو کە ڕۆیشـتن بەرەو ڕۆژاوا بـوون هەردەم لە بەرژەوەنـدی پێشـمەرگە بووە ، لە کاتی وا یەک هەڵە یان هەڵشەیی یەک پێشـمەرگە دەبێـتە هـۆی لەدەست دانـی هەمـوو شـتێک ، بـۆ نمـونە ئەگەر هـاوڕێیەک یەک دەست ڕیژ یـان یەک ( ئـار بی جی ) بتەقانبـایە هەمـوو شت کۆتـایی دەهـات و شـەڕی گەورە و گـران دروسـت دەبـوو کەس نەیـدەزانی کۆتـاییەکەی چـی دەبێت !!! ، بەتـایبەت بەنسـبەت گونـدەکە و خەڵکـی گونـدەکە ، کـارەسـات ڕوویدەدا چونکە وەک پێشتر باسم کـرد گونـدێکی ئـاوەدان بـوو ، شـەڕێکی وا لە ناو گوندێکی ئاوەدان بێشـک زیانی گیـانی و مـاددی زۆری دەبێت ، ئەوە جـــــگە لە کـــــاول بـــــوونی گونـــــدەکە .

ئەوەی زۆر گرنگ بوو نەیهێشت ئەو کارەساتە دروست بێت ، هەست کردنی هاوڕێیانمان بوو بە بەر پرسیارەتی و ئەو مەترسیە گەورەیە ، ئەوەبوو هاوڕێیان یەکسەر لە بڵندگۆی مزگەوت بانگەوازیان کرد ( بڕیار ئەوەیە بۆ سەلامەتی گوند و خەڵکەکەی کەس تەقە نەکات و لە ماڵەکان دەرنەچن و بە هیچ شێوەیەک خۆ دەرنەخەن .( شایانی باسە جەولەی کۆپتەرەکان و

تەقەکردنیان لە گوند ماوەی سەعاتێکی خایاند ، بە شێوەیەک هەرچی بەرچاویان بکەوتایە زۆر بە دڕندانە و بێویژدانانە لێیان دەدا ، لە سەیارە و تراکتۆر ، ئاژەڵ و مەڕوماڵات ......هتد ، تەنانەت لە ناو شینایییەکان و گوندەکانی دەورووبەر و ئەو ڕێگایانەی بۆ ناو گوندیش دەهاتن دەستیان نەدەپاراست ، ئەوەبوو لە ڕێگای ( سۆربەش - ماستاوە ) لەو سەیارەیان دا کە هی ( کاک رەحمان ) بوو ڕۆژانە وەک سەیارەی گوند هات و چۆی شاری دەکرد هەر لە نزیک گوند سوتاندی بەڵام زرەری گیانی نەبوو ، لە نزیک گوندی ( سیراوە ) لەسەیارەیەکی دیکەی دا دوو پێشمەرگەی ( ی ن ک )ی شەهید کرد ، لە ناو گوندیش زۆربەی سەیارەکانی ئێمەی پێکا بەڵام زیانی کەمیان پێگەییبوو ، جێگای خۆشبەختی بوو لەو هەموو لێدانەی ناو گوند هیچ زیانی گیانی نەبوو .

شایانی باسە نەبوونی زیانی گیانی دەگەڕێتەوە بۆ هەست کردنی هاوڕێیان بە ترسناکی دۆخەکە و پاراستنی گوندەکە لەو کاولکاریەی ڕوویدەدا ئەگەر شەڕمان بکردابایە کە بە بڕوای ئێمە نەماندەتوانی زیانێکی ئەوتۆ لە دوژمن بدەین و خۆمان و خەڵکی گوندیشمان توشی زیانێکی زۆر دەکرد ، کە تاکو ئێستاش خەڵکی ئەو گوندە بە ئیجابی باسی ئەو هەڵوێست بەرپرسیارەتیەی هاوڕێیانمان دەکەن ، بێگومان ئەو کات هەر زۆر لەو کارەی هاوڕێیان دڵخۆش بوون دەیان جار سوپاس و دەست خۆشیان لێکردین کە چۆن بۆ پاراستن و دوور خستنەوەی ئەوان ئەو هەموو پێشمەرگەیە دانی بەخۆی داگرتووە و تەقەی نەکردووە ، ئەو هەڵوێستەی هاوڕێیان بە جۆرێک کاری کردە سەر خەڵکی ئەو گوندە هەرچەند جاری

دەچــوینە گونــد وەک کەس و کــاری خۆیــان پێشــوازیان لێــدەکردین ، دۆستایەتیمان ئەوەندە بە هێز ببوو ، ئەوان ئێمەیان بە کەس و کاری خۆیان دادەنا و ئێمەش هەروا هەموو ماڵی ئەو گوندمان بە ماڵی خۆمان دەزانی ، وەک ماڵەکانی ( مام حاجی محمد کوردە خێزانەبەڕێزەکەی پلکە خەجیج ، وە مام حاجی ئەحمەد فەقێ ، مام مەلا عیسا و حسێنی برای ، تەلعەت ، ڕەحمان ، عوسمان ، مام عومەید و زۆربەی ئەوانی دیکە ) دەتوانم بڵێم تاکو ئێستاش ئەو دۆستایەتیە لە نێوان ئێمە و ئەوان هەر ماوە.

## ژیانی پێشمەرگایەتی ( ٣ )

لەو بەشانە زۆرتر پێم باشە هەر باسی مەفرەزە و جەولەکردن بکەم ، چونکە زۆرترین ماندووبوون و پیسی و چلکنی و برسیەتی و کەم خۆراکی و نەخەوتن لە کاتی مەفرەزە و جەولە بوو، هەر لەبەر هەندێ باسی ئەو کاتە و ناخۆشیەکانی دەکەم ، زیاتریش باسی کاتی دوای پێک هاتن و نەمانی شەڕی براکوژی بەتایبەت لە نێوان ( حشع _ ینک ) کە مەجالێکی باشی ڕەخساند بۆ جەولەی ئاشکرا ، زۆر کاتیش بە ڕۆژ .

ئەوکات واتە هاوینی ( ١٩٨٦ ) سەرەتا دوو مەفرەزەی بچوکمان لە دەشتی هەولێر بەتایبەت ناوچەی ( شەمامک ) هەبوو ، لە پێشمەرگەکانی هەردوو لقی ( قەرەچوخ و هەولێر ) دواتر مەفرەزەیەکی لقی ( بەڕانەتی ) هاتنە ناوچەکە ، زۆرجار بۆ خۆدەرخستن و خۆناساندن بە کۆمەڵ هەرسێ مەفرەزە جەولەمان دەکرد .

جەولەی بە سەیارە ئەو کات زۆرتر جولە و گەڕان و سوڕانمان بەسەیارە بوو چونکە ترسی شەڕی ناوخۆ نەمابوو و سەیارەش دەست دەکەوت و کار ئاسانیەکی باش بوو دەنا لەو دەشتە زۆر زەحمەت بوو لە شوێنێک بچیە شوێنێک یان لە گوندێک بچیە گوندێکی دیکە ئەگەر

سـەیارە نەبـوایە ، بە هەمـوو شـێوەیەک سـەیارە بـۆ ئەو کـاتی ئـێمە زۆر پێویست بوو ، زۆر لایەنی باشی هەبوو ، لە هەمان کات لایەنی خراپێشی هەبوو ، بە تایبەت لەو دەشتە لە هاوین زۆر جار لە تۆزو خۆڵ بزر دەبوین تەواوی جل و بەرگمان خۆڵاوی دەبوو بە شێوەیەک کەلکی ئاوەدانیمان نەدەما ، بەو گەرمای هاوینی دەشتی هەولێر و تۆزوخۆڵی ئەو دەشتە وەک بیبەر تیژ بوو جل و بەرگمان لە خۆڵ ئارەقە ڕەق دەبوو ، بە شێوەیەک جگە لە شوشتن هیچی دیکی دادی نەدەداین ، کە ئەویش ئەرکێکی قورس و زەحمەتی ئەو کاتی ئێمە بوو ، چونکە دەبوو زۆربەی ئەو کارانە لە مالآن ئەنجام بدەین ، چونکە ئەو ناوچەیە وەک ناوچە شاخاویەکان نەبوو کانیاو و شوێنی خۆشوشتن لەدەرەوی گوندەکان هەبێت ، دەبوو بە ناچاری داوا لە خەڵکی ئەو گوندانە بکەین بۆ خۆشوشتن و خۆ خاوێن کردنەوە لە ناو ماڵەکانی ئەوان خۆ بشۆین و ژن کچی ئەوان جلوبەرگمان بشۆن ، چەند زەحمەت و چ ڕوێکی دەوێ !؟!؟!

دوای عەسر دەچوینە گوندەکان ، بۆ نان خواردنی ئێوارە لە ماڵەکان تەوزیع دەبووین ، تا شە درەنگ لەو دێهاتانە لە ناو خەڵک و لە مالآن و لای مزگەوت و شوێنە گشتیەکان دەماینەوە ، بێگومان ئەو مانەوە و تێکەڵ بوونە مەبەستی تایبەتی خۆی هەبوو ئەویش وەک گوتم خۆناساندن و ناسینی خەڵک و پەیداکردنی دۆست و لایەنگربوو بەگشتی ، کە بێگومان کەلکی زۆرمان لێی دەدیت . چەندین جار دەبووە هۆی ئەوەی گەنجی گووندەکان دەبوونە پێشمەرگە ، ئەوە جگە لە بە دەست هێنانی پێویستی تایبەت هەر لە خواردن و جگەرە و جل و بەرگ هەتا زانینی

هەواڵی خزم و کەس و کار ، بە تایبەت خۆشوشتن و جل و بەرگ شوشتن و بە گشتی خۆ خاوێن کردنەوە زۆربەی زۆری لە ناو ماڵ و حەمامی ئەو ماڵە لادێ نشینانە جێبەجێ دەکرا .

## جل و بەرگ و خۆشوشتن

شایانی باسە دەبێ بگوترێ ئەرکێکی یەکجار زۆرمان لەسەر ئەو خەڵکە بوو ، بۆ نمونە ڕۆژ هەبوو ( ٣——٤ پێشمەرگە ) لە ماوەی یەک دوو سەعات لە ماڵێک خۆیان دەشوشت و تەواوی جلەکانیشیان بۆ دەشورا ، لە بیرمە جاری یەکەم لەگەڵ هاوڕێیان ( ئارام شاهین و دکتۆر ئازاد ) چونیە ماڵی کاک ( جەمالی حەمەشەریف ) هەرسێکمان خۆمان شوشت ( پلکە حەنیفی دایکی کاک جەمال ) قەبوڵی نەکرد خۆمان جلەکانمان بشۆین ، تەواوی جلی هەرسێکمانی شوشت ، ئەوە لە کاتێکدا ژنێکی بەتەمەن و کەمێک نەخۆشیش بوو .

دوای ماوەیەکی کەم بەشێوەیەکی وا لەگەڵ جەماوەر بەگشتی و خەڵکی هەندێک گووند بەتایبەتی وا تێکەڵ ببووین ، وەک ئەندامی ئەو خێزانانە هەڵسوکەوتمان لەگەڵ دەکرا .

لێرە بە پێویستی دەزانم بڵێم لە زۆربەی گوندەکان هەر دوو دوو و سێ سێ خانەخوێی وامان پەیدا کردبوو ، بە شێوەیەکی وا لەگەڵیان تێکەڵ ببووین کەم کەس دەیزانی کە ئێمەی پێشمەرگە هیچی ئەو ماڵانە نین .

بۆ نمونە من هەر لە گوندی ( ماستاوە ی دەشتی شەمامک ) لەگەڵ چەند ماڵێک دۆستایەتیم ئەوەندە بە هێز ببوو زۆر جار دەمگوت (

پلکە خەجیجی مام محەمەد کوردە و پلکە پەرێی مام حاجی ئەحمەدم هەندی دایکم خۆش دەویٚ ) بێشک ئەوانیش بۆ من هەروابوون بە تایبەت ( پلکە خەجیج ) هەرکە چاوی بەمن دەکەوت شاگەشکە دەبوو ، چەندین جار دەیگۆتەکوڕەکانی ( خەسرۆ و فەتاح بە قوربانی چەتۆتان دەکەم ) ئەوە ماڵەکانیشیان هەر باس ناکریٚ چەند لانەیەکی گەرم و بەڕێز بوو بۆ هەموو پێشمەرگە و بە تایبەت ئێمە ، زۆر جار ئەگەر زوو بچوباینە گوند مەجالی خواردن دروست کردن بمابایە خواردنی تایبەیان هەر لەبەر خاتری ئێمە دروست دەکرد .

ئەو دوو ماڵی ناوم هێنان ( پلکە خەجیج و پلکە پەریٚ ) هەر ڕۆژێک پێشمەرگە بچوبایە گوند قەت بیٚ میٚوان نەدەبوون ئەوەندە ڕووخۆش و بەڕێز بوون خۆیان و کوڕ و کچ و بوکیان .

من زۆرتر دەچوومە ماڵی ( مام ئەحمەد کوردە و پلکە خەجیج ) زۆربەی کات خۆ شوشتن و ئیسراحەتم لەویٚ بوو ئەو دوو ژنە بەڕێزە وەک کوڕی خۆیان لیٚیان دەڕوانیم ، کوڕەکانیشیان ( خەسرەو و فەتاح ) حیسابی برایان بۆ دەکردم ، کچەکانیشیان ( قومری ، شیرین , بەلقیس ) وە خێزانی کاک ( خەسرەو ) ( عەتیە خان ) هەمان حیسابی برای گەورەیان بۆ دەکردم ، بە شێوەیەک چەندین جار ( قومری خان خێزانی کاک زرار ) بە زۆری و وەک فەرمان ( امر ) خۆ شوشتن و جل گۆڕین و جل شوشتنی بۆ دەکردین .

ڕەنگە ئەگەر بمەویٚ لەو بارە بنوسم و ناوی یەکە یەکەی ئەو خێزانە بەڕێزانە بنوسم بە بەشێک یان دە بەشیش تەواو نابیٚ ، هەر لەبەر هەندیٚ

لێـره بەو یەک دوو نمـونەیه ئێکیفـا دەکەم ، له شـوێنی دیـکه و به پێـی پێویسـتی نوسـینەکان له هـی دیـکەش دەدوێـم ، لێـرەش تەنهـا نـاوی چەنـد ماڵێکی گوندی (ماستاوه) ئاماژه پێدەدەم که بۆ مـن هاوڕێیانی دیکەش هەمـان خزمەتیـان کـردووه ئەگەر زیـاتر نەبێت وەک مـاڵی ( مەلا عیسـا - حوسـێن ، ڕەحمـان ، تەلـعەت ، مـام عومەیـد ، حـاجی ئەحـمەد فەقـێ ......هتـد ) که هەردەم ماڵەکانیـان لانەی گەرم و پـڕ سـۆز بـوو بـۆ پێشمەرگە .

ڕەنگه خوێنەر بڵێ جا که مەفرەزه و پێشمەرگایەتیتان بەو شێوەیه بوو چ ناخۆشیەکی تێدابووه ؟؟؟ لێره دەڵێم خودی تەزیع بوون و داواکـاری خۆشوشتن و جل شوشتن ، لەگەڵ ئەو هەمـوو خۆشەویسـتی و ڕێـزەی خەڵکـیش ، هێشـتا هەر ڕووی دەویسـت و ئاسـان نەبـوو ئەگەر هەره زەحمەتەکان نەبووبێ !!! چونکه بێنه بەر چاوت چەند زەحمەت و به خۆ داشکانەوەیه داوی حەمام گەرمکردن له ماڵێکی بێگانه بکەی و تەواوی جلەکانیشت بۆ بشۆن به تایبەت بۆ ئەو گەنجانەی له شارەوه دەرچووبوون زۆربەیـان قوتـابی وکـوڕی به نـازی مـاڵی خۆیـان بـوون .

لێرەوه دەڵێم ئەو جۆره ماڵانه و ئەو جۆره خەڵکه چەند گەوره و شەهم بوون که له هەموو کاتێک به زستان و هاوین جگه له باوەش گرتنەوه بۆ پێشمەرگە ئامادەی ئەوەش بوو به کچ و ژنی خۆیان حەمام بۆ کەسێکی بێگانه ئاماده بکەن و به کچ و ژنەکانیان جل و بەرگی پێشمەرگە بشۆن و خزمەتی پێشمەرگە بکەن .




**دەروازەی گوندی ماستاوا**



**هاوڕێیان شێخە چەتۆی بەڕانەتی**

# ژیانی پێشمەرگایەتی ( ٤ )

## سەیارە وەرگەڕان

وابزانم لە کۆتایی ساڵی ( ١٩٨٦ ) بوو ، دوای عەسر وەک هەر ڕۆژێکی دیکە ، لە یەکێک لە گوندەکانی دەو ( بەستی شرغە ) بەرەو گوندەکانی نزیک ( جادەی کەرکوک - هەولێر ) دەهاتین ، نازانم چەند سەیارە بوین ، بەڵام لەبیرم ماوە من لە سەیارەیەکی ( پیکاب تویوتا ) لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێ کە ژمارەمان ( ١٧ هاوڕێ ) دەبوو لەوان ( خاڵە خولە - هۆشمەند - سورەی شێخشەروان ، شێخە کە سەیارەکەی لێدەخوڕی ) ، لە فلکەی ( کانی بزرە ) بەرەو خوار هاتین ، هەر لە نزیک فلکەکە ( سەیارەیەکی بەرازیلی سپی وابزانم هاوڕێ کرێکار لێی دەخوڕی ) زۆر بەخێرایی لە تەنیشتمان تێپەڕی ، دیاربوو ( هاوڕێ شێخە ) کەمێک هەوا گرتی و ( وەک بڵێی بیەوێ سیباقی لەگەڵ بکات ) خێرایی سەیارەکەی خۆی بە شێوەیەکی شێتانە و هەرزەکارانە زیاد کرد ، لەبەر ئەوەی سەیارەکەمان زیاد لە حەدی خۆی نەفەری لە پشتەوە بارکردبوو ، ( وەک بڵێی پێشی تەواو بەرز ببوەوە ) لەو حالەتەش سایەق

کۆنترۆڵ لەدەست دەدات بە تایبەت کە ڕێگاکە پێچاو پێچی هەبێت ( کە ئەو شوێن کەمێک پێچ و داکەوتنی ڕێگاکەی هەبوو ) ، کە بووە هۆی وەرگەڕانی سەیارەکە ، ( من بەهۆی کاریگەری کەوتن و پەڕین لە سەیارەکە دیارە هەر ئەو کات لە هۆش خۆ چوبوم و دواتریش توشی لە بیر چونەوە ( فقدان ذاکرە ) بووم تەواوی ئەو ڕوداوەم لەبیر نەماوە ئەوەی دەینوسم هی گێڕانەوەی ئەوکاتی هاوڕێیانم و خەڵکی گوندی( کانی بزرە) یە، دیارە کە هاوڕێ ( شێخە) هەوای سیباق لە کەلەی دەدات و خێرایی سەیارەکە زۆر زیاد دەکات ، بە هۆی قورسی دواوەی سەیارەکە و بەرزبونەوەی پێشی سەیارەکە و خراپی ڕێگایەکە ، کۆنترۆڵ لەدەستدەدات ( بە بڕوام سایەقێکی کارامەش نەبوو ) ، سەیارەکەی وەردەگەڕێ و ئەو هەموو هاوڕێیەی ناو سەیارەکە بەولا و ئەولای جادەکە دەپەڕن ، سەیارەکەش وەردەگەڕێتە سەر تەنیشت ، ( بە قسەی یەکێک لە خەڵکی گوندی کانی بزرە کە دوای ماوەیەک بەڕێکەوت چومەماڵیان ) زۆر بە پەرۆشەوە پرسیاری یەک بە یەکمانی دەکرد و دەیگوت ( کە ئێمە گەیشتینە لاتان دیمەنێکی زۆر کاریگەر بوو هەر یەکتان کەوتبووە لایەک بەس دەنگیناڵە ناڵ و هاوار و ئاخ و ئۆفتان بوو ، یەک سەر شکاو و یەک قاچ شکاو یەک لەهۆش چوو ....هتد ) دیارە دیمەنەکەی باش لەبەر چاو بوو بە تایبەت پرسیاری منی دەکرد ( هەر بە وەسف ) کردن چونکە منی نەدەناسی ، دیارە وەزعم لە هەموان خراپتر بووە و لە هۆش خۆم چووبووم ، ( وەک ئەو دەیگوت وزعم زۆر شڕ بووە ) .

چاک لە بیرمە بەیانی کە بە ئاگاهاتم ( یان باشتر بڵێم ) کە

بەهۆش هاتمەوە و چاوم کردەوە زانیم وا لە ماڵی ( مام قادرتەها و پلکە لەعلی ) ین سەعاتی ژوورەکەش لەسەر ( 6\10)شەش و دەقیقەی بەیانی ) بوو، کە خۆم جولاند ، هەموو لەشم ئازاری هەبوو بە تایبەت کەلەکەم ئازاری گەلێک زۆر بوو لەگەڵ جووله هەناسەم تەنگ بوو خەریک بوو دیسان لە هۆش خۆ بچم ، لەبەر هەندێ ماوەیەک جولەم نەکرد و هەستم لە خـــۆم ڕاگـــرت چـــونکە نەمـــدەزانی چـــی ڕووی داوە !!!!!!

سەرەتا وام مەزەندە کرد لەسەر ( جادەی کۆیە _ هەولێر ) توشی شەڕ یان کەمینێک هاتبین و ڕەنگە لەوێ بریندار بووبم !؟!؟، ( چونکە بەر لە دوو ڕۆژ پێشتر بەیانیەکی زوو لەگەڵ هاوڕێیانی ( لقی کۆیە ) بۆماوەی زیاتر لە سەعاتێک ئەو جادەیەمان کۆنترۆڵ کرد و چەندین کەسمان گرت ( شایانی باسە ئەو جادە کۆنترۆڵ کردنە لە کاتی بەیانی یەکەم جـــار بـــوو لەو شـــوێنە و بەو کـــاتە کـــاری وادەکـــرا ) .

هۆکاری ئەو مەزەندەیەم بۆ ئەوە دەگەڕایەوە ( وەک لە پێشتر گوتم لەگەڵ لەسەیارە کەوتن و ئازار دیتنەکە توشی ( فقدان ذاکرە ) ببووم ئەو ماوەیەم هەمووی لەبیر چووبوو بە شێوەیەک ئێستاش نایەتەوە بیرم چۆن سواری ئەو سەیارەیە بووم و چۆن هاتین و چۆن ڕۆیشتین ) واتە نزیکەی ( ٧٢ سەعات ) ی تەواوم ئەوکات و ئێستاش لەبیر چوو ، ئەو شتە وەک ڕووی نەدابێت وایە .

بەهەر حاڵ کە لەماڵی ( مام قادر ) هاتمەوە هۆش خۆم هەموو گیانم ئازار بوو پشتی هەردوو دەستم لە جادە خشابوو هەمووی بریندار بوو هەروەها دەموچاو و لوتم هەمان شت بریندار بوو ، زۆر ئازاریان هەبوو ،

بەڵام ئەوەی زۆر ئەزیەتی دەدام لاکەلەکە و پەراسوەکانم بوو ، دواتر زانیم لەگەڵ کەوتنم لەسەیارە مەخزەنەکان لە کەلەکەم چەقیوە لە هەرلایەک دوو پەراسوم شکاوە ، هەر بە هۆی ئەوەیە لەگەڵ جوولە نەفەسم دەگیرێ ، دەستی چەپیشم هەمان شت زۆر ئازاری هەبوو ، شەو هاوڕێیان وایان زانبوو دەستم شکاوە ، لەبەر هەندێ قۆڵی کراس و قاتەکەمیان دڕاندبوو ، بە باندج جوان پێچابوویان و تەواوی برینەکانیان تیمارکردبوو .

ئیتر بەو شێوەیە مامەوە تا هاوڕێیان و ماڵی ( مام قادر ) لەخەو هەستان و دەستیان کرد بە نان دروست کردن ، لەو کاتە ( پلکە لەعلی ) هاتە ژوورەکە و یەکسەر هاتە لای من بۆ ئەوەی بزانێ وەزعم چۆنە چونکە شەو دیارە لە هەموان خراپتر بویم ، دەنا چەند هاوڕێیەکی دیکەش هەر لە هەمان ژوور بوون ، بەڵام ئەو بە هێواشی گوتی ( کاکۆ کوی ) کە وەڵامم دایەوە زۆر دڵخۆش بوو چەند جارێک گوتی ( هەی لە خوای بەزیاد بی ) لەگەڵ ئەو قسانە هاوڕێیانی دیکەش بە ئاگا هاتن ئەوجا زانیم هەر من نیم و هاوڕێی دیکەش بریندارن و سەیارە وەرگەڕاوە ..... هتد

شایانی باسە هاوڕێ ( خاڵە خولە ) سەری زۆر شکابوو هاوڕی ( سورەی شێخ شەروان ) قاچی شکابوو ، جەند هاوڕێیەکی دیکەش بریندار ببوون .

## شێوە نوکتەیەکی ئەو ڕووداوە

هاوڕێ ( کانەبی گچکە ) ڕابەری سیاسی لقەکەمان ( لقی دەشتی هەولێر ) بوو ، لە کاتی مەفرەزەکان دەچوینە هەر گوندێک هەوڵی لەگەڵ

گەنجەکان دەدا بۆ ئەوەی ببنە پێشمەرگە ، شایانی باسە هەوڵەکانی بەرهەم دار بوون چەند گەنجێک کە لە خێزانە شیوعیەکانیش نەبوون بە ئوسلوبی خۆی هێنابوونیە ڕیزی پێشمەرگایەتی ، دیارە بەشێک لەو بریندار و قاچ شکاوەی ڕووداوی سەیارە وەگەڕانەکەی هاوڕێ ( شێخە ) لەو گەنجانە بوون ، هەرچەندە ئەو کات من بێ هۆش ببووم بەڵام هاوڕێیان دەیان گێڕایەوە کە لەکاتی لەسەر جادە هەر یەک کەوتبوە لایەک ناڵە و ئاخ و ئۆفیان بوو ، هاوڕێ ( کانەبی ) بە دیارە ئەو هاوڕێیانە دەهات و دەچوو و لە چۆکی خۆی دەداو دەیگوت ( ئەی هاوارم هەیش ئەوەی چەند مانگە کۆم کردبۆوە شێخە هەمووی فەوتاند ) .



**چەتۆی بەڕانەتی پلکە لەعلی**

# ژیانی پێشمەرگایەتی ( ٥ )

## پیس و پۆخڵی ( ئەسپێ )

کێشـــــەیەکی دیکــــــی هەرە ســــــەرەکی لە ژیــــــانی ڕۆژانەی پێشمەرگایەتی ، نەبونی جلوبەرگی خاوێن و گرنگی دان بە خاوێنی بوو ، بە حوکمی ئەوەی بەردەوامی جەولە و گەڕان و سوڕان و نەمانەوەی زۆر لە هیچ شوێنێک و نەناسین یان نەبوونی خزم و کەس لە ناو دێهاتەکان ، ( بەتایبەت بۆ ئەو پێشمەرگانەی خەڵکی شار یان هاوڕێیانی عەرەبمان کە خەڵکی شارەکانی خوارووی عێراق بوون و زمانی خەڵکەکەیان نەدەزانی ) ، خۆ شوشتن و جلوبەرگ شوشتن ( بەتایبەت لە زستانان ) زۆر زەحمەت بوو ، لەبەر هەندێ بەناچاری دەبوو خۆ لەگەڵ پیسی و چڵکنی ڕابێنین ( کە یەک لە کارە هەرە زەحمەتەکان بوو ) ، بێشک لەو حالەتەش زۆر بە ئاسانی مێرووی مشەخۆری وەک ( ئەسپێ و کێچ ) زۆر دەبوون ، بە تایبەت (بەڕێز ئەسپێ ) .

دوای ئەوەی ســەیارەکەمان وەرگەڕا و چەنــد هــاوڕێیەک توشــی پێکان و برنیدار بوون هاتن و هەندێک هاوڕێی برینداری شەڕی ( هێلەوە ) شمان هەر مابوون چونکە برینیان سەخت بوو وەک هاوڕێ ( برایمی قەرەچوخ ) و ....هتد .

بە ناچاری هاوڕێیان بیریان لەوە کردەوە کە بنکەیەکی کاتی وەک خەستەخانە دابنێن ( چونکە ئەو کات هیچ بارەگامان نەبوو تەنها لە مەفرەزە و جەولە دابووین ) ، ئەوەبوو لە گوندی ( بەلەبان ) خانوێکی چۆل بۆ ئەو کارە دەست نیشان کرا ، پێداویستی تایبەت ئامادە کرا و چەند هاوڕێیەکیان وەک چاودێری و خزمەت کردنی هاوڕێیان دەست نیشان کرد ، دکتۆر دەست نیشان کرا ، هەتا ڕادەیەکی باش کارەکان باش بوون و خزمەت و داو و دەرمان و ئەرکی پزیشکی زۆر چاک بەڕێوە دەچوو .

شایانی باسە بەردەوام یەک لە هاوڕێیان ( دکتۆر سەعید و دکتۆر ئازاد ) لامان بوون چاودێریەکی زۆر چاکیان دەکردین و گرنگیەکی زۆریان بە کارەکەیان دەدا ، ئەوەبوو لە ماوەیەکی کەم وەزعمان بەرە و باشی چوو ، لە باری خواردن ، هەرچی هاوڕێیانی دکتۆر داوایان بکردایە ئامادە دەکرا ، بە شێوەیەک زۆربەی ڕۆژەکان گۆشت هەبوو ، زۆرجار لە گوندەکان (عەلەشیش ) یان دەکڕی و بۆیان ئامادە دەکردین ، دەتوانم بڵێم هەرچی (عەلەشیش - قەل ) ئەو گوندانە هەبوو بۆ ئێمەیان کڕی ، جارێکیان چەند دانەیەکیان هێنا زۆر گەورە بوون من تا ئەو کات ( نێرە عەلەشیش _ قەل )ی وا گەورەم نەدیتبوو ، هیچیان لە ( دوازدە کیلۆ ) کەمتر نەبوون ، بە شێوەیەک ئەوەندە چەوریان هەبوو هاوڕێ ( کاوە چاوشین ) چەوریەکەی لە شوشەیەک گرت وەک زەیت بە کاری دەهێنا بۆ چەک خاوین کردنەوە و چەورکردنی چەکەکەی .

ئیتر وردە وردە تەندروستیمان بەرەو باشی دەچوو بە هۆی گرنگی دکتۆرە دڵسۆزەکانمان و گرنگی دانی هاوڕیانمان بە خزمەت کردنمان ،

تەنها ئەوەی زۆر لێی بێبەش بووین خۆ شوشتن بوو لەبەر دوو هۆ یەکەم نەساخی خۆمان دووەم ساردی زستان ، بۆ خۆ شوشتن دەبوو بچینە گوندەکانی نزیک ( جادەی کەرکوک - هەولێر ) وەک گوندەکانی ( باغەمرە و مورتکە و گردەڕەشە ) کە دۆست و لایەنگری خۆمانی زۆر لێبوو ، ئەوەش بۆ ئێمەی نەخۆش و بریندارەکان زۆر زەحمەت بوو ، لەبەر هەندێ پیسی و پۆخڵی زۆر لە حەددی خۆی زیادی کرد ، زۆر هاوڕێمان باسی پەیدا بوونی ئەسپێیان دەکرد و شەوانە هەستمان بە خورانی لەشمان دەکرد ، ناوە ناوە هاوڕێیان وەزعیان باش دەبوو ، وەک بڵێی لە نەخۆشخانە دەردەچوون و مەجالی خۆشوشتن و خۆ گۆڕینیان دەست دەکەوت و خۆیان خاوێن دەکردەوە.

من لەو وەزعە زۆر دواکەوتم چونکە چەند پەراسوەکم شکابوو ، دیارە چاک بوونەوەی زەحمەتتر بوو ، بەهەر حاڵ دوای ( بیست ڕۆژێک ) هەر لەبەر بێزاری بەبێ چەک بەگەڵ مەفرزە کەوتمەوە ، چوینە چەند گوندێک ،ڕێک نەکەوت خۆم بشۆم و جلوبەرگم بگۆڕم ، دەتوانم بڵێم یەکجار پیس و پۆخڵ ببوم .

لە بیرمە ڕۆژێک لە گوندی ( دووشیوانی سەیدان ) ، بەر لە نیوەڕۆ لە پشت مزگەوتی گوندەکە لەبەر ڕۆژ دانیشتبووین ، ڕۆژێکی خۆش و گەرم بوو ، وەختی کۆتایی زستان خۆدانە بەر ڕۆژ زۆر خۆشە ، هەروا لەبەر بەرۆچکەی مزگەوتی دێیەکە خۆمان دابوە ڕۆژ و خەریکی قسە و باسی گشتی بووین و چاوەڕێی کاتی تەوزیع بوونی نیوەڕۆ بووین ، هەستم بە خورشتەکی زۆر دەکرد لە هەموو لەشم ، بە تایبەت لە شوێنی

پشتێن بەستن و هەردوو قۆڵی کراسەکەم و بن باخەڵم ، بە ئاساییم وەرگرت چــونکە مـــاوەیەک بـــوو شـــەوانە هەســـتم بەو خورشـــتە دەکـــرد .

بەهەر حـاڵ دوای مـاوەیەک پێویسـتم بەسـەر ئـاو بـوو لە کـاتی بەستنەوەی (بەنە خۆێن - دۆخین ) ەکەم سەیری شوێنی خورانەکەم کرد ، بینـیم گیانـدارێکی سـەیر و عەجایـب لە ( نیفـۆی بێجـامەکەم - شـوێنی گرێـی لاسـتیکەکە ) کەوتە بەرچـاوم لە ژیـانم شـتی وا ناشـیرن و سـەیرم نەدیبوو، ( هەر بە ناقیلەی عەسکەری دەچوو )بە هەر حاڵ بە دوو پەنجە گرتم و خۆم پێچایەوە و چومەوە لای هاوڕێیان ، لە ڕێگا هەستم دەکرد لە نێوان دوو پەنجەکەم جولە جـول دەکـات , دیـار بـوو زۆر گەورە و بە هێز بـوو دەیویست خۆی دەرباز بکات ، بەڵام وەک دەڵێن ( کەوتبـووە دەست کـوێران ) حاڵی شڕ بوو .

گەیشتمەوە لای هاوڕێیان گوتم ( هاوڕێیان دەعبایەکی سەیرم گرتـووە کێ دەزانێ چیە ،( چونکە من یەکەم جارم بوو شتی وام دەدیت یان ئەگەر لە ڕابردوو بینیبیشم لەبیرم چووبـوو) هاوڕێیـان هەمـوو سـەیریان کـردم بزانن چیە ، منیش دەستی چەپم پان کردەوە و دەعباکەی نـاو پەنجەکـانی دەسـتە ڕاستم خستە نـاو لەپـی چەپـم ، یەکسـەر هـاوڕێ ( حـاکم وریـای هەولێـر ) هاواری لێهەستا و گـوتی ( کورە ئەوە ئەسپێ یە لە کوێ گرتت ) گـوتم ( وەڵلا لە ناو جلو بەرگی خۆم ) یەکسەر دەستیان بە پشکنینێکی وردی جلو بەرگم کرد ، چیمان دیت !؟ !؟ !؟ هەربـاس نـاکرێ یەکپارچە ئەسپێ بـوو ، بە شـێوەیەک هـیچ لـۆچێکی جلـو بەرگـم نەبـوو پـڕ ئەسـپێ نەبیـت ، ئەوە جلەکـانی ژێـرەوە هەر بـاس نـاکرێ هـیچ گرێیەکـی دوورمـان نەبـوو پـڕ

(ڕشک -گەرای ئەسپێ ) نەبێت یەکپارچە لەگەڵ گەرای ئەسپێ سپی ببوو .

هاوڕێیان زۆر لایان سەیر بوو چۆن بەو حاڵە ئیدارەم کردووە و هەتا ئێستا دەنگم نەکردوە، تۆمەز نەمدەزانی ئەسپێ چیە و چی لە مرۆڤ دەکات ، ئەو خورشت و خورانەم بە ئاسایی وەرگرتبوو ، هەرچەندە شەوانە زۆر بەزەحمەت دەخەوتم .

بەهەر حاڵ گوتم ( باشە ئێستا چ بکەم چۆم خۆم خاوێن بکەمەوە ، چۆن لە دەست ئەو لەشکرە مشە خۆرە دەرباز دەبم ؟؟؟ ) هاوڕێ حاکم گوتی ( دەبی جلەکانی ژێرەوە فڕێ بدەی و قاتەکەش بکوڵێنی ) ، ئیتر بیرم کردەوە ئێوارە ئەگەر بچینە گوندی ( باغەمرە نەرمە ) بە خۆشوشتن و فڕێدانی جلوبەرگە پیسەکان گۆڕینی قاتەکەم خۆم لە ئەسپێ فەندی ونەوەکانی دەرباز دەکەم ، چونکە جل و بەرگی زیادە و یەدەگم لەوێ هەبوو .

## گوندی باغەمرە و ماڵی پلکە گوستان

لە گەندی ( باغەمرە ) ولە ماڵی ( پلکە گوستان ) کە ژنێکی زۆر بەڕێز و خانەدان و خۆشەویستی پێشمەرگە بوو ، بەتایبەت لەگەڵ هاڕێیانی ئێمە و من وەک خانەخۆێی خۆم هەردەم دەچوومە ماڵی ئەو ژنە سەلارە و زۆر ڕیزی یەکترمان دەگرت ، ئەو ( پلکە گوستان ) ە ش یەک بوو لەو ژنانەی کە دەمگووت ( بەقەدەر دایکم خۆشم دەوێن ) ، لە ڕاستیدا ئەویش وەک کوڕەکانی خۆی ڕووخۆش بوو لەگەڵم .

ئێوارە دەست بە دوعا بەڵکوو بچنیە ( باغەمرە ) بەختم هەبوو

ڕۆیشتین ڕێک چوینە ئەوێ ، بێ خۆ دواخستن چومە ماڵە خانەخوێم ( پلکە گوستان ) کە چاوی پێم کەوت زۆر دڵخۆش بوو چونکە هەر لە کاتی ڕوداوی سەیارە وەرگەڕانەکە نە چووبوومە ماڵیان ئەویش زانیبووی کە وەزعم باش نەبووە ، زۆر بە دڵخۆشی فەرمووی لێکردم ، بەلام دانەنیشتم و گوتم ( جلە زیادەکانم بدەنێ کەلکی دانیشتنم نیە با جارێ خۆم بشۆم و جلەکانم بگۆڕم دوایێ دادەنیشم ) ، ئیتر جلەکانم وەرگرت و چومە حەمام و جوان خۆم شوشت و جلە بێکەلکەکانم خستنە ناو ئەو ( کیسە - عەلاگە) ی جلە خاوێنەکەی تێدابوو ، باش گرێمدا نەوەک ئەسپێیەکانی ناوی دەرچن ، جلە خاوێنەکانم لەبەر کرد و ئەوجا چومە سەر سفرەی حازر و گەرمی ( شلە ساوار بە گۆشتی ماڵی پلە گوستان ، کە بەدەستی پەروین خانی کچی ئامادە کرابوو ، شایانی باسە پەروین خانی خوشکی بەڕێزمان کابانێکی کارامە و دەست ڕنگین بوو ) ، دوای نان خوادن بە کورتی و چڕی مەسەلەکەم تێگەیاندن ، چۆن کیسەکە بسوتێنن و قاتەکەشم بۆ بکوڵێنن بۆ ئەوەی پاک بێتەوە .



شەهید کۆسرەت شەهید د.سەعید هاوڕێ منعم حاکم وریا

## ژیانی پێشمەرگایەتی ( ٦ )

### خەو و ئیسراحەت

کێشــە و ناخۆشــیەکی دیــکەی ژیــانی پێشــمەرگایەتی خەو و ئیســراحەت بــوو ، کە پێویســتیەکی جەســتەییە هەمــوو گیــان لەبەرێــک پێویستی پێی هەیە ، بێگومـان بە گـوێرەی کـات و مانـدووبوون و تەمەن و ...... هتد مرۆڤ و هەموو گیانلەبەرێک دەبێت لە دوای ماندوو بوون یان بە ئاگایی و بێداریەک پێویستی بەخەو و پشودان هەیە ، دەنا ڕەنگە توشی جۆرێـک شـپرزەیی و میـزاج تێـک چـوون ببـێ ، کە زۆر جـار بەرامـبەر کارێکی ئاسایی پەرچەکرداری نارێک و ڕەنگە بۆ پێشمەرگە ( چونکە چەکدارە) شتی نەخوازراو بە هۆی کەم خەوی یان بێ خەوی زیاد لە ڕادە ڕووبدات.

بێگومــان پێشــمەرگە بە هــۆی بــاری نائاســایی و ترســناکی ئەو وەزعــانەی پێدا تێدەپەڕی هەرگیـز بـۆی نـاگونجێ کـاتی خەو و پشـوی پێویست دیاری بکات و ڕاحەتی تەواو و پێویست بدات بە جەستەی ، کە دەبێـتە ئـارام بـوون و هۆشـیاری تەواو و دەتـوانێ کـۆنترۆڵی تەواوی خـۆی بکات ، پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە .

شایانی باسە هەردەم لە کاتی مەفرەزە و جەولە کردن ، کێشەی بێ خەوی دروست دەبوو چونکە زۆربەی جارەکان دیاری کردنی کات و شوێن بە هۆی ئەو وەزعە نا سروشتیەی پێشمەرگە تێیدا دەژیا ، وەک پێشبینی خۆی بۆ ئامادە کرابوو نەدەهاتەوە ، جار هەبوو لەبەر باران و قوڕ ، جار هەبوو بە هۆی بوونی هێزی دوژمن و جەولەی کۆپتەر ، جاری وا هەبوو بە هۆی تێک چوونی سەیارە یان نەتوانینی پەڕینەوە لە جادەکان و دەیان هۆی دیکە ، زۆر بە درەنگەوە دەگەیشتینە شوێنی مەبەست و مەجالی خەو و ئیسراحەت دەبوو ، بە شێوەیەک چەند ساتێکی کەم ئەو مەجالە دەڕەخسا ، چونکە لهەموو حالەتێک دەبوو لەگەڵ ڕۆژهەڵات یان زووتریش بە ئاگابین لەو ئامادەی هەر پێشهاتێک بین ، بێنە بەرچاو ڕۆژێکی دوور و درێژ و ئێوارەش هەتا نیوەی شەو یان درنگتریش هەر ڕێگا ببرە جاچ بە سەیارە یان بە پێیان ، ئەوسا کەمێک کات دەما بۆ ئیسراحەت و خەو ، ئەویش کاتژمێرێک ئێشکگریت بەر دەکەوت ، ئەوسا ئەوی دیکە دەتوانرا بخەوی ، ئەوە ئەگەر هیچ ڕوداوێکی نەخوازراو و ئاوارتە ( استثنائی ) ڕووینەدابا !!!!.

ئەوە بەگشتی خەو و ئیسراحەتی پێشمەرگە بوو ، ئەگەر باس لە وردەکاری و هەندێک نمونە بهێنمەوە ڕەنگە لای زۆر کەس ( ئەوانەی پێشمەرگایەتیان نەکردووە ) سەیر بێت و هەتا ڕادەیەک جێی باوەڕنەبێت بە تایبەت لەلای نەوەی نوێی کاتی ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین ( کە جێی مەبەستی منن لەو نوسینانە )

## خەو بەدەم ڕێگاوە

ڕەنگە ئەوە شتێکی سەرسوڕهێن و باوڕە پێنەکراو بێت کەسێک لە ماندوێتی و بێ خەوی ، هەر لە ڕۆیشتن و بەدەم ڕێگاوە خەوی لێبکەوێ ، هەرچەندە من خۆم هیچ کاتێک نەمدیوە هاوڕێیەکمان بەدەم ڕێگاوە خەوی لێکەوتبێ ( مەبەستم لە کاتی بە پێ ڕۆیشتنە ) بەڵام بیستومە چەندین جار شتی وا ڕویداوە ، ئەگەر لە یادم مابێت ، لەو شێوە خەوە باسی هاوڕێیان ( ابو میلاد و جاسم خەیلانی و چەند هاوڕێیەکی دیکە ) دەکرا ، وە کاک ( حەمەی حاجی مەحمود ) لە بیرەوەریەکانی خۆی باسی هەڤاڵێکی خۆیان دەکات کە چەندین جار لە ڕێ ڕۆیشتن خەوی کردووە و ئیسراحەتی تەواوی خۆی کردووە بێ کێشە ، بێگومان ئەوە خۆی لەخۆیدا نیعمەتێک بوو مرۆڤ بتوانێ لە کاتی ماندوو بوون بەبێ ئەوەی کێشە بۆ مەفرەزەکە دروست بکات ، ڕاحەتێک بدات بەجەستەی خۆی .

## خەوی ناو سەیارە

چونکە جەولە و گەڕان و سوڕانی ئێمە زۆرتر بەسەیارە بوو ، جاری وا هەبوو ئەوەندە دەسوڕاین و ئەوەندە ماندوو دەبووین ، زۆربەی هاوڕێیان هەر لە ناو سەیارە و بەدەم ڕێگاوە خەویان لێدەکەوت ، کە زۆر جار دەبووە هۆی مەترسی دروست بوون لەسەر خۆیان و مەفرەزەکەش من قەت لە ناو سەیارە خەوم لێنەدەکەوت ( هاوڕێ ملازم هەژار بۆ ئەو مەسەلەی زۆ پشتی پێدەبەستم ) ، هەندێک جار سایقەکانیش توشی ئەو حالەتە دەهاتن و سەیارە لەدەستیان وەری دەگرت و لە ڕێ لای دەدا ( چەند جارێ ئەو

حاڵەتەم لە هاوڕێیان دیوە ، هی هاوڕێ ملازم هەژارم لە بیرە لە ڕێگایەکی هەتا ڕادەیەک خەتەر لەدەستی وەری گرت ، بەڵام زوو هاتەوە خۆ و وەزعەکەی کۆنترۆڵ کردەوە ) .

**شێوە نوکتەیەك ( شفتی و دکتۆر )**

( هاوینی ( ١٩٨٦ ) زۆربەی شەوەکان لە ناو شینابییەکانی دەشتی شەمامک دەخەوتین هەم وەک شوێن بزریەک و هەم بۆ ئیسراحەتیش باشتر بوو لە ماڵان ، هاوڕێ ( شێخە ) بیرۆکەیەکی داهێنا ، شەوان هەتا شفتی ( شوتی ) مان نەخوادبایە خەومان لێنەدەکەوت بەتایبەت خۆی هاوڕێ ( شێخە ، کەمێکیش نوەسن بوو ) جا هەر کەسێک بچوایە شوتیەکەی بهێنابایە پێی دەگوترا (دکتۆر) بە مانای ئەوەی دەرمانی پێش خەوتن ( شوتی ) دەهێنا .

شەوێک لەو شەوانە ( هاوڕێ کرێکار ) دیاربوو زۆر خەوی دەهات هەر لەناو سەیارە پێش ئەوەی بگەینە جێ خەوی لێکەوت ، کە گەیشتین و خۆمان بۆ خەوتن ئامادە کرد ، ( هاوڕێ کرێکار ) یەکسەر خەوت , دیاربوو زۆر هیلاک بوو ، خاوەن شینابییەکە کوڕێکی گەنجی ڕووخۆش بوو بە دیتنی ئێمە دڵخۆش بوو ، خۆی گوتی ( مەخەون دەچم شفتیەکی باشتان بۆ دێنم ، شفتی زۆر چاکمان هەیە ) ئیتر ( هاوڕێ شێخە و هاوڕێ دکتۆر ئازاد گوتیان باشە ئەمشەو تۆ دکتۆرمانی ) و بە دکتۆر دکتۆر ناردیان ، دوای کەمێک هاتەوە شوتیەکی زۆر چاکی هێنابوو ، شکاندی و ئامادەی کرد بۆ خواردن ، خۆشیەکەی لەوە بوو کە

هاوڕێیان دەیانگوت دکتۆر زۆر جوان وەڵامی دەدایەوە ، ئیتر دەور لە شوتی دکتۆر درا و دەست بە خواردن کرا ، ( هاوڕێ کرێکار ) نەهات دیاربوو خەوی لێکەوتبوو ، هاوڕێیان ( شێخە و دکتۆر ئازاد ) هەر بانگیان دەکرد ، دیاربوو بەخەبەر هاتبوو ، هەر لەسەر جێیەکەی خۆی بەدەم خەوەوە گوتی ( دکتۆر شفتیەکە سۆرە ؟؟شیرنە ؟؟) کوڕەگەنجەکە بە بەڵێ وەڵامی دایەوە ئەویش هەر لەسەر جێگا و بە بێتاقەتی گوتی ( مادام سۆرە و شیرنە وەرە کووز کووز بیخە ناو دەوم ) ئەوەندە خەوی دەهات دەیویست هەر لەپاڵەوە شوتی بخەنە دەمی .

نوکتەیەکی دیکە هەر لە سەر خەو

بەهاری ( ١٩٨٧ ) مەفرەزەیەک کە لە هەموو لقەکانی بە تالیۆنی (پێنج و لقی کۆیە ) پێک هاتبوو دەبوو بڕۆین بۆ بادینان بۆ کاری تایبەت ، شەوی یەکەم لە ڕەشماڵێکی نزیک گوندی ( سێوەکە ) ی دەو بەستۆڕە ماینەوە ، بەیانیەکەش تاکو دوای عەسر هەر لەوێ ماینەوە چونکە نەدەکرا بەڕۆژ لە جادەی ( مەسیف -هەولێر ) بپەڕینەوە ، بەهەرحاڵ دەمەو ئێوارە لە جادە پەڕینەوە ، دەبوو هەتا بەرەبەیان هەر بڕۆین چونکە مانەوە لەو ناوچەیە ترسناک بوو ، ئیتر هەتا دەمەو بەیان هەر ڕۆیشتین ، دەوری سەعات سێی و نیوی بەیانی ) گەیشتینە ناو ڕشماڵەکانی ماڵی ( مام حاجی عەودی باوکی دەلال ) کە ماڵە مەڕدارێکی سەر بە عەشیرەتی ( هەرکی ) بوون ، لە دیوەخانەکەی ئەو لاماندا ، لەبەر ئەوەی دەمەو بەیان بوو هاوڕێیان گوتیان هەر یەکەو ( نیو سەعات ) هەر لەسەر جێگا وەک ئێشکگر بە ئاگابن ، بۆ بەدبەختی من دووەم کەس بووم ئەو ئێشک گریەم

بەر دەکەوت ، هێشتا خەوم لێنەکەوتبوو هاوڕێی تەنیشتم ئاگاداری کردمەوە کە نۆرەمە و ئەو لێی خەوت ، ئیتر کاتی خۆمم تەواو کرد هاوڕێی تەنیشتم کە ( هاوڕێ حاکم وریای دەشتی هەولێر بوو ) ئاگادار کردەوە کە نۆرەی ئەوە ، چونکە زۆر ماندوو بووین ، ئەو پێشی من خەوی لێکەوت ، ناچار دووبارە بانگم کردەوە و گوتم ( ئاگادرابە مەخەوە ) کەمێک لای گران بوو بەڵام دەنگی نەکرد ، ئەوەندەی نەبرد دیسان خەوی لێکەوتەوە ، ئەوجارە بەتوڕەیی بە ئاگام هێنایەوە ، زۆر لای گران بوو گوتی (ئەوەچیە خۆت پێ لەمن چەلەنگ ترە کوا خەوتوم ) هاشای لە خەوتنەکەی دەکرد ، لە دڵی خۆم گوتم ( من بتناسم دیسان خەوت لیدەکەوێ قیروسیا لە ماندوو بوونی خۆم ئەو جارە دەبی لە شێوەیەکی وا بتگرم نەتوانی هاشای لێبکەی )، ئەوەندەی نەبرد دەستی کرد بە پرخە پرخ ، لێگەڕام تا تەواو چوە قوڵایی خەو ، لەسەرخۆ بە دوو پەنجە لوتیم توند گرت ، هەناسەی گیرا و دەستی کردە لرخە و پرخە لە ئەنجامی گیرانی لوتی بەدەستی من ، کاتێک بەخەبەر هات بینی هەردوو کونە لوتی بە دووپەنجەی من گیراوە ، زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی ( وەڵڵا ئەو جارە خەوتبووم ) ، تا ئەوندە جارە خەوت و بە خەبەر هات ماوەی ئێشکگریەکەشی کۆتایی هات و هاوڕێی دوای خۆمانی ئاگادار کردەوە و خەوتین .

### خەوی پچڕ پچڕ

زۆربەی شەوەکان ئەوەندە خەو و ئیسراحەتەی دەست دەکەوت بە پچڕ پچڕی بوو بە دووجار و سێجار هەر زۆر ئاسایی بوو ، شەو هەبوو چەندین جار

شوێن گۆڕکی یان دەبوو بە ئەگا بێین ، یەک لەو جارانە لە هاوینی ( ١٩٨٧ ) بوو ئێمە چەند هاوڕێیەک بووین لە دەشتی شەمامک بۆ کاری تایبەت چووبووین ، لە نیوەی شەو هەتا بەیانی ( ٩ نۆ جار ) خەوتم و بە ناچاری بە ئاگا هاتم هەر تێر خەو نەبووم بە ناچاری دەمەو بەیان کە دوای چەند جار جێ گۆڕکێ ، لە سەر شینایی ( عبداللەی مام سمایل شوانی دوستەپە ) بووین ، بێزار بووم بە ناچاری دەست و چاوم شوشت و وازم لەخەو هێنا.

## ئاراستە لێگۆڕان

زۆرجار لەبەر کەم خەوی توشی حالەتی سەیر دەبووین ، کە ئاراستە لێگۆڕان بوو ، من دووجار توشی ئەو حالەتە بووم ، جارێکیان لە ناو شینایییەکانی گوندی ( عەوێنە ) بوو ، کاتی ویستمان بخەوین ، بەمەزەندەی من بەیانی ڕۆژ لەولایە هەڵدێ ، لەبەر هەندێ دەبێ لەلای دیکە بخەوم بۆ ئەوەی زوو نەکەومە بەر ڕۆژ بەیانیەکەی کەمێک زیاتر بخەوم ، هەرچەند ( هاوڕێ کانەبی ) جەختی لەوە کرد کە هەڵەم، من هەر پێداگریم کرد ، بەیانی دەرکەوت بە هۆی کەم خەوی سەرم لێشێوابوو پێچەوانەکەی ڕاست بوو ، جارێکی دیکە چالاکیەکمان لەسەر جادەی ( مەخمور - هەولێر ) ئەنجام دابوو ، لەبەر ئەوە دەبوو ناوچەکە بەجێبهێلین نەوەک بەیانی هێزی دووژمن بێتە ناوچەکە ، ئیتر شەو درەنگ ڕۆیشتین بۆ کەندێناوە ، لە ڕێگا وا هاتە بەرچاوم سەیارەکان بەرەو دوا دەڕۆن نەک بۆ پێشەوە ، بە سەرسوڕمانەوە گوتم

( ئەوە لەبەرچی بەرەو دواوە دەڕۆن ؟ ؟! ؟! ) هاوڕێیـان دڵنیایـان کـردمەوە کە بەکاریگەری بێخەوی وا دێتە بەر چاوم ، دیاربوو زانیاریان لەو بارە هەبوو .



**هاوڕێ کەلکە سماقی        شەهید کرێکار**

# ژیانی پێشمەرگایەتی ( ٧ )

## باران و سەرما ( بەشی یەکەم )

ناخۆشیەکی دیکەی ژیانی پێشمەرگایەتی باران و سەرما و قوڕ و لیتە و کاریگەریەکانی زستان و سەرمای زستان بوو ، چونکە لەو حالەتیش هەر دەبوو پێشمەرگە بە ناچاری بەرگەی ئەو سەرماو سۆڵەی زستان و گاریگەریەکانی بگرێت ، کە لە ڕاستیدا زۆر ناخۆش و پڕ کێشە و ئازاری جەستەیی و تەنانەت دەرونیش بوو ، بە شێوەیەک هەندێک جار دەبووە هۆی لەدەست دانی کۆنترۆڵی جولە و پەرچە کرداری خراپ .

چونکە ئەو ناوچەی سنوری جولە و چالاکیەکانمان لە دەم ( بەشتی شرغە و دەشتی هەولێر ) بوو ، هەردەم باران و سەرما زوو دەستی پێدەکرد و دەبووە سست کردن و پەکخستنی کار و چالاکیەکانمان و جولە و گەڕان و سوڕانی سست دەکردین ، زۆر جار و بەناچاری دەبوو لە نزیک جادە و ڕێگایە قیر و بەردینەکان بمێنینەوە ، چونکە جولە و هات و چۆمان ئاسانتر بوو بە تایبەت کە ئێمەی پیشمەرگەکانی ئەو سنورە بۆ ڕایی کارەکانمان سەیارەمان بەکار دەهێنا کە ئەویش خۆی لە خۆیدا مەترسیدار بوو بە تایبەت لەبەر هێرش و دێدەوانیی کۆپتەرەکانی ڕژێم .

وەک گوتم باران و سەرمای ئەو ناوچەیە زوو دەهات , زۆر جار

بـارانی یەکجـار و زۆر و مـاوە درێـژ ، زۆر جـار هەبـوو چەنـد ڕۆژ بەردەوام دەبوو ناوچەکە یەکپارچە دەبووە ئاو و هەموو کەند و دۆڵی ناوچەکە پڕ لە ئـاو دەبـوو ، لە زۆر کـات و زۆر شـوێن ، دەبـووە هـۆی ڕێگـا گیـران و سەیارەی بچوک دەربازی نەدەبوو جاری هەبوو سەیارەی گەورەش ، نەدەکرا ئێمەش لەبەر باران و هەستانی ئاو و سەرما دەست بەرداری کار و چالاکی خۆمـان بـین ، لەبەر هەنـدێ زۆر جـار هەوڵمـان دەدا کەلـک لە ڕۆیشـتنی پیـادەش وەرگـرین هەر هـیچ نەبێت خۆ بگەینیـنە نزیـک جادە و ڕێگـایە بەردینەکـان لەوێ هەرچـۆن بێـت سـەیارە یـان تراکتـۆر دەسـت دەکەوێ و دەتوانین سودیان لیوەرگرین .

**بۆنەی ( ٣١ ئازار )**

بە بـۆنەی ( ٣١ ی ئـازار ) یـادی دامەزرانـدنی ( حشـع ) سـاڵانە دەبـوو چالاکی عەسکەری و جەمـاوەری بکـرێ ، لە سـاڵی ( ١٩٨٨ ) بە هەمـان شێوە بڕیـارێکی لەو شێوەیە درا ، بەڵام بەهۆی بـارانی ئەوساڵ کە زۆرتـرین بـاران بـاری کارەکانمـان سـەخت و پـڕ کێشـە بـوو ، چـونکە ئەو زستانی ئەوەندە بـارانی زۆر دەبـاری ، هەر بەیەک جار پەکی خستبووین ، سەیارە هەر زۆر بە زەحمەت یان هەر لە ئاوی ( بەستی شرغە ) دەرنەدەچوو ، تاکە شتی کە دڵمان پێی خۆش بوو ئێمەی ( لقی هەولێر ) سـەیارەیەکی عەسکەری لە جۆری ( ئیڤا ) مـان هەبـوو لەو کەش و هەوای بارانـاوی و قوڕ و لیتە زۆر کەلکمان لێی وەردەگرت ،یەک دوو ڕۆژ پێش ئەو بۆنەیە بڕیار درا کە مەفرەزەیەکی هەتا ڕادەیەک گەورە بەو سەیارەی ( ئیڤا ) یە

بنێـــردرێتە خـــوارەوە ، بـــۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو هاوڕێیـــانەی لە خـــوارەوەن یەکبگـرنەوە و هەنـدێک چـالاکی شایسـتە بەو یادەئەنجـام بـدەن ، ئەوبـوو کۆمەڵێک هاوڕێ دەستنیشان کرا بەندەش یەک لەو هاوڕێیانە بووم کە بۆ بەشداری لەو چالاکیانە دەست نیشـان کـرام ، هەر لە بارەگـارەگە دەرچووین لەیەکەم بەست کە لەبەر دەمی بارەگا بوو سەیارەکەمان کە ( ئیڤا ) بـوو ، زۆر خراپ لە قـوڕ چەقـی بە شـێوەیەک تـا ئێـوارە خەریـک بـووین ئەوجا دەرچوو ، ئەویش بە هەوڵ و کارامەیی و هونەری ( هاوڕێ هەڵمەت ) کە بەڕاسـتی بە شـێوەیەکی زۆر هونەریـانە لە قـوڕ و لیـتەکە دەریکـرد ،

گەیشـتینە ئەو بـڕوایەی کە ڕێگاکـان و نـاو بەسـت ئەوەنـدەی ئـاو تێدایە و بە شێوەیەک شل بۆتەوە ( ئیڤا )ش دەرناچی , لەبەر هەندێ بڕیار درا بەیانی بە پێیان و هەر چۆنێک بێت خۆ بگەینینـە ( جادەی ( بیسـتانە - دێگەڵە ).

بەیـــابی ســـەعات دەوری هەشـــت ئەو مەفـــرەزە گەورەیە بە پێیـــان بەڕێـکەوت , سـەرەتا هەرچەنـدە ئاسـمان هەور بـوو بەڵام بـاران نەبـوو وەک بڵێـی هەوا هەتـا ڕادەیەک خـۆش بـوو ، بەڵام دوای نـزیکەی سـەعاتە ڕێیەک دوورکەوتنەوەمـان لە بارەگـا ، بـاران دایکـرد بەڵام چ باران ڕێـک شەستە بارانی بەهارێ !! وەک لولەی مەسینە ئاو دەهاتە خوارەوە ، هەر بە چەنـد ساتێکی کەم یەکپـارچە جلوبەرگمـان بە شێوەیەک تەڕ بـوو ، وەک ئەوەی مەلەوانیمـان کردبێـت ، لە حـالەتی وا ڕۆیشـتنیش قـورس و زەحـمەت دەبێت چونکە جلوبەرگەکەش ئاو هەڵدەگرێت و زۆر لە حەدی خۆی قورستر دەبێت ، کورد گۆتەنی ( جێگای وشکمان ددانمان بوو ) هەرچی چەک و

تاخم و فیشەک هەمووی تەڕ بوو ، ئاوی بەستیش بەرە بەرە زیادی دەکرد ، لە هەندێک شوێن ڕۆیشتنی پێیانیش بووە ئاستەم ، ئەوەبوو ماوەی دوو سەعاتە ڕێیەمان بە زیاتر لە ( سێ سەعات و نیو ) بڕی ، چەند هاوڕێیەک چەند جارکەوتن و هەستانەوە .

بە هەر حاڵێک بوو دەمەو نیوەڕۆ گەیشتینە ناو ماڵە مەڕدارە مەنتکەکانی ( قەبری بەتانۆک ) کە زستانە هەواری مەنتکە ڕەوەندەکان بوو , هەر زۆر بەدەست وبرد و ڕووی خۆش ئاگریان بۆ کردینەوە و نان و چایان بۆ ئامادە کردین ( شایانی باسە مەنتکە ڕەوەندەکان زۆر سەر و دڵفراوان و مێوان دۆست بوون ) ، هەتا ڕادەیەک ماندوێتیمان حەسایەوە بەڵام جلوبەرگ و چەک هەمووی تەڕ بوو ، ماوەیەک چاوەڕێمان کرد باران هەر لێی نەکردەوە ، ناچار دیسان بەدەم بارانەوە بەڕێکەوتین بە هەمان شێوە بەبەر بارانی بە خوڕی بەهاری ( دەو بەستی شرغە ) بە ناو بەست و بەست چونکە لێواری بەست لەبەر قوڕو لیتە زۆر ناخۆشتر بوو لە ناو ئاوەکە یان هەر نەدەتوانرا پێیدا بڕۆین ، ئەو مەسافە ڕێیەش کە کەمتر لە دوو سەعاتە ڕێیە ( بە زیاتر لە چوار سەعات ) بڕیمان و گەیشتینە سەر جادەی ( دێگەڵە - بیستانە ) ، دیاربوو هاوڕێیانمان کە لە خوارەوە بوون دوو تراکتۆریان بۆمان ئامادە کردبوو لەسەر جادە چاوەڕوانی ئێمە بوون , ئیتر بە تراکتۆرکان بەرەو شوێنی مەبەست بەڕێکەوتین , کە ( ئۆردووگای زۆرەملێی دارەتوو ) بوو بۆ ئەوەی نانی ئێوارە لەوێ بخۆین و( ئەگەر باران نەبێت ) شەو بچینە ناو هەولێر .

بە تراکتۆرەکان هاتین هەتا گوندی ( باغەمرە ڕەقە ) کە هەر ( ٥ - ٦ کیلۆمەتر ) لە باکوری ( ئۆردوگای دارەتوو ) بوو ، لەوێ کەمێک بارانەکەی کەم کردەوە ، هاوڕێیان بەدار وباری خانووە ڕوخاوەکانی ئەو گوندە کاولکراوە و گوزراوەیە ، ئاگرێکی باشیان کردەوە ، بۆ ئەوەی هەندێک خۆمانی پێ وشک بکەینەوە ، لەگەڵ کردنەوەی ئاگر و پەیدابوونی دوکەڵ و بەرزی شوێنی گوندەکە و دیاریی گوندەکە لە ( هەولێر ) ، هەر ئەوەندەمان زانی ( سێ هەلی کۆپتەر ) گەیشتنە ئاسمانی گوندە کە و بە شێوەیەکی کوێرانە دەستیان بە بۆردومانی گوندەکە کرد ،



**دیمەنی جوانی بەستی شەرغە لە بەهاران**

بۆردومانێکی زۆر کوێرانه ، ( شایانی باسه گوندەکه کەسی تێدا نەمابوو ماوەیەک بوو خەڵکەکەی ڕاگوازرابوونه ئۆردوگای زۆرەملێی دارەتوو ) ، ناچار هەرکەسه و خۆی دا پەنایەک و دەست کرا به وەڵام دانەوەیان به چەکی گەورە وەک ( B K C , R B G ) و چەکی دیکەش ، ئەوەبوو لەبەر کاریگەری چەکەکان و دەست کردنەوەی ئازایانەی هاوڕێیان ( کۆپتەرکان ) هەتا ڕادەیەکی باش بەرز بوونەوە و دوور کەوتنەوە .

تەقە و هێرشی کۆپتەرەکان ماوەی سەعاتێکی خایاند ، دەمەو ئێوارەش بوو لەبەر هەندێ کۆپتەرەکان بەناچاری بەرەو هەولێر گەڕانەوە بەبێ ئەوەی بتوانن هیچ زیانێک بگەیەنن ، دوای ئەوە ئێواره داهات و ورده ورده داکشاینه ناو ( ئۆردووگای دارەتوو ) و به ماڵەکان دابەش بووین ، هاوڕێیان لەبەر سەرما و باران و تەڕی جلوبەرگمان , ماوەی مانەوەیان زیاد له پێویست دیاری کرد , له بیرمه سەعات ( ١٢ دوازده ی نیوه شەو) یان دیاری کرا بۆ گەڕانەوە ، بۆ ئەوەی هەموو بتوانن جلوبەرگیان وشک بکەنەوە و ئیسراحەتی تەواو بکەن ، چونکه نەدەکرا بەو جلوبەرگه تەڕ و قوڕاویه بچینه چالاکی و ( بەتایبەت ناو شار ) .

بەهەرحاڵ بەو شێوه قوڕاوی و جلوبەرگ تەڕیه هەر دوو سێ هاوڕێ چوینه ماڵان ، من و ( هاوڕێ سالار ) چوینه ماڵی ( کاک فاروقی ترپەسپیان که دۆستی خۆمان بوو خۆی خێزانه بەڕێزەکەی میوان دۆست و خۆشەویستی پێشمەرگه بوون ) ، هەرکه گەیشتین یەکسەر جلوبەرگی خۆی بۆ هێناین و خۆمان گۆڕی ، هەتا خێزانەکەی نانی ئاماده کرد ئێمه و ( کاک فاروق ) خەریکی وشک کردنەوەی جلوبەرگی تەڕ بووین ,

دوای نان خواردنیش هەروا هەر خەریکی وشک کردنەوە بووین ، ( شایانی باسە خێزانەکەشی هاتە هاوکاریمان ، دەبێ بڵێم ئەو خانەوادە بەڕێزە ، سەرەتا بە دوو سۆبە دواتر سێڵی غازی نان کردنیشیان داگیرساند هەر بۆ وشک کردنەوەی جلوبەرگی ئێمە ) ، دەتوانم بڵێم بەهەر چوارمان هەتا نزیک سەعات دوازدە ، ئەوجا توانیمان زۆربەی شمەکەکانمان وشک بکەینەوە ( بە تایبەت ئەوانەی کە زۆر پێویست بوون ) دەنا ئەوانی دیکە هەر نەتوانرا و هەندێکمان بەجێهێشت ، من قەمسەڵە و تراکسوتەکەم بە جێهێشت و هی ( کاک فاروق )م لەبەرکرد ، بەو نیازەی دواتر بێینەوە و هی خۆمان ببەیەوە و هی ئەویش بەجێ بێلین ، ( شایانی باسە هەتا دوای ڕاپەڕینیش ئەو هەلەم بۆ ڕێک نەکەوت و قەمسەلە و تراکسوتەکەم هەر بەجێما ) .

بەر لەوەی دەوری سەعات ( ١٢ دوازدەی شەو ) بچیینەوە لای تراکتۆرەکان ، من ( گوش _ گونیە ) یەکی سپیم وەک قەمسەلەی ( بارانگیر _ مطری ) ڕێکخست و لەسەر هەموو جلەکانم لەبەر خۆم هەڵکێشا ، بە ئامانجی خۆپاراستن لە باران چونکە هەتا ئەوکاتیش هەر باران بوو بەڵام بارانێکی ورد .

کە گەیشتینەوە لای ترکتۆرەکان و هاوڕێیان بەو شێوەیە منیان دیت زۆربەیان بیرۆکەکەیان پێ باش بوو ، هەر یەکەو بە پەلە چونە ماڵ و دوکانە نزیکەکان ( گوش - گونیە ) یان هێنا و لاسایی منیان کردەوە ، هەتا ڕادەیەک کەلکی لێوەردەگیرا بە تایبەت کە سەرەتا باران کەم بوو .

هاوڕێ ( ئاسۆی مام عەلی کوتک ) هەر بۆ گاڵتە دەیگوتە (

هـاوڕێ کـانەبی گچـکە ، ئەتـو دەبـی دوو گـوش لێـک دەی دەنـا جێـت نابیتەوە چونکە قەڵەوتر بوو لە هەموان ) .

ئەو ( گونیە -گوش ) لەبەر کردنە دیمەنێکی سەیری دروست کردبوو هەمووی بەرگی سپی و یەک چەشن وەک ( زی الموحد ) وا دەهاتە بەر چـاو بـۆ نمایشـێک یـان نـاڕەزایی دەربڕینێـک بچـین ، نەک مەفـرەزەی پێشمەرگە و ئەرکی پێشمەرگایەتی ، دیمەنێکی زۆر پێکەنیناوی هەبوو .

بەهەرحـاڵ بەڕێکەوتـین بەنیـازی گەڕانەوە بـۆ گونـدەکانی نزیـک ( جادەی بیستانە _ دێگەڵە ) چونکە بەو بارانە چونە شار و چالاکی ئەنجام دان مەحاڵ بوو ، دیسان دایکردە شەستە بارانێکی زۆر بە هێز بە شێوەیەک هەمـوو ڕێگاکـان یەکپارچە ئـاو بـوو ، تراکتۆرەکـان بەحـاڵ ڕێیـان دەکـرد ، زۆر بە زەحمەت لەو ڕێگا خاکیـانەی ئەوێ دەردەچـوون ، بـاران بەشێوەیەک دەهاتە خوار ، نە ( گونیە _گـوش ) دادی دەدایـن نە هـیچ جلوبەرگێـک ، ئەو جلوبەرگەی بە ماوەی زیاتر لە ( چوار پێنج سـەعات ) و بەو زەحمەتـیە وشــکمان کــردنەوە , بە مــاوەی ( چــارەکە ســەعاتێک ) وەک خــۆی خراپتریشی لێهاتەوە ، چونکە ئەوجارە هەمووم‌ـان لەنـاو عەرەبـانەی تراکتـۆر بووین و تایەی تراکتۆرەکـان لەبەر ( خزین _ تەنـاش ) پـارچە قـوڕی وای فــڕدەدا بــۆ دواوە و نــاو عەرەبــانەکە ، یەکپــارچە گیانمــان و چەک و تاخمەکانمان بوە قوڕ و قـوڕاو ، سـەرەتا لەسـەر ( پێیـان - چیچکـان ) لەنـاو عەرەبانەکـان دانیشـتبوین ، بەڵام کە کـار لەکـار تـرازا ، مـن بۆخـۆم لەبەر بێـزاری و بێهێـزی ( وەک دەڵـێن تەسـلیم بـووم ) و چوارمەشـقی لە نـاو عەرەبانەکە و ناو ئەو قوڕ و قـوڕاوە دانیشـتم ، بـارانەکە ئەوەنـدە بەخوڕبـوو ،

قــوڕەکە ئەوەنــدە زۆر بــوو ، بە شــێوەی قــوڕاوێکی خەســت لە ژێرمــانەوە دەڕۆیشت و لە دەرگای عەرەبانەکە دەڕژایە دەرەوە .

## دوو شتی سەیر

یەکەم ( هــاوڕێ خــاڵە خــولە ) کە لە تراکتــۆری یەکەم ســواربوو وەک ( ڕێنیشــاندەر ــدەلیــل ) لە پێش هەمــوان بــوو ، خەڵکــی نــاوچەکە و پێشمەرگەیەکی دێرین و شارەزای ئەو ڕۆژگــارە سەختانە بــوو ، بە هەمــوو پێوەرێک دەبوو زۆر بەڕێکی و بێ دودڵی ڕێگا بگرێتە بەر بەرەو شــوێنی مەبەست ، بەڵام لەبەر کــاریگەری بــاران و ســەختی ڕێکــردنەکە ، ڕێگــای وون کــرد ، لە جیــاتی لە ( بــاغەمرە بەرەو میرزاغــا ) بــڕوات ، کە ڕەنــگە سەدان جار بەو ڕێگایە دا ڕۆیشتبێت ، دەبوو وەک ناو لەپی خۆی شارەزای ئەو نــاوچەیە بەگشــتی بــوایە ، کە لە ڕاســتیش وابــوو ، بەڵام بە ئاراســتەی هەڵە بەرەو گوندی ( مورتکەی گەورە ) دەڕۆیشت کە ڕێک پێچەوانە بــوو ، دوای ئاگــادار کــردنەوە ، ئەوجا هــاتەوە ســەر ئاراســتەی خــۆی و ڕێگــای مەبەستی گرت .


دووەم لەگەڵ ئەو هەمــوو باران و قوڕی تایەی تراکتۆرەکان و سەختی ڕێکــردنەکە ، وەک پێشــتر گــوتم نــاو عەرەبــانەکە یەکپــارچە قــوڕاو بــوو ، بــارانێکی وا دەبــاری دەتــوانم بڵــێم لە شەســتە بــارانیش بەهێزتــر بــوو ، بەڵام چــونکە لە بەیــانیەوە هەر لە بەر بــاران و ســەرما لە ڕێگــا بــووین و پشــوێکی پێویستمان وەرنەگرتبوو ، تەواو هیلاک و بێهێز ببوین و سەرما و هیلاکــی و

خەو دەستی لێ ستاندبووین ، من لەو حالەتە و لە ناو قوڕاوی ناوعەرەبانە و بەر ئەو بارانە بەهێزە ، هەستم کرد وا خەوێکی قورس دایگرتوم ، بە ناچاری وەک گوتم تەسلیم بووم و هەستم کرد ( کەروێشکەخەو - بۆرژان) ێکم لێهات و بۆ چەند چرکەیەک ئاگام لە خۆم نەما ، کە هاتمەوە سەرخۆم تەواو ئیسراحەتم کردبوو .


لەو ڕێ ڕویشتنە ئەو دوو شتەم زۆر لا سەیر بوو، چونکە ( هاوڕێ خالە خولە ) خەڵکی ناوچەکە و پێشمەرگەی دێرینی ڕۆژانی سەختی خەبات ، قەت نەدەبوو لەو شوێنە ڕێگا وون بکات و منی کە زۆر جاران ( هاوڕێ ملازم هەژار ) بۆ نەخەوتن و بە ئاگایی پشتی پێدەبەستم و دڵنیابوو کە هیچ مومکین نیە لە ناوسەیارە یان لە ڕێگا بخەوم ، ئێستا وا لە ناو عەرەبانەی تراکتۆر و بەو باران و قوڕ و لیتەی ناو عەرەبانەی تراکتۆر خەوم لێبکەوێ !؟!؟!؟ ، دیارە هەردووکمان لە حالەتێکی هیلاکی جەستەیی زۆرخراپ دابووین ، دەنا چۆن دەکرێ ئەو دووەمان بگەینە ئەو حالەتە سەیرە !؟!؟!؟ .

بەهەر حاڵ ئەو ڕێگایەی لە سەعاتێک زیاتر نەدەبوو ئەگەر کەمتر نەبایە ، بە نزیکەی ( ٣- ٤سەعات ) بڕیمان و دەوری بەیانی گەیشتینە ناو گۆڕستانی گوندی ( هەرەجە ) کە ژورێکی گەورەی لێبوو ، بە پارچە کۆمبارێک تەواوی ژوورەکە ڕاخرابوو ، بەڵام بێ ڕوناکی و بێ ئاگر , بە ناچاری من پێشنیارم کرد بچین لە ناو کاولە گوند هەندێک داروبار کۆکەینەوە و بیهێنین ، هەم بۆ گەرمی و خۆ وشک کردنەوە هەم بۆ

ڕوناکی ، لەگەڵ چەند هاوڕێیەک ئەو کارەمان ئەنجام دا و بڕێکی باش داری خانووە ڕوخاوەکانمان هێنا ، هەر زوو ئاگرێکی باشمان لە نزیک درەگای ژووەرکە کردەوە ، هەتا ڕادەیەکی باش کەلکمان لێی وەرگرت ، سەیر لەوە دابوو هەتا هاتینەوە زۆربەی هاوڕێیان بە جلوبەرگی تەڕ و بەو سەرمایە لەبەر هیلاکی خەویان لێکەوتبوو ، دوای ئاگر کردنەوەکەش کە ژورەکە گەرم داهات و کەمێک گەرم بوینەوە ئەوانی دیکەش هەمووی نوستین ، هەتا خۆر هەڵات بەو شێوەیەماینەوە .



شەهید کەمال هاوڕێ سالار



**نووسەر لەچەند دێڕێکدا**

***( چەتۆی بەڕانەتی )**


***فەرهاد محەمەد رەسول**

***لە دایك بووی 1965 هەولێر**

*** پێشمەرگەی دێرین**

**نووسەر خاوەن کتێبی ( کە خیانەت سنوورەکان دەبەزێنی ) و بەرنامەی داهاتووی کتێبێکە بە ناوی ( هەڵکشان بەرەو سنوور)..**

(چەتۆی بەرانەتی)
فەرهاد محەمەد رەسول
لە دایکبووی 1965هەولێر
پێشمەرگەی دێرین



# Lapara Prşngdarakan

## Pêşmarga û Pêşmargayetî

çatoy Baranatî

2019